

وارڤین
گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای وارڤین 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات
ساڵی دووەم/ ژمارەی بیست و هەشت / 68 لاپەڕە/1500 دینار/٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠
لەشفرۆشانی سلێمانی بەرەو هەولێر دێن
قەرزی بچووک بەژنان دەدرێت
شوفێری تەکسییەک ژنێکی مەسیحی رفاند
قوبادی جەلیزادە بۆ وارڤین:
ژن گەل و نیشتیمانە
ئەسیوپییە کانیش دەستیانپێکرد
هەڵکەوت زاهیر مەهای کردە گۆرانیبێژ
ژنێک جەستەی کردە مۆمی ساڵڕۆژی هاوسەرگیرییەکەی



مجمع الشفاء لاطباء الاردنيين والاتراك
وكيل مستشفيات الاردنية و التركية
اول مجمع في العراق متخصص لاطباءالعرب والاجانب



اربيل / شارع . ٤م ساحة حي الشرطة مقابل سوبر ماركيت
هبى ده ي
E-mail :shfa_mumtaz@yahoo.com
tel:0662532225
mob:+964750 470 6363 - -964770 854 6869

# اهداف المجمع

*-مجمع الشفاء لاطباء الاردنيين و الاتراك يستضيف شهريا نخبه من الاطباء الاستشارين و الاخصائين من حملة الشهادات العليا في الاختصاصات العظام و المفاصل و الدماغ و الاعصاب و العمود الفقري و القلب و الكلية و المسالك البولية ومعالجة البروستات بالناظور واستشارين في الانف و الاذن و الحنجرة العيون و زراعة القرنية ومعالجة العقم و اطفال الانابيب لتقديم افضل العلاج المتطور للمرضى العراقيين ويوفر عليهم نفقات السفر الي الاردن وتركيا وخارج العراق.

*- يقوم المجمع بارسال المرضي اللذين يتعذر علاجهم في العراق الى المستشفيات التخصصية فى الاردن وتركيا بعد تشخيص مرضهم من قبل الاطباء الزائرين الى المجمع مع تامين مستلزمات السفر من الفيزا وبطاقة الطائرة و السكن فى الشقق المؤثثة والاستقبال فى المطار ونقلهم الى المستشفيات التخصصيه لعلاجهم.

*-المجمع يستقبل التقارير الطبية من المرضى من جميع المحافظات العراقية ويرسلها الى مستشفيات التخصصية فى الاردن وتركيا لعرضها على الاطباء الاستشارين لتشخيص الامراض وتقدير الكلفة التقديرية للعلاج في الاردن وتركيا ومن ثم ارسال الجواب الى المريض مجانا.



# الاطباء الاردنيين فى مجمع الشفاء الخيرى لاطباء الاردنيين اربيل

د.حازم الدروبى
استشارى جراحة العظام والمفاصل و الكسور والعمود الفقرى و زراعة المفاصل الكتف والورك والركبة عضو جمعية الجراحين البريطانية

د. فايز عبيد عياصره
استشارى جراحة الدماغ و الاعصاب والعمود الفقرى الزمالة الانكليزية بالجراحة- لندن عضو الجمعيه الامريكيه لجراحة الدماغ والاعصاب والعمود الفقرى

د.هانى احمد عبدالعزيز
استشارى جراحة الدماغ و الاعصاب و العمود الفقرى الزمالة الكندية زميل كلية الجراحين الامريكيه لجراحة الدماغ و الاعصاب والعمود الفقرى

د.عرفات ايوب النعيرات
مستشار اول طب و جراحة الانف و الاذن و الحنجره و زراعة القوقعه زميل كلية الجراحين الملكيه البريطانيه FRCS زميل كلية الجراحين الدوليهFICS عضو كلية الجراحين الارلنديه عضو الاكاديميه الالمانيه و الامريكيه لجراحة الليزر رئيس فريق زراعة القوقعه فى مدينة الحسين الطبيه

د. منتصر الرواشده
مستشار جراحة الكليه و المسالك البوليه و العقم الزمالة الالمانيه فى جراحة المناظير واورام الكليه و المسالك البوليه و البروستات البورد الاوروبى فرنسا البورد الاردنى الاردن

د. عبدالملك محمد عبدالملك
استشارى اول النسائيه والتوليد و العقم زميل كلية الجراحين الملكيه البريطانيه

د. حسين الطراونه
استشارى امراض النسائيه و التوليد والعقم و اطفال الانابيب استشارى اورام النسائيه و التوليد استشارى اورام و جراحة الثدى البورد الالمانى لجراحه الامراض النسائيه و التوليد و العقم و اطفال الانابيب

د.عيس حسين درادكه
استشارى جراحة العيون و زراعة القرنيه البورد الايطالى لجراحة العيون و زراعة القرنيه

د.جمال حبيقه
استشارى الامراض الباطنيه و ارتفاع الضغط الدم و تنظير الجهاز الهضمى البورد الفرنسى فى امراض و تنظير الجهاز الهضمى من جامعة مونبليه

د.محمد على المعاطيه
استشارى جراحة الوجه والفكين زميل كلية الجراحين الملكيه البريطانيه لندن و كلاسكو زميل الاكاديميه العالميه لاورام الفم زميل الاكاديميه الاوروبيه و البريطانيه لجراحة و تجميل الوجه



warvin.press@yahoo.com

**WARVIN.ORG**





خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:

**لەنجە عەبدوڵلا**

Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:

**تەنیا کوردی**

tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین:

**بەهرە حەمەڕەش**

behre2009@yahoo.com

**راوێژکاری یاسایی:**

فەوزیە فەقێ رەشید

**راوێژکاری دەروونی:**

د. توانا عەبدولرەحمان

**کۆمەلایەتی:**

ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:**

ئەرسەلان عەبدوڵلا arsalansport@gmail.com

warvin.press@yahoo.com

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

**رێباز عەبدوڵلا**

**٠٧٥٠٤٦٢٤٥٠٦**

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان


**سەرپەرشتیاری سەنتەری رۆشنبیری فەرەنسی ئیمێلی بەنازێت**

وارڤین

# ئەوەی لە تورکیـ

ئەوە گۆڕینی چەند خاڵێکی دەستووری ئەو وەلاتە نییە کە کەمالیستەکانی شلەژاندووە، نەخێر. ئەوان خۆیشیان دەیانتوانی ئەو گۆڕینە یان زیاتریش لەدەستوردا بکەن. ئەوەی کەمالیستەکانی خستۆتە شوێنگەیەکی ناجۆرەوە، لەبنەڕەتدا پەیدابوونی هێزێکی وەک پارتی دادوگەشەپێدان، هەروەها سیاسەتوانێکی وەکو رەجەب تەیب ئەردۆگانە.

**سیروان رەحیم**

لەتورکیا ئیتر کەس گومان لەوەناکات، ئەردۆگان (١٩٥٤) ئەو سیاسەتکارەیە دەتوانێ وڵاتەکە سەرتاپا بگۆڕێت.

ئەو بەسوودوەرگرتن و باشبەکارهێنانی ئەو دەرفەتانەی لە وڵاتەکەدا هەیە، بەردەوام لەخەمی ئەوەدایە چۆن نەخشەکانی خۆی جێبەجێ بکات. نەیارەکانی پێیانوایە، پیاوێکە ترسناک، بەڵام یارانی دەڵێن: رەجەب رزگارکەرە.

بەڕاستی ئەو پیاوە دەیەوێت تورکیا بگۆڕێت. بەڵام چۆن و بە چ ئاقارێکدا؟

دیارە خەیاڵێکی خاوە باس لەهەبوونی نیمچە دیمۆکراسی لە تورکیا بکەین، نەک دیمۆکراسی. یان هەتا شێوازێک لەدیمۆکراسی، ئەوەی لەو وڵاتە هەیە تێکەڵەیەکی سەیرەو پێناسەکردنی سەختە. دیارە کەسیش نکوڵی لەوەناکات لەوێ دەرفەتێک هەیە، دەرفەتێک بەبەراورد لەگەڵ کەشی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا جودا، بەڵام چونکە تائێستا ئەو دەرفەتە لەژێر ترس و تارمایی ژەنەراڵەکاندا بووە، بۆیە نەک مایەی دڵخۆشی نەبووە، بەڵکو لەلایەن هەندێک کەس و لایەنی سیاسییەوە بەجۆرێک لەچاوبەست و خاپاندن بیندراوە یان هەڵسەنگێندراوە.

دەسەڵاتی ژەنەراڵەکان لە تورکیا، دەسەڵاتی راستەقینەی دەوڵەتە. "دەوڵەتی قووڵ" ئەو زاراوەیەی لە تورکیا ئاماژەی پێدەکرێت بۆ ناوی ئەو دەوڵەتە راستەقینەی لەناو دەوڵەتدا کار دەکات و هەمووان بەڕێوەدەبات. ئەو کۆمەڵە ژەنەراڵە ئەوەندە بەهێزن چییان ویستبێت و کەی ویستبێتیان کردوویانە. هەموو ئەو پارت و سیاسییانەی بەرلەهاتنی پارتی دادوگەشەپێدان بەدەسەڵاتدا تێپەڕین، هەموویان لیستۆکی "ئامرازی یاری پێکردن" دەستی ئەو هیزە بوون. بەڵام پارتی دادوگەشەپێدان بەجۆرێکیتر هات و بەجۆرێکی جیاوازیش دەستی بەکار کرد. ئەردۆگان و هاوکارانی نەکەوتنە بن ئەو دەسەڵاتەی ژەنەراڵگەل و ئەو دەسەڵاتەیش مەیلی دۆستایەتی بەرانبەریان پێشان نەدا.

ئێستا ئەوەی لە تورکیا روو دەدەات چییە؟

خواستی گۆڕینی ئەو دەسەڵاتەیە. خواستی رووخاندنی ئەو دەوڵەتە "قووڵ" و ترسناکەی ژەنەراڵەکانە. بەڵام بەشێوەیەکی ئارام و بەئاشتیانە. بەجۆرێک لەچوارچێوەی "دەرفەتە رەخساوەکەی تورکیا" نەترازێت. ئەردۆگان دەیەوێت یەک دەوڵەت و یەک دەسەڵاتی یاسایی هەبێت. بۆ ژەنەراڵەکان ئەمە ترسە گەورەکەیە. دەنا پرسی دەستوور و گۆڕینی ئەو خالانە، با زۆر گرنگ و کاریگەریش بن، بۆ دەسەڵاتی سەربازی ئەو مەترسییە گەورەیەی نییە.

※

نەخشەی ئەنجامەکانی ریفراندۆم لە تورکیا بەروونی بەهەمووان دەڵێت:

لەو وڵاتەدا سێ هێز هەن، پارتی دادوگەشەپێدان، کەمالیستەکان و کوردەکان، هێزەکەی پارتی دادوگەشەپێدان دیارە لەناویاندا گەورەترینە. ئەم هێزە بەردەوام لەخۆپاراستن و گەشەسەندن دایە. بەردەوامیش دەبێت. چونکە هۆکار بۆ ئەو بەردەوام گەشەسەندنە زۆرە. ئەردۆگان "یاریزانێکی شارەزایە" لەبواری سیاسەتی تورکیادا سالانێکی زۆرە لەدیرۆکی نوێی تورکیادا سیاسەتوانی وەک ئەردۆگان دروست نەبووە.

دیارە ئەگەر پارتی دادوگەشەپێدان بتوانێ بڕواو متمانەی خەڵکە کەنارنشینەکەی تورکیا بەدەستبهێنێت، بەتایبەتی هەرێمی "ئەگە" سەر دەریای ئیجە، ئەگەر دڵنیایی ئەوە بەو خەڵکەی ئەوێ بدات کە سیستەمێکی ئیسلامی توندڕەو ساز ناکات، ئەوە لەداهاتوودا "لەوانەیە" بتوانێ دڵی زۆربەیان بۆ لای خۆی رابکێشێت. کاتێک ئەوە رووبدات، هەرچەندە ئەوە زۆر سەختەو لەئێستەدا رووداني شتێکی وەها نیمچە مەحاڵە، رەوشەکە زۆر جودا دەبێت. ئایا ئەو دەمە ئیتر ئەردۆگان پێویستی بەدەنگی کوردەکان دەبێت؟

دیارە کێشەی ئەردۆگان و تورکیا لەگەڵ کوردەکان هەر "دەنگ" نییە. دەبێ ئەو کێشەیەی کە ناوی "کێشەی کوردە" چارەسەر بکرێت،

www.netewe.com

# ـا ڕوو دەدات



سەلاحەدین دەمیر تاش هاوسەرۆکی BDP

ئەردۆگان لەهەموو سیاسییەکانی تورک باشتر هەستی بەوە کردووە کە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە هەنگاوی گەورە بنێ و ببێت بەستوونێکی گرنگ بۆ دیمۆکراسی داهاتووی ناوچەکە، پێویستە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت. بۆ ئەوەیش لەئێستەدا جگە لەوتووێژ لەگەڵ ئۆجەلان خۆیدا هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە کەس بەهیچ مەنزڵێک ناگەیەنێت.

سیاسەت مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەوەی کە هەیە. سیاسەت مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیعدا، نەک لەگەڵ شتی دڵخوازدا.

لەئێستەدا کێشەی کورد و چارەسەری ئەو کێشەیە لەدەستی پیاوێک دایە لە ئیمرالی لەزیندانی دەوڵەت دایە، بەڵام هەموو ڕۆژێک "ڕێوشوێنی کارکردن و فەرمان" بەپارتەکەی و زۆربەی کوردەکانی تورکیا دەردەکات.

*لەو راپرسییەی ڕۆژی ١٢ی سێمپتەمبەردا هێز و کاریگەریی کوردەکانیش بۆ هەمووان روون بوو. کوردەکان هاوکات دەیانویست راپرسی سەربکەوێت و خوازیاریش بوون هێزی خۆیان پێشان بدەن، پێشاندانێک نەک لەدژی گۆڕینەکە بن، بەڵکو دەنگی نەدەنێ و شێوازێکی دیکەی یارییەکە بەهەمووان و بەتاییەتیش بە ئەردۆگان پێشان بدەن. لەمەدا هێزی کوردی سەرکەوتوو بوو. پاشان ئەوەی گرنگە ئەگەر ئەردۆگان ئەو دەنگانەی کورد بەدەستبخات بۆ پرۆژەکانی داهاتووی خۆی، کە پرۆژەگەلێکی زۆرن و بەردەوامیش دەبن، تابلۆکە چۆن دەگۆڕێن؟ بێگومان نەخشەکە زۆر جودا دەبێت. ئەمە لەکاتێکدا، وەک ئاماژەی پێکرا، بەدەستخستنی دەنگی کەنارنشینەکان نیمچە مەحاڵە. بەڵام تائێستا کێشەی گەورە لەدانووستاندندا سەبارەت بەکێشەی کورد ئەوەیە، دۆزی کورد لەتورکیادا، تائێستا لەدەست ئەو پیاوەدایە کە تورکیا پێیوایە زیندانییە، پیاوەکەی ئیمرالی، ئۆجەلان، سەرکردەیەک یازدە ساڵە لە زیندان دایەو کەچی هەر خۆی تاکە سەرچاوەی بڕیارو تاکە فەرماندەیە.

ئیتر لە کەس شاراوە نییە هەموو ئەو پارت، ڕێکخرا و کەسایییەتیانەی کورد لە تورکیا رووپۆشن و تاکە دەسەڵاتدار و خاوەن بڕیار عەبدولا ئۆجەلانە. ئەو تاکو بەرلە ڕۆژێکیش لەئەنجامدانی ریفراندۆم قسەی لەسەر ئەنجامەکانی دەکرد و قسەی بۆ هەمووان فڕێدەدا، کاتێک رایدەگەیاند "ئەوان هێزێکی گەورەن و کلیلەکەیش، هی گۆڕەپانەکەی کورد، لای منە" بەڵێ لای ئەوە، نەک لای موراد قەرەیلان یان ئەحمەد تورک. ئەم لێدوانانەی وی بەردەوامن و ئەو هەمیشە بەروونی ئاماژە بەوەدەکات کێ بڕیاردەرە، دیارە بێ ئاماژەپێکردنی ئەویش هەمووان راستییەکە دەزانن، بەڵام ئەو پێیخۆشە بەردەوام راستییەکە دووبارە بکاتەوە.

راستیش وەهایە کلیلی کێشەی کورد لە تورکیا لای ئەو پیاوەی ئیمرالییە. بەڵام گرفتی سەرەکی ئەو پیاوە چییە؟

هەموو سیاسەتمەدارێک خۆپەرستە، دەگمەنی تێدا نییە، ئەمە بەڵگەنەویستە. بەڵام ئەو پیاوەی ئیمرالی لەو بوارەدا، واتە لەبواری "من-ئێگۆ"دا، زۆر زێدەڕۆیی دەکات. ئەو ئێگۆیەی ئۆجەلان لەزۆر دەرفەتدا ئاستەنگی گەورەو دابڕە لەڕێی دۆزەکەدا. بەڵام دروستی ئەوەی هەموو پرسی کورد لە تورکیادا لەدەستی ئەو پیاوە خۆویستەدایە، ئەوە راستییەو تورکەکانیش ئەوە باش حاڵی بوونە.

*بێ هیچ دوودڵییەک ئەوەی لەتورکیا ڕوودەدات شۆڕشە، شورشێکە بێ شەڕ و کێشەی گەورە دەسەڵاتی ژەنەراڵگەل و سەربازەکانی تێدا لەکاردەکەوێت. شۆڕشێکە دەنگی جوداو هێزگەلی دیکە کارا دەکات. ئەوە راپرسییەکی ئاسایی هەر وڵاتێک نییە، شۆڕشێکەو پێشتر خوێنی بۆ ڕژاوە، بەهیوای ئەوەی چیتر خوێنی بۆ نەڕژێندرێت. بەهیوای ئەوەی تورکیای دراوسێ خاڵی بێت لە شەڕ و توندوتیژی. تورکیایەک بێت مافی مرۆڤ و مافی گەلی کورد دەستبەر بکات.

# کورد ئامادەیە لەسەر بنەمای ڕێککەوتن لەگەڵ مالکی مامەڵە بکات

**لایەنە شیعەکان لە مشتومڕی بەردەوامدان بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی حکوومەت و مالکی هەرچەندە چانسی سەرکەوتنی زیاترە ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەی هاوپەیمانەکانی دوێنێی بووەتەوەو هاوکات تائێستا هیچ لایەن و لیستێکی عێراقی وەڵامی داواکارییەکانی کوردیان نەداوەتەوەو ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانیش گەلاڵەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان بۆ دەربازبوون لەرەوشەکە بەلاوە پەسندە.**



ئەرسەلان ڕەحمان

تایبەت

## داواکانی کورد

لەمیانەی چڕبوونەوەی وتووێژی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی عێراق هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەگەلاڵەیەکی ١٩ خاڵییەوە ڕوویکردە بەغدا و لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسی عێراق کۆبووەوە.

داواکانی کورد سەرەکیترینیان خۆی لەپابەندبوون بەدەستوور و پێکهێنانی حکوومەتی نیشتمانی و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەبینییەوە.

لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ وارڤین ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دکتۆر مەحمود عوسمان ڕایگەیاند، تائێستا هیچ لایەنێکی عێراقی بەشێوەیەکی ڕەسمی وەڵامی داواکانی کوردی نەداوەتەوە.

گوتیشی "وتووێژ لەگەڵ تەواوی لایەنەکان کراوەو ئێستا چاوەڕێی یەکلاکردنەوەی پرسی دیاریکردنی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی حکوومەت دەکەین لەلایەن هاوبەندی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقەوە".

هاوبەندی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق لەئێستادا دوو پاڵێوراوی بۆ سەرۆکایەتی کابینەی داهاتووی حکوومەتی عێراق هەیەو عادل عەبدولمەهدی پاڵێوراوی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەو هاوبەندی دەوڵەتی یاساش سەرۆکەکەی واتە نوری مالکی پاڵێوراویەتی.

ڕۆژی ٢١ی ئەیلول لایەنە شیعەکان لەسەر میکانیزمێک بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوی خۆیان ڕێککەوتن و ماوەی ٥ ڕۆژیان بۆ بڕیاردان لەوبارەیەوە دەستنیشان کرد. مۆڵەتە تەواو بوو و لایەنە شیعەکان نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن لەبارەی کاندیدکردنی یەک کەس بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەت.

بەگوێرەی میکانیزمەکان بەتەوافق هەموو لایەنەکان لەسەر کاندیدێک ڕێکدەکەون و لەکۆی چواردە دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی دادگەران کەسی پاڵێوراو پێویستە ٩ دەنگ بەدەستبهێنێت و ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە پرسەکەیان یەکلا نەکردەوە ئەوا پرسی کاندیدکردنی کەسێک بۆ سەرۆکایەتی حکوومەت دەخرێتە بەردەم دەستەی گشتی هاوبەندییەکە کەلە ١٥٩ نوێنەر پێکهاتووەو هەر کەسێک توانی ٦٠ تا ٦٥ لە سەدای دەنگی ئەو نوێنەرانە بەدەستبهێنێت ئەوا دەبێتە پاڵێواوی هاوبەندی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکوومەت.

## کورد مامەڵە لەگەڵ براوە دەکات

لەدوا گۆڕانکاری ڕەوشی وتوێژەکاندا لیستی سەدرییەکان کە بەشێکی هاوبەندی نیشتمانی عێراق بوون و پێشتر پشتیوانییان لە عەبدولمەهدی دەکرد بۆچوونیان گۆڕاو لەژێر فشاری دەرەکیدا ڕایانگەیاند، ئەوان پشتی مالکی دەگرن.

لەوبارەیەوە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران سەر بەرەوتی سەدر قوسەیی عەبدولوەهاب لەلێدوانێکی تایبەتدا بە (وارڤین)ی ڕاگەیاند، هەرچەندە زۆربەی لایەنەکان دژی دووبارە کاندیدکردنەوەی نوری مالکی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیرانن، بەڵام ڕەوتی سەدر ئامادەیە بەمەرج پشتیوانی لێ بکات".

هاوکات سەرچاوەیەکی نزیک لەدانووستانەکانی سەر بەکوتلەی ئەحرار کە نوێنەرایەتی ڕەوتی سەدر دەکەن گوتوویەتی کە سەدرییەکان بۆچوونیان گۆڕاوەو ئێستا پشتیوانی لەمالکی دەکەن، بەڵام بەمەرج. ئەو سەرچاوەیە بەرۆژنامەی حەیاتی لەندەنی ڕاگەیاندووە، سەدرییەکان مۆڵەتیان دابووە عەبدولمەهدی بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو لایەنەکان ڕازیبکات، بەڵام ئەو نەیتوانی ئەو کارە بکات و ناچار سەدرییەکان لەبەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە.

هەروەها گوتویەتی "سەدرییەکان لەلایەن ئێران و مەرجەعەکەیان واتە ئایەتوڵڵا کازم ئەلحائرییەوە زۆر فشاریان خراوەتەسەر بۆ ئەوەی پشتیوانی لە مالکی بکەن".

سەبارەت بەفشاری دەرەکی لەسەر ڕەوتی سەدر دکتۆر مەحمود عوسمان گوتی ڕاستە ئەو فشارە

www.netewe.com

هەبووە، بەڵام بە نیسبەت کوردەوە گوتی" ئێمە کە ئێستا لە بەغداین هیچ فشارێکمان لەسەر نەبووەو نییە، وەک دیکە نازانم ئەگەر شتێک هەبووبێت".

رەوتی سەدر خاوەنی ٤٠ کورسییە و بە یەک لیست لەگەڵ لایەنە شیعەکانی دیکە لەژێر ناوی لیستی هاوبەندی نیشتمانی عێراق کە عەمار حەکیم سەرۆکایەتی دەکرد بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردن کردووە.

لەحاڵی رێککەوتنی عێراقیەو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیدا کە ئەویش یەکێکە لە سیناریۆکانی قۆناغی داهاتووی عێراق مەترسی پەراوێزخستنی مالکی دێتە ئاراوە، بەڵام ئەندامی رەوتی سەدر نەسار روبەیعی بە (وارڤین)ی راگەیاند، مالکی بەشێکی گرنگی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقەو ناکرێت پشتگوێ بخرێت و لە پرۆسەی سیاسی وڵات دووربخرێتەوە. گوتیشی"سەدرییەکان پشتیوانی رەهای مالکی ناکەن، بەڵام ناشکرێت پەراوێزی بخەن، چونکە یەکێکە لەکوتلە گەورەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران".

## کورد و مالکی

سەبارەت بەمامەڵەی کورد لەگەڵ مالکیدا کە ماوەی چوار ساڵی رابردوو لەحوکمڕانیکردنی عێراقدا چەندینجار بەتاکرەوی لەدەسەڵات و گوێنەگرتن بۆ داواکانی تۆمەتباری کردووە، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەارنی عێراق دکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێ ئێمە لەسەر بنەمای داواکاری و وتووێژ و رێککەوتن مامەڵە لەگەڵ مالکی دەکەین.

گوتیشی"مالکی چانسی سەرکەوتنی زیاترەو رەنگە شیعەکان بەزۆرینە، ئەو وەک پاڵێوراوی خۆیان بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەت دەستنیشان بکەن".

لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا کورد پێنج کێشەی سەرەکی لەگەڵ حکوومەتەکەی نوری مالکیدا هەبوون و هەر پێنج کێشەکەش کە پەیوەندییان بەمادەی ١٤٠ و دەسەڵاتەکانی نێوان هەولێر و بەغداد و بودجەو هێزی پێشمەرگەو پرسی یاسای نەوت و غاز هەبوون کە بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

## مەترسی بایکۆتی عێراقیە

لەحاڵی سەرکەوتنی مالکی بۆ پێکهێنانەوەی کابینەی حکومەتی داهاتووی عێراق مەترسی

# ئێران، ئەمەریکاو سوریا بەشێوەیەکی ناهەماهەنگانە لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە مالکی ببێتەوە بەسەرۆکوەزیران

ئەوە لەئارادایە لیستی عێراقیە بایکۆتی پرۆسەی سیاسی بکات و بەو بڕیارەشی عێراق بگەڕێنێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم.

لەو چوارچێوەیەدا رۆژی هەینی رابروو لەبەیاننامەیەکدا لیستی عێراقیە ئاشکرایکرد ئەگەر مافی دەستووری خۆی بۆ پێکهێنانی حکوومەت بۆ نەگەڕێندرێتەوەو مالکی ببێتەوە بەسەرۆکوەزیران ئەوا لیستەکەیان بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات.

پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی عێراق لەحەوتی ئازاری رابردوو بەڕێوەچوو و بەگوێرەی ئەنجامە رەسمییەکانی ئەو پرۆسەیە لیستی عێراقیە لەکۆی ٣٢٥ کورسی ئەنجوومەنی نوێنەران ٩١ کورسی بەدەستهێناو دووهەم لیست، هاوبەندی دەوڵەتی یاسا بوو کە توانی ٨٩ کورسی بەدەستبهێنێت. دوای ئەویش هاوبەندی نیشمانی عێراق زیاتر لەحەفتا کورسی بەدەستهێناو لیستی هاوپەیمانیش چوارەم بوو.

بەگوێرەی مادەی ٧٦ی دەستووری عێراق گەورەترین کوتلە دەتوانێت حکوومەت پێکبهێنێت.

لەلێکدانەوەیدا بۆ ئەو بەندە دەستوورییە دادگای ئیتحادی رایگەیاند، مەبەست لە"گەورەترین کوتلە" ئەو کوتلەیەیە کە لەپەرلەمان پێکدەهێنرێت ء خاوەنی زۆرترین کورسی دەبێت لەئەنجومەنی نوێنەران، نەک ئەو لیستەی زۆرترین کورسی لەهەڵبژاردن بەدەستدەهێنێت. ئەمەش بووەتە گەورەترین بەربەست لەبەردەم لیستی عێراقیەدا.

## پۆستەکان

سەبارەت بە پرسی دابەشکردنی پۆستەکان هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان خوازیارە بۆ ئەم خولەش پۆستی سەرۆککۆمار بدرێتەوە بەکورد و سەرۆکایەتی حکوومەت بۆ لایەنە شیعەکان بێت و سەرۆکی پەرلەمانیش بدرێتە لایەنە سونییەککان.

سەبارەت بەوەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی حەیاتی چاپی لەندەن سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی رایگەیاند کە کورد سوورە لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە.

گوتیشی"ئەمجارە کورد دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار نابێت و من خۆم لەوبڕوایەدام هەموو پۆستەکان شیاوی گفتوگۆ لەسەر کردنن، بەڵام هاوپەیمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە پێویستە ئەو پۆستە بۆ کورد بێت و هیچ نەبێ بۆ ئەم خولە بۆکورد بێت".

هەروەها گوتی"هەریەک لە ئێران، ئەمەریکاو سوریا بەشێوەیەکی ناهەماهەنگانە لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە مالکی ببێتەوە بەسەرۆکوەزیران".

## رێگاکان دێنەوە هەولێر

لە چەند رۆژی رابردوودا سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەلاڵەیەکی خستەڕوو کە زۆرترین پشتیوانی لەئاستی دەرەکی لێکراوەو عێراقیەش پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕیوە جگە لەلایەنە شیعەکان نەبێت.

لە لێدوانێکی تایبەت بۆ وارڤین ئەندامی شاندی دانووستانکاری هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئازاد چالاک پێشبینیشیکرد کۆبوونەوەیەک لەنێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لیستە گەورەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەهەرێمی کوردستان ساز بکرێت بۆ ئەوەی هەموو لایەک گفتوگۆ لەبارەی گەلاڵەکەی بارزانی بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق بکەن".

www.netewe.com

### چالاكوانێكی مافەكانی مرۆڤ

# داوای هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی مافەكانی مرۆڤ دەكات



**سەرۆكی دەستەی نیشتمانی مافەكانی مرۆڤ لە عێراق ئیبراهیم موسا، لەلێدوانێكی تایبەت بۆ وارڤین رایگەیاند، هەرێمی كوردستان لەبواری مافەكانی مرۆڤ هەنگاوی باشی ناوەو پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە و حكوومەتی هەرێم بەجدی كار بۆ پاراستنی مافەكانی مرۆڤ دەكات و ناكرێت بەراووردی رەوشی مافەكانی مرۆڤ لەهەرێمی كوردستان لەگەڵ بەشەكانی دیكەی عێراق بكەین، چونكە لەماوەی ٢٠ساڵی رابردوودا پێشكەوتنی بەرچاو لەوڕووەوە لە هەرێمەكە بەدیهاتوون.**

**بەغداد**

**حەلا ناسر باوی**

ئەو چالاكوانەی بواری مافەكانی مرۆڤ داواشیكرد، وەزارەتی مافەكانی مرۆڤ هەڵوەشێتەوەو لەجێگەی ئـەو رێكخراو و دامــــەزراوەی دیكـەی تایبەت بەچاودێری رەوشی مافەكانی مرۆڤ دابمەزرێن و پشتیوانی لەرێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بكرێت.

ئاماژەشی بۆ ئەوەكرد مانەوەی سزاو ئەشكەنجەو پێشێلكاری زیندانەكانی عێراق پەیوەستە بەو كەلتوورەی لەعێراقدا چەسپاوەو توندوتیژی بەدوای خۆیدا بەمیرات هێشتووەتەوەو بۆ لەبەینبردنی ئەو پێشێلكارییانە پێویست بەوەدەكات گەشە بەرۆشنبیری ناتوندوتیژی بدرێت و ئاستی هۆشیاری تاكەكان بەرز بكرێتەوە.

سەبارەت بەرەوشی مافەكانی مرۆڤ لەعێراق، لەدوای ٢٠٠٣ ەوە ئەو چالاكوانە گوتی: "لەدوای گەڕانەوەمان بۆ وڵات لە٢٠٠٣ بەجدی كەوتووینەتە هەوڵدان بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ پێشێلكارییەكانی مافی مـرۆڤ دابنێین و لەمیانەی كۆنگرەو كۆنفرانسەكاندا هەوڵبدەین چارەسەری بۆ كێشەكانی ئەمڕۆی عێراق بدۆزینەوەو لەو چوارچێوەیەدا تەنیا لەبواری بێكاریدا ئێمە لەنێوان سالانی٢٠٠٣ – ٢٠٠٤ توانیویمانە ١٤ هەزار هەلی كاری حكوومی و نیمچەحكوومی بۆ گەنجانی عێراق دابینبكەین".

هەروەها گوتی: "ئێمە هەوڵماداوە هاووڵاتیانی عێراق هانبدەین بۆ ئەوەی بەشدارییەكی كارا لەپرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەكانی وڵاتدا بكەن و كارمان لەسەر ئـەوە كـردووە هاووڵاتیان رۆشنبیرییان لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە هەبێت و بەئەركێكی نیشتمانی و مرۆڤانە سەیری بكەن".

سەبارەت بەپرسی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتـی مافەكانی مرۆڤی عێراق ئەو چالاكوانە پشتیوانی خۆی بۆ ئەو پێشنیازە دەربڕی و گوتی: "كاتێك كە وەزارەت و دامەزراوەكانی دەوڵەت دامەزرێندرانەوە لەناویشیاندا وەزارەتـی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مـەدەنـی و مافەكانی مـرۆڤ ئێمە لەمیانەی چالاكییەكانماندا داوامـانـكـرد هەندێك لەو وەزارەتانە هەڵبوەشێندرێنەوە چونكە بوونەتە بارگرانی بەسەر دەوڵەتەوەو لەهەموو جیهانیشدا وەزارەتی لەو شێوەیە بوونی نییە، بەڵكو دەستەو دامەزراوەی تایبەت بەمافەكانی مرۆڤ هەن نەك وەزارەت".

سەبارەت بەسزاو ئەشكەنجەدان لەناو زیندانەكانی عێراقداو ئەو راپۆرتە نێودەوڵەتییانەی باس لەپێشێلكاری مافەكانی مرۆڤ لەناو زیندانەكانی عێراق دەكـەن ئیبراهیم موسا، گوتی: "ئێمە سەنتەری راگەیاندنی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییمان هەیەو بەدەست دەستێوەردان و كێشەی زۆرەوە دەناڵێنین و عێراق تازە لەژێر بارێكی سەخت و دژوار دەرچـووە كە ٣٤ ساڵ تێیدا گوزەراوە، بۆیە پێویست بەوەدەكات رێگای چارەسەری هێمنانەو لۆژیكییانە بۆ چارەسەری كێشەكان دەستنیشانبكەین و تەنیا بەهێرشكردن كێشەكان چارەسەر نابن، بەڵكو بەپێشكەشكردنی بریت و چارەسەری واقیعییانە دەبێت مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی مافەكانی مرۆڤ بكرێت".

ئیبراهیم مـوسـا، باسی لـەرەوشـی مافەكانی مرۆڤ لەهەرێمی كوردستان كرد و لەو بارەیەوە گوتی: "هەرێمی كوردستان هەنگاوی فراوانی لەڕووی مافەكانی مرۆڤ و پرۆسەی بەدیموكراتیزەكردنەوە ناوەو ئەنجامی باشیشی بەدەستهێناوە بەبەراوورد لەگەڵ ناوچەكانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق و هەرێمەكە لە ١٩٩١ ەوە چووەتە نا كەشوهەوای دیموكراتییەوە، بەڵام ناوچەكانی دیكەی عێراق تا ٢٠٠٣ لەژێر دەسەڵاتێكی دیكتاتۆریدا مابووەوە".

هـەروەهـا گوتی: "ئێستا عێراق لەسەروبەندی پێكهێنانی كابینەی نوێی حكوومەتەو ئەگەر حكوومەت پێكهێنرا بێگومان رەوشەكە زۆر لەهی ئێستا باشتر دەبێت و هەرێمی كوردستانیش لەڕووی مافی مرۆڤەوە زۆر باش پێشكەوتووەو حكوومەتی هەرێمەكە بەجدی ئاوڕ لەو داواكاری و سكالایانە دەداتـەوە كە لـەوڕووەوە بۆی بەرز دەكـرێـنـەوەو لێكۆڵینەوەی وردیـش لـەبـارەی پێشێلكارییەكانەوە ئەنجامدەدرێت و زۆر كەس بەهۆی هەوڵەكانی حكوومەتەوە توانیویانە بەمافەكانی خۆیان بگەن".

سەبارەت بەهاوكاری رێكخراوەكەیان بۆ دادگای بـاڵای تـاوانـەكـانـی تایبەت بەدادگاییكردنی بەرپرسانی باڵای رژێمی بەعس سەرۆكی دەستەی نیشتمانی مافەكانی مرۆڤ لەعێراق وەها درێژەی بەقسەكانی دا"ئێمە وەك تیمێكی خۆبەخش لەچوارچێوەی كارەكانی تۆڕی عەین لەسەر ئەركی خۆمان زۆر شوێن گەڕاین بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی تایبەت بەتاوانەكانی رژێم كۆبكەینەوەو لەگەڵ دادوەر محەممەد عورەیبی سەرۆكی دادگای باڵای تاوانەكان ئەوكات سەردانی هەرێمی كوردستانمان كرد و توانیمان هەشت هەزار سكالای بارزانییەكان بۆ بەردەم دادگا كۆبكەینەوە".

www.netewe.com

# شیرین ئامێدی: زۆر کەس لەناو پارتی نایانەوێ ژن بچێتە سەرکردایەتی

دهۆک

تاکە ئەندامی ژن لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند کە پارتی لە کۆنگرەی ١٣ دا هیچ ژنێک بە کۆتا ناباتە سەرکردایەتی چونکە بەڕای ئەو کۆتا پێشێلکردنی دیموکراسییە .

شیرین ئامێدی، لەلێدوانێکی تایبەتدا بە (وارڤین)ی راگەیاند:"دروشمەکانی پارتی بریتین لە: ئاشتی، ئازادی و دیموکراسی، بۆیە ئەگەر تۆ بڕوات بەو دروشمانە هەبێت، ناکرێت مافی لایەنێکی دیکە بخۆی. بۆیە دەبێت ژنی کورد بڕوای بەخۆی هەبێت و بیری لێ نەکاتەوە، بەڵکو هەوڵبدات بەپشتبەستن بە توانای خۆی سەربکەوێت و دیموکراسیەت پێشیل نەکات".

بەپێی زانیارییەکانی شیرین، پارتی بەپێی سیستەمی نوێی خۆی دەیەوێت دەرفەت بداتە ژن تابێنە سەرکردایەتی، نەک چاوەڕێی کۆتا بکات. ئەو لەوبڕوایەدایە کە لەو رێگایەوە ژنێکی زیاتر دەچنە سەرکردایەتی پارتی تا لەرێگەی کۆتاوە.

شیرین گوتی:"وەک ئەندامێک و ژنێکی کورد لەوبڕوایەدام کە ئەم کۆنگرەیە سەردەکەوێت و باشترین بڕیار و راسپاردەوە دەگیرێت کە هەموویان لەبەرژەوەندی نەتەوەی کورد و پاشان ئایدۆلۆژیای حزبدا دەبێت".

ئامێدی رەتیکردەوە کە لەناو پارتیدا کوتلەوکوتلەکاری هەبێت"چ جار لەناو پارتیدا کوتلەو کوتلەکاری لەناو پارتیدا نەبووە تا لەبەرامبەر مێژووا شەرمەزار بین. ئەوە تابووری پێنجەمە کە دەیەوێت ناکۆکی لەنێوان سەرکردایەتی پارتیدا دروست بکات و هەمیشەش لەو هەولانە دراوە، بەڵام سەرکەوتوونەبوون".



شیرین ئامێدی

ئامێدی هەروەها گوتی:"لەناو پارتیدا بیروبۆچوونی جیاواز هەیە . گەلەک کەس هەن کە لەگەڵ ئەوەدا نین کە ژن لەناو سەرکردایەتی پارتیدا هەبێت، بەپێچەوانەشەوە گەلەک کەسی دیکە هەن کە بوونی ژن لەسەرکردایەتیدا زۆر بەپێویست دەزانن".

شیرین ئامێدی ١٧ ساڵە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتییە. بەپێی لێدوانی بەرپرسانی پارتی کۆنگرەی ئەو حزبە لە ١١-١١-٢٠١٠ دا دەبەستریت.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦-٨-١٩٤٦ لەلایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە دامەزراوە تائێستا دوانزە کۆنگرەی بەستووە.

**بەرەڤان ئەحمەد**

www.netewe.com

# ئاستريد مێتزلەر:
# يەكنەگرتنى كورد ئـ

سیروان رەحیم - ئەڵمانیا

خاتوو ئاستريد مێتزلەر لە شاری ترير-ئەڵمانیا لەدایکبووە. ئەو لەبواری بەڕێوەبردنی کاروباری پەرستاریدا خوێندوویەتی. لەپانزە ساڵییەوە لەوبوارەدا کە خوێندوویەتی کاری سەربەخۆ دەکات. لەمێژە ئەم خاتوونە کورد دەناسێت و بەزۆر لایەنی ژیانی کورد، بەتایبەتی کوردەکانی ئەڵمانیا، ئاشنا بووە.

خاتوو ئاستريد مێتزلەر، ژنێکە سەرباری رووحسووکی، زیرەکی و چالاکبوونی بەردەوامی، یەکسەر شوێنی خۆی لەنێوەندی کار و لەکن کەسی بەرامبەر دەکاتەوە. کەسێکە ئەو دەمەی بیدوێنیت هەست بەهێمنی و هەروەها بەتەنگەوەهاتنی دەکەیت لەکار و راپەڕاندنی ئەرکدا.

کاتێک دەمبینی چەند لەراپەڕاندنی کارەکانی گروپی موزیکی نانۆبیت-دا چالاک و پڕ وزەیە، هەروەها کاتێک هەستم کرد ئەزموونێکی زۆر و پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ دنیای کورد و بەتایبەتیش هونەرمەندانی کورددا هەیە، خوازیار بووم بیدوێنم و باری سەرنج و تێڕوانینەکانی تۆمار بکەم.

ئەمەی ئێستا دەیخوێننەوە دیدارێکە لەمێژ بوو دەمەویست لەگەڵ ئەو خاتوونەدا سازی بکەم.

وارڤین: ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتا، دەپرسم ئێوە کە تائێستا نەچوونەتە کوردستان، چۆن بوون بەهاوڕێی کورد و کەلتووری کورد؟

ئاستريد مێتزلەر: کاتی خۆی کۆمەڵێ هاوڕێی ئەڵمانم هەبوون کە هاوڕێیەتیان لەگەڵ کورددا هەبوو. لەرێگەی ئەوانەوە منیش بەکورد و کێشەکەیان ئاشنا بووم. ئەو دەمە هاوڕێ ئەڵمانەکانم بەشدارییان لەکۆرسێکی فێربوونی زمانی کوردیدا دەکرد، کۆرسەکە تایبەت بوو، نەک فەرمی، لەلایەن کوردێکەوە رێکخرابوو. بۆ من سەرنجراکێش بوو لەو کۆرسەدا بەشدار بم. پاشان بڕیاری بەشداریم لەو کۆرسەدا دا و لەوێ دەستم کرد بەفێربوونی زمانی کوردی.

پرس: پاش بەشداریتان لەو کۆرسەدا بوون بە هاوڕێی کورد و کێشە و کولتورەکەیان؟

ئاستريد مێتزلەر: بەڵێ، بەڵام هەروەها چەوساندنەوەی کورد و بەردەوام راونانیان، هەروەها بەئامێرکردنی گەلێک منی زۆر سەرقاڵ کرد.

بێگومان ئەوەم بە روونی تێبینی دەکرد کە لە باری کولتوورییەوە دەبێت زۆر شت بکرێت. بۆ ئەوەی ئاگادارکردنەوە یان هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد دەستەبەر بکرێت.

وارڤین: پێموایە ساڵانێکی زۆر ئێوە کورد دەناسن. ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ کورد، بەتایبەتیش مۆزیکڤانانی کورد کار دەکەن و هاوکاریان دەکەن. ئێستایش بەڕێوەبەری کارەکانی گروپی موزکی نانۆبیت-ن کە خوازیارە موزیکی کوردی بەجەماوەری ناکورد بناسێنێت و ئاشنا بکات. دەکرێ چ شتێک سەبارەت بەو ئەزموون و پەیوەندییە فرەئالییە بڵێن، پەیوەندی لەگەڵ کورد، ژیانیان و کێشەکانیاندا؟

ئاستريد مێتزلەر: وەک ئاماژەم پێکرد، ئەوەی منی ئازاردەدا کوردەکان لەو رەوشەدا نەبوون لەباری کەلتوورییەوە شتێک بکەن و بزاڤێکیان هەبێت. لەگەڵ ئەو کەسەی ئەوکاتە کۆرسی زمانی کوردی رێکخست بوو، زۆرتر بووم بەئاشنا. ئەوەی سەرنجراکێش بوو، ئەو کەسە کە دەرسی زمانی کوردی دەگوتەوە، مۆزیکڤانیش بوو، هەمان ئەو ئازارەی بۆ کێشەی نەتەوەکەی دەچەشت کە منیشی سەرقاڵ کردبوو. من بەردەوام بووم لەچاودێریکردنی چالاکی کوردەکان و ئەوەم بۆ ئاشکرا بوو، چۆن تاکەکەسێک خۆی بەبەرپرسیار دەزانێت و دەیەوێت تەنیاباڵ شەڕی هەمووئەو گرفتانە بکات کە ئاستەنگن لەڕێی ئەو کێشەیە. دیارە لەو دەوروبەرەی خۆی. ئا لەو رەوشەدا من هەستم بەئازاری ویژدان کرد و لەودەمەوە لەکۆمەڵێ ئاستی جۆراوجۆردا کۆمەکی کوردان دەکەم، دیارە لەناوخۆی ئەڵمانیادا. ئەو مامۆستاو مۆزکڤانەی ئەوکاتە، ناوی"هێمن دەریا"بوو. دەمەوێ لێرەدا شتێک سەبارەت بەو مرۆڤە بڵێم.

چۆن من ئەو مرۆڤەم بینی و چۆن تەماشای دەکەم: هێمن لەکاتێکی کەمدا توانی لەکۆمەڵگای ئەڵمانیدا خۆی باش بگونجێنێت و لەگەڵ کۆمەڵێ گروپی موزیکی جودا جودادا لەشارەکەی ئێمە شوێنێک بۆ خۆی بکاتەوە. هاوتەریبیش بەدرامزەکەی بەشداری موزیکی کوردی دەکرد.

کاتێک من بینیم ئەو مۆزیکڤانە ئامادەیە بۆ موزیکی کوردی شوێنی نیشتەجێبوون بگۆڕێت و ماڵ بگوێزێتەوە، زۆر کاریگەری لەسەرم دانا.

بەتایبەتیش پاش ئەوەی لەشاری کۆڵن گیرسایەوەو گروپی موزیکی نانۆبیت-ی دروست کرد. جارێکی دیکە بەشێوەیەکی روون ئەوەم

www.netewe.com




# ـــازارم دەدات

بینی سوورە لەسەر ئەوەی تەنیابالٚ شەڕ بکات. ئەم کارانەو هەروەها موزیکێک کە هێمن دەیکات، بوون بەهۆکاری ئەوەی منیش بێمە سەر ئەو باوەڕەی بەرەو کۆڵن بگوازمەوە. بۆ ئەوەی وەک بەڕێوەبەری کارەکانی گروپی موزیکی نانۆبیت پشتگیرییان بکەم.

من باوەڕم بەچۆنیەتی بەرزی ئەو موزیکە هەیە، کە کوردەکان بەرەو تێکەڵاوبوون بەکەلتووری ئەوانی دیکەوە دەبات. موزیکێک هەروەها پشتگیری ناسنامەی نوژەنی کەلتووری دەکات و گەشەی پێدەکات.

وارفین: پاش ئەو ئەزموونە زۆرە، سەبارەت بەکارکردن لەگەڵ کورد چ دەڵێن؟ ئایا کارکردن لەگەڵ کورد ئاسانە یان ئاڵۆز؟

ئاسترید مێتزلەر: بەداخەوە دەبێ لێرەدا بڵێم، بەزۆری کارکردن لەگەڵ کورددا ئاڵۆزە. لەبەرئەوەی بەزۆری کاتێک کوردێک لەڕوانگەی هۆشیاری نەتەوەیی و خزمەت بە نەتەوەکەی، دەیەوێ شتێک بۆ کوردەکان بکات، یەکەم ئەرکی ئەوەیە کە دەبێ ڕێگەی خۆی لەبەردەکان پاکبکاتەوە، ئەو بەردانەی کە کورد بۆی دادەنێن. ئەم شتە تائەمڕۆیش من غەمگین دەکات.

وارفین: هیچ کارێک یان چالاکییەکی هاوبەشتان لەگەڵ ژنانی کورددا هەبووە، ئەو ژنانەی لە ئەورووپاو بەتایبەتی ئەوانەی لەئەڵمانیا دەژین؟

ئاسترید مێتزلەر: من پشتگیری ژنانی کورد و چالاکییەکانی ئەوانم کردووە. بۆ نموونە پشتگیری گروپێکی هەڵپەرکێی ژنانم کردووە. کۆمەکی ڕێکخستنی پێشانگای جلی نەتەوەیی کوردی و هەروەها هاوکاری ژنانی کوردم کردووە لەکاری فەرمی و لەلای بەڕێوەبەرێتییەکان. بەلاّم چاوەڕوانی و هیوای من لەوە گەورەترن کە ئێستا دەگوزەرێت.

وارفین: ئێوە کە لەمێژە کوردەکان و ڕەوەندی کوردی لە ئەڵمانیا دەناسن، سەبارەت بەئازادی ژن و ڕۆڵیان لەو کۆمەڵگەیەدا چ دەڵێن؟

ئاسترید مێتزلەر: من لەڕێگەی ناسینی خۆمەوە بۆ کورد، ژنانی ئازادم ناسی و بەداخەوە هەروەها ژنانێکم ناسی کە ئازاد نین. پێویستە ئەوەیش بڵێم ئەو ژنانەی ئازاد نین ڕەوشەکە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیەو خۆیان بەرپرس لەدۆخەکە.

وارفین: ئێوە خوازیارن لەگەڵ گروپی موزیکی نانۆبیت‌دا موزیکی کوردی بەجەماوەری ئەورووپایی بناسێنن.

ئەم پرۆژەیەتان چۆن دەڕوات؟ ئاستەنگەکان چین و چەند بەهیوان بۆ سەرکەوتنی ئەوکارە؟

ئاسترید مێتزلەر: گروپی نانۆبیت تائێستا یەک کلیپی بلاّوکردۆتەوە، دووهەم کلیپ لەداهاتوویەکی نزیکدا بلاّودەبێتەوە. کلیپی سێهەم لە پلان دایە. هاوکات بەشێوەیەکی چڕ لەسەر سێ دیَ یەک کار دەکرێت. لەلایەن میدیای ئەڵمانییەوە گروپەکە ناسراوە، ڕێزی زۆریان بۆی هەیەو دانپیێدادەنێن. بەڕێوەبەرایەتی کەلتوور لە شاری کۆڵن پرۆژەکە وەک شتێکی تاقانە دەبینێت. منیش وەک ژن و وەک بەڕێوەبەری کارەکانی گروپەکە زۆر سەربەرزم.


ئاسترید مێتزلەر:

وارفین: چ سەرنجێکت سەبارەت بەناوەندەکانی وەشانی کوردی و هونەری کوردی هەیە؟

ئاسترید مێتزلەر: ئەوەی کە من ئازاردەدات، ئەوەیە میدیای کوردی، ئاشکرایە کوردەکان هێشتا وەشانی ئازادیان نییە، تائێستا بۆ بەرژەوەندی هونەر و هونەرمەندان کار ناکات. هەروەها ئەو بەرهەمانەی ئێستا بلاّودەکرێنەوە، هەستێک بەمرۆڤ دەبەخشێت کە ئەمکارە بەزانستانە لەلایەن نەیارانی کوردەوە کراوەو دەکرێت، تاکەلتووری ئەو نیشتمانە وێران بکرێت. ئەمە من لەو ڕەوشەدا هەستپێدەکەم و دەیبینم، کاتێک ئەو کوردانەی لێرە گەورەبوون یان ئەو منداڵە کوردانە لێرە لەدایکبوون چەند دوورن لەو میدیا نوێیەی کوردی و ناوەڕۆکەکەیەوە. هیوای من ئەوەیە هونەری کورد بگەڕێتەوە بۆ دەستی ڕاستەقینەی ئەو هونەرمەندە کوردانەی زانان، خوێندەوارن و ئەوانەی هۆشیاریی نەتەوەییان هەیە.

www.netvewe.com

# میدیا زاهیر

# چیرۆکی گەیشتنی بۆ فینلەند و کاندیدکردنی بۆ پەرلەمان دەگێڕێتەوە



**میدیا زاهیر لەدیمانەیەکی وارڤین دا دەڵێ لەلایەن سەرۆکی پارتی سویدی و چەند وەزیرێکی فینلەنداوە بۆ پەرلەمان کاندیدکراوە. ئەو ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای راسیپۆرییەو چەندین زەماڵەی خوێندنی بۆ دەرچووانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەفینلەندا وەرگرتووە.**



## چیرۆکی چوونی بۆ فینلەند

میدیا زاهیر لەساڵی ٢٠٠٧ بووەتە ئەندامی پارتی سویدی لەفینلەنداو لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ئەو وڵاتە لەساڵی ٢٠٠٨، وەک پاڵێوراو بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای راسیپۆری خۆی هەڵبژاردو دەنگی پێویستی بەدەستهێناو بوو بەئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا. میدیا جگە لەو پۆستە، جێگری بەڕێوەبەری دەزگای کەلتوورو مۆزەخانە، جێگری بەڕێوەبەری کۆمیتەی پەروەردە، جێگری بەڕێوەبەڕی دەزگای وەبەرهێنانی راسیپۆرییە. هاوکات ئەو ژنە ئەندامی یەکێتی لاوانی سویدی و سەندیکای ژنانە. ئەو کاری هەماهەنگی لەنێوان حکوومەتی هەرێم و فینلەندا دەکات و بەڕێوەبەری کارەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ کوردستان و ئەندامی رێکخراوی لازەروس هیومان ئەید (رێکخراوی خاوەنپێداویستی تایبەت بۆ کۆمەک) لە فینلەندایەو ئێستا کاندیدی پەرلەمانی فینلەندە. میدیا خەڵکی کەرکوکی باشووری کوردستانە. ئەو دەڵێ:" دوای ئەوەی لەکۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ هەردوو قاچم بریندار بوو، بۆ نەشتەرگەری و چارەسەرکردن لەلایەن د. کالی ئۆگوستسۆن (پیاوێکی ناسراوی فینلەندییەو هاوکاری میدیاو سەدان کوردی لەکاتی تەنگانەدا کردووە) لەمانگی ١٠.ی ساڵی ١٩٩٤ رەوانەی فینلەندا کرام و تائێستاش لەوێ نیشتەجێم". بڕیارە هەڵبژاردنی پەرلەمانی فینلەندا لە ١٧-٤-٢٠١١ ئەنجامبدرێت و بۆ ئەومەبەستەش میدیا زاهیر، لەلایەن پارتی سویدی لەفینلەند کاندید کراوە. لەسیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی فینلەندا بەرلە ١٢ مانگ پاڵێوراوەکان دەستنیشان دەکرێن. میدیا زاهیر لەوبارەیەوە دەڵێ کە سەرۆکی پارتی سویدی لە فینلەند جۆهان جوهانسوون و وەزیری پەنابەرانی فینلەندا، ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی شارەوانییەکان ئەویان بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی

کاندید کردووە"لەمانگی ٣ـی ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان بووم رۆژێک سەرۆکی پارتی سویدی لە فینلەند د.جۆهان جوهانسوون، پەیوەندی پێوەکردم و پێیگوتم کە بەبێئەوەی ئاگادارت بکەینەوە لەلایەن پارتەکەمانەوە بۆ ئەندامی پەرلەمانی هەڵمانبژاردووی. بەپێکەنینەوە پێیگوتم بۆشت نییە رەتیبکەیتەوە، منیش زۆر خۆشحاڵبووم و سوپاسی جۆهان جوهانسوونم کرد". بەقسەی میدیا نزیکەی ٦ هەزار کورد لە فینلەندا دەژین و ئەویش بۆ چوونە پەرلەمان پێویستی بەبەدەستهێنانی ٤٨٠٠ دەنگ هەیە.

## پەیوەندییەکی پتەوم لەگەڵ فینلەندییەکان هەیە

میدیا زاهیر، ئەوەی خستەڕوو کە پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ فینلەندییەکان و کوردەکانی ئەو وڵاتە هەیە. ئەو دەڵێ پەیوەندیم لەگەڵ فینلەندییەکان لەکوردەکان زیاترە، چونکە وەک گوتی کوردەکانی فینلەند زیاتر سەرقاڵی دەوامن"بەداخەوە بەرادەی پێویست ئاگاداری کاری حکوومەت نین". ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، رەنگە زمان بەباشی نەزانن هەروەها گوتی خێزانی وەها هەیە تەنیا سەیری کەناڵە کوردییەکان دەکات و ئەمەش وایانلێدەکات ئاگاداری حکوومەت و کاروباری کۆمەڵایەتی نەبن".

## کار بۆ ناساندنی ئەنفال بەجینۆساید دەکات

میدیا زاهیر، لەبەرنامەیدایە ئەگەر بوو بەئەندامی پەرلەمانی فینلەندا کار لەسەر ئەو پرۆژانە بکات کە وەک هاوکاری خاوەن پێداویستی تایبەت، جێبەجێکردنی کاری پەنابەران وەک ئەوەی کە زوو وەڵام وەربگرنەوە بەمافی پەنابەری، یان رەتکردنەوە، هەڵی کار بۆ پەنابەران و فێربوونی زمان. یەکسانی رەگەزی، کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و پێشکەوتوو لەبواری ئابووری. ئەو دەڵێ بۆ هەرێمی کوردستانیش نوێنەرایەتی کورد لەو دەوڵەتە دەکەم و کورد بەفینلەنداو یەکێتی ئەورووپا دەناسێنم و دەمەوێ لەفینلەنداو یەکێتی ئەورووپا ئەنفال و هەڵەبجە بەجینۆساید لەقەڵەم بدرێت و ئەوەش کارێکە بەردەوام هەوڵی بۆ دەدەم.

## "سیستەمی هەڵبژاردنی کوردستان و عێراق هەڵەیە"

میدیا سیستەمی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بەهەڵە دەزانێت و جەخت لەوەدەکاتەوە کەلە هەرێمی کوردستاندا یاسایەکی گونجاو نییە بۆ چۆنیەتی رێکلامی پاڵێوراوان. ئەو دەڵێ لە فیلەندا هەر کاندیدێک ئازادە چۆن رێکلام بۆخۆی بکات، بەڵام دەبێ لەرۆژی هەڵبژاردن ١٠ مەتر دوور لەبنکەی دەنگدان بوەستێت. ئەو لەبارەی رێکلامکردنەوە دەڵێ ناوی خۆمان و ئارمی پارتەکەمان بەمندالان دەدەین و ئەوانیش بەمیزەڵدانەوە دەیبەن بۆ ناو خەڵک تا ناومان دیاربێت."لەئەورووپا و فینلەند بەتایبەت هیچ کاندیدێک مافی ئەوەی نییە سووکایەتی بەکاندیدێکیتر بکات، ئەگەریش بیکات بەتوندی سزای مادی دەدرێت، هەروەها بۆت نییە پارە لەکەسێکەوە بە نایاسایی وەربگریت، چونکە دوای هەڵبژاردن لێکۆڵینەوەت لەبارەی بەدەستهێنانی ئەو پارەیە لەگەڵ دەکرێت".

## خێزانەکەم دەڵێن نابێ بەتەنیا لەبەشی ناوخۆی کچان بمێنیتەوە

میدیا، دەڵێ حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان کارێکی باشیان کردووە کە بەیاسا رووبەڕووی توندوتیژی دژبەژنان دەوەستنەوە، بەڵام کەسانێک ماون یاسا پەیڕەو ناکەن و توندوتیژی بەرامبەر ژنان دەکەن، بۆیە ئەرکی حکوومەتی هەریمە ئەو کەسانە بەتوندی سزا بدات. ئەو دەڵێ چۆن دەبێ ئافرەتێک خۆشی نەبینێت و مۆبایلی نەبێت و بەهەوەسی خۆی نەتوانێت جلوبەرگ لەبەربکات. هۆکارەکەش بۆ خێزان و پیشاندانی هەندێ فیلم دەگەڕێنێتەوە کەلە کەناڵەکانی راگەیاندن پیشاندەدرێت و دەڵێ"ئافرەتانی ئێمەش دەیبینن و ئەوانیش حەز بەو جۆرە ژیانە دەکەن و لاسایی ئەو ژیانە دەکەنەوە، بەڵام خێزانەکانیان رێگری لێدەکەن و بەریگەی توندوتیژی رەتیان دەکەنەوە". ئەو دەڵێت ئافرەتی کورد زۆر ستەملێکراوە، ئەو نموونە بەخۆی دەهێنێتەوەو دەڵێ ئێستا من لەپۆستیکدام و لەکۆلێژی یاسا دەخوێنم، بەڵام زۆرجار خێزانەکەم رێگرن لەهەندێ لەکارەکانم، وەک ئەوەی لەکۆلێژی یاسا دەخوێنم و لەبەشی ناوخۆیی کچان دەمێنمەوە"نێوان ماڵی ئێمەو بەشەناوخۆیی یەک کاتژمێر دوورە، خێزانەکەم پێمدەڵێن چۆن دەبێ تۆ ئافرەتی بەتەنیا لەبەشی ناوخۆیی بمێنیتەوە، خێزانی من وام پێدەڵێن ئەی دەبێ کوردانیتر چی بڵێن؟ بۆچی بۆ کوران و پیاوان ئاساییە هەرشتێک بکەن، بەڵام بۆ ئافرەتان بقەیە؟ بۆچی کاتێک ئافرەتێک کوڕێکی بەدڵەو دەیەوێت هاوسەرگیری بکات، رێگری لێدەکرێت. من دەمەوی ئەو بیرۆکەیە نەهێڵم و کاری لەسەر بکەم".

## لەکوردستان مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت کەمە

میدیا کە لەسەر کورسی جوولاو دادەنیشێت و خاوەن پێداویستی تایبەتە، دەڵێ مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەرێمی کوردستان بەشی ئەوەندە دەکات کە بەتەکسیەکی بدەیت کاتێ لەشارێکەوە بۆشارێکیتر هاتووچۆت پێدەکات."ئەوان لەهەمووڕوویەکەوە پشتگوێخراون". ئەو گوتی:"لەفینلەندا خاوەن پێداویستی تایبەت کە نابینابێت یان نەیتوانی بەپێ بڕوات حکوومەت چەند کەسێکی داناوە کە لەگەڵیەتی و هاوکاری دەکات. خاوەن ماڵی خۆیەتی و لەداموودەزگاکان کار دەکەن و خۆیان بژێوی خۆیان پەیدا دەکەن، چونکە سیستەمی حکوومەت هەموو کارئاسانی بۆ کردووە پێویستی بەهیچ شتێک نییە".

## دەیان زەماڵەی خوێندنی بۆ خوێندکارانی کورد وەرگرتووە

میدیا لەبەرنامەیدایە سەردانی هەرێمی کودستان بکات و چاوەڕوانی وەڵامی وەزیری خوێندنی باڵای حکوومەتی هەرێمە کە بانگهێشتی بکات، چونکە بەنیازن رێککەوتنامەیەک بۆ دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان، بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا لەفینلەند، واژۆبکەن"توانیوومە دەیان کورسی خوێندن لەزانکۆی هێلسینکی پایەتەختی فینلەند بۆ قوتابیانی هەر چوار پارچەی کوردستان وەربگرم، خوێندنەکە بێبەرامبەرەو هەرێمی کوردستان تەنیا مەسرەفی مانەوەی ئەو قوتابیانە لە فینلەندا دەکات". میدیا داوای لەکە کەناڵە کوردییەکان کرد کە لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی فینلەندا پاڵپشتی بکەن.

### پرۆفایل

١٩٨٤ میدیا زاهیر حەتەم. لە کەرکووک لەدایکبووە

١٩٩١ لەکۆڕەوی هەرێمی کوردستان بریندارببووەو لەسەر کورسی جوولاو دادەنیشێت و خاوەن پێداویستی تایبەتە.

١٩٩٤ بەهاوکاری د.کالی ئۆگوستسۆن بۆ چارەسەرکردن چووەتە فینلەندا.

٢٠٠٧ بەکالۆریۆسی لەکۆلێژی ئابووری و بازرگانی لەفینلەند وەرگرتووەو ئێستا قوتابی کۆلێژی یاسایە.

ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای راسیپۆرییە لەفینلەند.

زمانی کوردی، سویدی، فینلەندی و ئینگلیزی دەزانێت.

پاڵێوراوی پەرلەمانی فینلەندە.

www.mereweye.com

# ژنان داوای کۆنفرانسی نەتەوەیی دەکەن

چالاکڤان و سیاسەتمەدارانی ژنی هەر چوار پارچەی کوردستان لەکۆبوونەوەیەکدا لەدهۆک هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە خۆیان بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی دووهەمی ژنی کورد ئامادە دەکەن، داوای گرێدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەن. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەکردنەوەی ناوەندێکی هاوبەش بۆ ئاگاداربوون و چارەسەرکردنی کێشەی ژنی کورد لەهەرچوار پارچەی کوردستان کراوەو داوا لە تورکیاش کراوە کە وەڵامی ئاگربەستەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان بداتەوە.



بەرەڤان ئەحمەد

تایبەت

لەرۆژانی١٧-١٨-٢٠١٠ کۆبوونەوەی ئامادەکاری کۆنفرانسی دووهەمی ژنانی کوردستان بە بەشداری نوێنەرانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی، پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی کۆمەڵە- سوسیال دیموکراتی کوردستان، پارتی دیموکراتیکی بەشدار، پارتی ماف و ئازادییەکان، پارتی کومونیست، یەکگرتوو ئیسلامی، یەکیتی نیشتمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، بزووتنەوەی ژنانی ئازادو دیموکراتیک، ئاکادیمیست، نووسەر، پارێزەر، رۆژنامەڤان و ٢٢ چالاکڤانی ژن، بەڕێوەچوو.

ئامینە زکری ئەندامی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆبوونەوەکە لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین رایگەیاند کە لەو دانیشتنەیاندا داوایان لەوڵاتانی داگیرکەری کوردستان کردووە کە کێشەی کورد لەرێگەی ئاشتی و دیموکراسییەوە چارەسەر بکەن.

هاوسەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان نەجیبە عومەر، لەوبارەیەوە دەڵێت کە کۆبوونەوەی ژنانی کورد"واتایەکی گرنگی هەیە، چونکە بۆ جاری یەکەمە ژنانی کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستان لەدەوری یەک کۆدەبنەوە".

نەجیبە عومەر، تەوەرەکانی کۆبوونەوەکەی بۆ وارڤین ئاشکراکرد وگوتی:"دوو تەوەری سەرەکی باس کراوە. یەکەم رۆڵی ژن لەپێشخستنی یەکیەتی نەتەوەیی کورد داو دووهەم، رۆڵی ژن لە تێکۆشانی ئازادی و رەگەزیدا". نەجیبە، هەروەها جەخت لەوەدەکاتەوە کە ژن رۆڵێکی گرنگ لەئاشتیدا دەگێرێت و پێویستە لەکایەی سیاسی و دیموکراتیزەکردنی وڵاتدا بەشداری پێبکرێت.

ئەنجامدانی کۆنفرانسی ژنانی کورد بیرۆکەی کۆمیتەی هەوڵدانی ژنانی کوردە لە باکووری کوردستان بەسەرۆکایەتی لەیلا زانا. کۆنفرانسی یەکەمی ژنانی کورد لە٢٤-٢٥ نیشانی ٢٠١٠دا لە ئامەد و بەبەشداری ژنانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەڕێوەچووە.

لەیلا زانا، گوتی:"ئەوە جاری یەکەمە کە ژنی کورد سنووره هەستیار و بەئەنقەستە سەپاو و سیاسییەکانی خۆی دەبەزێنێت و لەدەوری یەک کۆدەبێتەوەو رێککەوتن دەکات".

هاوکات ئەندامی کۆمیتە ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان شیرین ئامێدی کە یەکێکی دیکە بوو لەبەشداربووانی کۆبوونەوەکە گوتی کە ئەو کۆبوونەوەیەی لەدهۆک بەڕێوەچوو، ئەنجامی کۆنفرانسی یەکەمی ئامەدبوو"لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کەلەدەستپێکی ٢٠١١ کۆنفرانسی دووهەمی ژن لەهەولێری پایتەخت ببەسترێت و رەوشی ژن و داهاتووی دۆزی کوردی تێدا تاوتوێ بکرێت".

شیرین ئامێدی گوتی:"ئامانج لەو کۆنفرانسە ئەوەیە کە چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتیش بەشداربن و هێزێکی باش بۆ ژنی کورد بەرجەستە بێت و بتوانین بڕیاری گرنگ دەربکەین و لەوانەیش داوای گرێدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد بکەین".

ئامادەکارانی کۆبوونەوەکە ئاشکرایان کرد کە نوێنەری سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەکۆبوونەوەکەدا بەشداربوون و گرووپ بۆ ئەوە دروستکراوە کە هەرکام لەلایەن خۆیەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی پارچەکەی خۆیدا لەپێناو بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییدا قسە بکات.

لەیلا زانا، لەکونگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەهەولێر رایگەیاند کە کۆمەڵەی کاری ژنان بەپێی ئەنجامی کۆنفرانس لەپێناو ئاشتیدا رۆڵی خۆیان دەگێڕن و هەوڵدەدەن کە بەخێرایی کۆنفرانسی نەتەوەیی پێکبێت.

www.netewe.com



کۆبوونەوەی ژنانی کورد لە دهۆک

سەبری بەهمەنی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە- پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان ئەنجامدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد بەپێویست دەزانێت و جەخت لەوەدەکاتەوە، ئەرکی سەرکردایەتی کوردە ئەو کۆنفرانسە گرێبدات.

بیرۆکەی گرێدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد بۆ یەکەمجار دووساڵ لەمەوپێش لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراو چاودێرانی سیاسیش هۆکاری بەڕێوەنەچوونی کۆنفرانسەکە بۆ دەستی دەرەکی دەگەڕێننەوە.

گرێدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد داواکاری تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە لەپێناو یەکخستنی ڕیزەکانی کورد و چارەسەر پرسی کورد لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشبووە.

هاوسەروکی پارتی چارەسەریش دەڵێ "ئەگەر کۆنفرانسی نەتەوەیی لەوە زیاتر دوابکەوێت مەترسی ئەوەی هەیە دەوڵەتانی داگیرکەر پلانیان بۆ تێکدانی هەبێت. ئەگەر ئێمە باس لە ئاشتی دەکەین پێویستە ئەوە بزانین کە تا کورد یەکدەنگ نەبێت ئاشتی مسۆگەر نابێت و ناتوانین لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا بکەوینە دیالۆگ".

**یاداشتێک ئاراستەی تورکیا یوئێن و پەکەکە کرا**

ئامینە زکری ئەندامی پەرلەمانێ کوردستان و لەئامادەکارانی کۆبوونەوەکە بە (وارڤین)ی گوت کە نامەی ئاشتییان بۆ دەوڵەتی تورکیا و نەتەوەیەکگرتووەکان و پەکەکە هەناردووە.

ئامینە گوتی: "لەنامەکاندا داوای ئاگربەستی دوولایەنە لە تورکیا کراوەو هەروەها داواش لە پەکەکە کراوە کە درێژە بەئاگربەستەکەی بدات و هەردوولا کۆتایی بە شەڕ بێنن".

نەجیبە گوتی کە لەدوو پارچەی کوردستان شەڕێکی دژوار بەڕێوەدەچیت و بو راگرتنی ئەو شەڕە پێویستە ژن ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا پێداگری لەسەر ئەوە کرا کە حکوومەتی هەرێم لەئاشتەوایی باکووری کوردستاندا ڕۆڵی هەبێت. "ڕاستە حکوومەتی هەرێم هەمیشە پشتگیری لەچارەسەری ئاشتییانە کردووە، بەڵام تائێستا داوای لەتورکیا نەکردووە کە ئاگربەست رابگەیەنێت".

**ناوەندێکی هاوبەشی ژنان دروست دەبێت**

ئامینە زکری، گۆتی کە بۆ ئەوەی یەکێتیەکی ژنانی کورد دروست ببێت، بڕیاردراوە کە ناوەندێکی هاوبەشی ژنان دروست بکرێت و لەو پێناوەدا کار بکات.

"بەرنامەی کاری ناوەندەکە لە کۆنفرانسی هەولێردا گەنگەشە دەکرێت و هەموومان لەگەڵ ئەوەدابووین کە رێکخراوێک بۆ ژنانی کورد دابمەزرێت و ژنانی بیانیشی لەو دەستپێشخەرییەدا بەشداربن. کار بۆ ئەوە دەکەین لەداهاتوودا ناوەندێکی ژنی کورد دروست ببێت کە ژنی هەر ٤ پارچەی کوردستانی تێدابێت و لەبواری نەتەوەیی، تێکۆشانی ئازادی و بەرگریکردن لەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، کارا بێت. هەروەها ئەو رێکخراوە بتوانێت لەبوارەکانی سیاسی، یاسایی و کۆمەلایەتیدا تێبکۆشێت و دیوانێکی سەرۆکایەتی هاوبەشیشی هەبێت".

سەبری بەهمەنی، گوتی: "ئەوە بۆ جاری یەکەمە ژنی کورد لەدەوری یەک کۆدەبێتەوەو پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوێی لەپەیامی ژنی کورد بگرێت و ستراتیژییەکی نەتەوەیی و زمانی هاوبەشی نەتەوەیی دابمەزرێنێت".

وەک ئامادەکارانی کۆبوونەوەکە ئامازەیان پێدا تەنیا نوێنەرانی رۆژئاوای کوردستان لەکۆبوونەوەکەی دهۆکدا بەشدار نەبوون، ئەویش لەبەرئەوەی دەوڵەتی سوریا رێگەی پێنەدابوون سنوور دەرباز بکەن.

www.netewe.com



سەرپەرشتیاری سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی ئیمێلی بەنازێت بۆ وارڤین:

# کە هاتمە کوردستان زانیم

سەرپەرشتیاری سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی لە هەولێر ئیمێلی بەنازێت، زانیاری هاتنی ڕێکخراوێکی بەناوبانگی فەرەنسی بۆ هەرێم ئاشکرا کرد کە بارەگاکەی لەسەر قەلای هەولێر دەبێت و چەند چالاکی بایەخدار لەهەرێم ئەنجامدەدات. هەروەها گوتی"بودجەی ٥ ڕێکخراوی مەدەنی هەرێمی کوردستان دەخەینەسەر وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا".



www.renewe.com

# ژن کێشەی هەیە

## سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی

سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی لەهەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٨ لەهەولێر دامەزراوەو ماوەی دوو ساڵە چالاکی و نمایشی فیلمەکان و ڕێکخستنی ڕۆژی جیهانی میوزیک و سینەما لە هەولێر و سلێمانی دەکات. ئەو سەنتەرە وێڕای ئەوەی کۆرسی زمان بۆ هاووڵاتییانی هەرێم دەکاتەوە، هاوکات پارساڵ زیاتر لە ١٠٠ قوتابی بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا، ڕەوانەی فەرەنسا کراوە. سەرپەرشتیاری ئەو سەنتەرە ئێمیلی بەنازێتەو لەساڵی ١٩٨٢ لە پاریس لەدایکبووە. ئێمیلی، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەسیاسەت. ئەو لەساڵی ٢٠٠٨ لەو سەنتەرە دەستبەکاربووەو لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی فەرەنساوە بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانکراوە. ئەو دەڵێ، پێشتر لەچەند وڵاتی دیکەی جیهان وەک: ئەفغانستان، مەکسیک، لوبنان کاری کردووەو هەروەها لەڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی جیهانی کاری پەرەپێدانی مرۆڤی کردووە."لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو چالاکی میوزیک، ڕۆژی جیهانی سینەما، کۆرسی خوێندنی زمانی فەرەنسی، لەگەڵ دروستکردنی کورتەفیلمی دۆکیۆمێنتاریمان لە هەرێم کردووەو نزیکەی ٥٠٠ هاووڵاتی کورد لەو سەنتەرە کۆرسی زمانی فەرەنسی وەرگرتووە". ئێمیلی ئاماژەی بەوەدا لەماوەی ئەو دووساڵە دوو قوتابخانەی فەرەنسییان لە سلێمانی و هەولێر کردووەتەوە.

## فەرەنسا بودجەی ٥ ڕێکخراوی هەرێم دابین دەکات

یەکێک لەکارەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی سازدانی کۆڕ و کۆنفراسی زانکۆکانی هەرێم بووە. لەوبارەیەوە ئێمیلی دەڵێ:"لەبواری ماتماتیک و کەلتوور و شوێنەوار کارئاسانیمان بۆ هەندێ زانکۆی هەرێم کردووە". ئەو باسی لەوەشکرد کە پارساڵ دەزگای کوردی- فەرەنسییان لەسلێمانی دامەزراندووە، بەڵام دواتر دەزگاکە داخراو هۆکارەکەشی بۆ سەرۆکی دەزگاکە گەڕاندەوە کە دایخستووەو تائێستا چالاکییەکانی ڕاگرتووە. وێڕای ئەوەی ئاماژەیدا لەهەوڵی ئەوەدان جارێکیتر دەزگاکە لەسلێمانی ئەکتیڤ بکەنەوە، بەڵام بەگرنگیشی دەزانێ دەزگایەکی کوردی- فەرەنسی هاوشێوەی سلێمانی لە هەولێر بکرێتەوە.

ئەو دەڵێ، لەزۆربەی شوێنەکانی دنیا سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی هەیەو چالاکییەکانی ئەو سەنتەرەش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر دەگوازنەوە، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت گەلان شارەزایی لەکەلتووری یەکتر پەیدا بکەن. ئێمیلی ئاشکرایکرد کە ٢٠ ڕێکخراوی مەدەنی هەرێمی کوردستان پرۆژەیان پێشکەشی ئەو سەنتەرە کردووە، تا لەلایەن فەرەنساوە بودجەیان بۆ دابینبکرێت، بەڵام لەو ژمارەیەدا ٥ ڕێکخراو بودجەیان لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا بۆ دابیندەکرێت. لەبارەی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئەو ٥ ڕێکخراوە ئێمیلی دەڵێت"مەرجەی ٥ ساڵ ئەزموونی کارکردن و چالاکی کارکردنی ڕێکخراوەکانیان، لەبواری منداڵ و ژنان و لایەنی مرۆڤایەتی بوو".

## ڕێکخراوێکی بەناوبانگی فەرەنسی بایەخ بە هەرێم دەدات

لەبارەی پلانی داهاتوی سەنتەر، ئێمیلی دەڵێ، بەردەوام دەبین لە بەرنامەی کۆرسی زمانی فەرەنسی، دەرهێنانی فیلم و پیشانگەو کۆنفرانسەکان. هەروەها ئاشکرایکرد، پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی ناڤینی فەرەنسیEfpo کە ڕێکخراوێکی فەرەنسیەو لەبواری کەلتوور و مێژوو توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کاردەکات،١٢ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لە هەولێر دەست بەکارەکانی دەکات و بارەگاکەی لەسەر قەڵای هەولێر دەبێت"لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە توێژینەوە لەسەر هەرێمی کوردستان دەکەین و بایەخ بەلایەنی شوێنەواری هەرێم و کەلتوور دەدەین".

## دوو فیلمی کوردی دەچێتە فێستیڤاڵی فەرەنسا

نمایشی کورتە فیلمی دۆکیۆمێنتاری چالاکییەکیتری سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسیەو ساڵانە لە هەولێر و سلێمانی چەند کورتەفیلمێک ئامادەدەکرێت. فیلمەکان لەلایەن دەرهێنەری کوردی ناوەڕۆکیان هەڵدەبژێردرێت و سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی سپۆنسەریان دەبێت و ڕاهێنان بەدەرهێنەری فیلمەکە دەکرێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ستاندارد فیلمەکە دروست بکرێت. تائێستا چوارجار کورتە فیلمی دۆکیۆمێنتاریان لەکوردستان نمایشکردووە کە سێجار لەسلێمانی و ڕۆژی ٢٦ مانگی ڕابردوویش لە هەولێر ٦ کورتە فیلمی دۆکیۆمێنتاری نمایشکران. ئێمیلی دەڵێ"ئەو فیلمانەی ساڵی ڕابردوو لەلایەن دەرهێنەری کورد بەهاوکاری سەنتەری ڕۆشنبیری دروستکران، دووانیان لەفیستڤاڵی ساڵانەی فەرەنسادا نمایشکران و بۆ ئەمساڵیش هەوڵدەدرێت دوو فیلمیتر ڕەوانە بکرێت". ئەمەشی بەڕێگەیەکی گونجا زانی تا لەفەرەنسا کەلتووری کوردی بناسرێت و لە کوردستانیش خەڵک شارەزای کەلتووری فەرەنسی بکرێت. ئێمیلی ئەوەشی خستەڕوو لەڕووی میوزیکەوە ئەوان گرووپی میوزیکی نالیان ڕەوانەی فەرەنسا کرد، تا لەوێ چالاکییەکانیان نمایش بکەن.

## ژن لە هەرێمی کوردستان چانسی هەیە

ئێمیلی دەڵێ، لە هەرێمی کوردستاندا ژن چانسی هەیە بەرەوپێشبچێت و ڕۆژبەڕۆژ دەتوانرێت کێشەکانیان بەڕێگەی نەوەی نوێ کەمبکرێتەوە"گرنگە پیاو تێڕوانینی خۆی بەرامبەر بە ژن بگۆڕێت، هەروەها پێویستە ژنانی هەرێم هەندێ دابونەریتی کۆن فڕێبدەن. ژنی کورد چانسی هەیە پێشبکەوێت، بەڵام من خۆشحاڵم کە لەفەڕەنسا لەدایکبووم. کاتێ هاتمە هەرێمی کوردستان ئەوکات زانیم ژن کێشەی هەیە". چونکە وەک باسی کرد وێڕای ئەوەی لە فەرەنساش ژن کێشەی هەیە، ئەو نەوەی نوێ بووەو جیلی کۆنی فەرەنسا کاریگەری لێی نەکردووە. بۆیە بەپێویستی دەزانێ کە ژنانی کوردیش واتە ئەوانەی نەوەی نوێن، وا بیربکەنەوە تا کاریگەری پێشوویان بەسەر نەبێت و هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن.

## پێویستە دادوەری ژن هەبێت

ئێمیلی، بۆچوونی وایە بۆ ئەوەی پرسی ژن لەهەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوەبچێت، پێویستە بایەخ بەزیادکردنی دادوەری ژن لە دادگاکان و زیادکردنی ڕێژەی ژن لە پۆلیس بدرێت، هەروەها بەیاسا زەمینە بۆ ژن بڕەخسێت کە مافی سکالای هەبێت و بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆی شەرم نەکات.

www.netewe.com

# شوفێری تەکسییەك ژنێکی مەسیحی رفاند





شوفێری تەکسییەک دوای ئەوەی کاتژمێر هەشتی شەو، ژنێکی مەسیحی لەشەقامی پزیشکانی هەولێر دەگەڕێنێتەوە عەنکاوە، دەیڕفێنێت و دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەر.

شارەدێی عەنکاوە کە سەر بەقەزای ناوەندی هەولێرەو ژمارەی دانیشتووانی ٢٢ هەزار کەسە، زۆرترین رێژەی دانیشتووانی کریستیانە. (ئ.ا) ژنێکی مەسیحییەو لەدایکبووی١٩٨٧و دانیشتووی گەڕەکی مارتشمۆمنی عەنکاوەیە. ئەو شوویکردووەو ژنی ماڵەوەیە. لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلیان نییە، ناچارە بەتەکسی هاتووچۆ بکات. بەپێی قسەکانی (ئ.ا) ئەو بەرێکەوت لەبازاڕی هەولێر شۆفیری تەکسییەکی بەناو (س.ن) و ئەویش گەیاندوویەتەوە عەنکاوەو دواتر ژمارەی تەلەفۆنەکەی لێوەرگرتووەو پێیگوتووە کە هەرکاتێک تەکسی پێویست بوویێت لەگەڵی هاتۆچوو بکات.

(ئ.ا) دەڵێ"هەر کاتێ پێویستییەکم لە بازاڕ یان لە هەر شوێنێک هەبوایە، تێلم بۆ (س.ن) دەکردو ئەویش کارەکانی بۆ ئەنجام دەدام". وەک لەگوتەی (ئ.ا) هاتووە کە لەبنکەی پۆلیسی عەنکاوە سکالای کردووە، شەوی ٢١-٩-٢٠١٠، کاتژمێر ٨ شەو ویستوویەتی بچێتە شەقامی پزیشکانی هەولێر و بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی بە (س.ن) کردووە. دوای ئەوە (س.ن) دەیگەیەنێتە شەقامی پزیشکان و کارەکانی تەواو دەبێت، لەگەڕانەوەدا نایگەڕێنێتەوە عەنکاوەو دەیباتە بەحرکە. (ئ.ا) دەڵێ"کاتێ منی رفاند بۆ بەحرکە زۆر هەوڵیدا دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەرم، بەڵام خۆم رادەستی نەکرد". بەپێی گوتەکانی (ئ.ا) لەو کاتەدا کە (س.ن) زانیویەتی (ئ.ا) خۆی رادەست ناکات، جانتاکەی لێسەندووە کە بڕی ٦٥٠ هەزار دینارو ناسنامەو چەند کەلوپەلێکی تری تێدابووە، دواتر رایکردووەو ئەوی لەو شوێنە جێهێشتووە. دواتر (ئ.ا) لە پۆلیسی عەنکاوە سکالای تۆمارکردووەو گوتوویەتی کە (س.ن) موسلمانەو نیشتەجێی شاری هەولێرە، رەنگی تەکسیەکەی سپی و پرتەقاڵییە. دادوەری لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیسی عەنکاوە بڕیاری دەستگیرکردنی (س.ن)ی بەماددەی ٤٥٢ لەیاسای سزادانی عێراقی دەرکرد و بۆ ئەو مەبەستە بەڕیوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێری لێ ئاگادارکرایەوە، تا تاکسیەکە بدۆزرێتەوەو خاوەنەکەی رادەستی بنکەی پۆلیس بکرێت.



www.netewe.com

تەلار لەتیف

# هێنانی ژنی دووهەم واتە مردنی لەسەرخۆ؟!

زۆر قورسە بەناوی دادپەروەرییەوە توندوتیژی بەرامبەر رەگەزێک بکرێت و مافی کەسێکی دیکە پێشێلبکرێت لەبەرئەوەی ژنە. ئەو دادپەروەرییە چ دادپەروەرییەکە!؟ هێنانی ژنی دووهەم، مردنی ژنی یەکەمە لەڕووی مەعنەوییەوە، لەبەر ئەوەی هیچ ژنێک نییە ئەو"ئیهانەیە" قبووڵبکات کە بەرامبەری دەکرێت. بەڵام لەکاتێکدا بڕیار لەڕووی کۆمەلایەتی و ئابووری لای ژن نەبێت. ئەو چەکەیە کە وایلێدەکات ئەو بڕیارە قبووڵ بکات، نەک باشی کردارەکە، چونکە گەر لەهەموو روویەکەوە هێنانی ژنی دووهەم لێکبدەینەوە حیسابی دادپەروەری تێدانییە کە بیانووی بۆ دەهێنێتەوە. گەر لەڕووی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە بتوانێت دادپەروەر بێت، هەرگیز ناتوانێت لەڕووی سۆزو خۆشەویستییەوە دادپەروەر بێت، چونکە دادپەروەری پیاوەکەوە لەورۆژەوە نامێنێ کە بڕیاری ژنی دووهەم دەدات. ئەوەش قورسترین توندوتیژییە بەرامبەر ژن دەکرێت، بۆیە دەبێ بەهەموو شێوەیەک کار بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەو قەدەغەکردنی. چونکە دەبێتە هۆیەک بۆ لێکترازانی خێزان و هەندێجار لادانی ژن کە بەهۆی ئەو جیاوازی سۆز و خۆشەویستییەو نادادپەروەرییەوە وایلێدێت رێگەیەکی دیکە هەڵبژێرێ. دەبێت ژنیش هاوبەشی پیاو نەکات لەو تاوانە بەوەی کە ببێت بە ژنی دووهەم. نابێ خۆشی خۆمان لەسەر ناخۆشی ژنێکی دیکە بنیاتبنێین کە هاوڕەگەزمانە.

ڕێگەدان بەهێنانی ژنی دووهەم کێشەیە نەک چارەسەر، پێویستە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە بەرنامە کار بکەن لەسەر هاندانی گەنجان بۆ هاوسەرگیری کە هۆی سەرەکی باری ئابوورییە، گەر ئەو کۆسپە ئابووری و کۆمەلایەتییانە چارەسەرکرا ئەوا دەتوانرێت بە یاسا ئەو پێشێلکارییە بنبڕبکرێت.

راستە گۆڕانکاری لەیاسای باری کەسێتی کراوە سەبارەت بەهێنانی ژنی دووهەم، بەڵام ئەو یاسایە لەئاست داخوازی ژناندا نییەو بەپێچەوانەوە رێژەی هێنانی ژنی دووهەم زیادی کردووە، کەمی نەکردووە. دەبێ بە یاسا قەدەغە بکرێت و مەرج دانەنرێت، لەگەڵ یاساکەشدا پێویستە هۆشیاری یاسایی و کۆمەلایەتی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا بلاوبکرێتەوە، چونکە هێنانی ژنی دووهەم هەرگیز چارەسەر نییە، بەڵکو لێکترازان و دروستکردنی گیروگرفت و توندوتیژییە بۆ ژن.

بۆیە پێویستە یاسایەکی جێبەجێکراو هەبێت بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن تا بتوانین رێگربین لە لێکترازانی خێزان و توندوتیژی، چونکە ژنی دووهەم بۆتە هۆکارێک بۆ جیابونەوە، بۆیە پێویستە رێگەی لێبگرین.

* پارێزەر

زانا سەعید رۆستایی

# ڕێگرتن لە چەندژنی زەوتکردنی مافی ژنانە

بەڕای من دەستەواژەی فرەژنی هەڵەیەو راستییەکەی"چەند ژنەیە"چونکە "فرە" بۆ ژمارەیەکی بێکۆتایی بەکاردێت"چەند" بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو. ئایینی ئیسلام رێگەی بەهێنانی ١تا٤ ژن داوە، بەڵام بەڕای من پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان دوو شت لەو دیاردەیەدا. واتە"لایەنی تیۆری و لایەنی کرداری"، چونکە وەک لایەنی تیۆری چەندژنە کارێکی رەوایەو قورئانی پیرۆز رێگەی پێداوە بەگوێرەی چەند مەرجێک، هەرکەسێ بڵی رەوا نییە، ئەوا وادیارە خۆی پێ لەخودای گەورە،زاناترە."پەنا بەخوا" کە مرۆڤی موسوڵمان رێگا بەخۆی نادات ئەو ناماقوڵییە بکات، بەڵام لەڕووی کردارییەوە ئایا مرۆڤەکان تاچەند توانیویانە پابەندی ئەو مەرجانەی قورئانی پیرۆز بن و توانیویانە فەلسەفەی چەندژنە بێننەدی ئەوە پرسێکە قسەی زۆر هەڵدەگرێت.

لەئەنجامی راپرسییەک لەسەر نزیکەی ٤٠٠ کەس لەو پیاوانەی زیاتر لەژنێکیان هەیە، لەهەموو ناوچەکانی کوردستان ئەنجاممداوە، هیوادارم بەمزووانە ئەنجامە کۆتاییەکانی بلاوبکەمەوە. بۆ دیراسەکردنی لایەنی کرداری ئەو دیاردەیەو بەدەستهێنانی وەڵامی چەند پرسیارێک کە سەرئەنجام دەریدەخات ئەو خەڵکانە دوای هێنانی ژنی دووهەم تاچەند سەرکەوتوبوون لەژیان.

چەندژنە پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ مافی ئەو ژنانەی هەیە کە نەیانتوانیوە ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێن، یان هاوسەریان نەماوەو وەک هەر ئافرەتێکی دیکە حەزدەکەن خاوەنی هاوسەری خۆیان بن و ئەو تەمەنەی ماویانە لەژیان لەباوەشی خێزانێکدا بەسەری ببەن. وەک خەڵکی دیکە ببنە خاوەن ماڵ و منداڵ و هاوسەر. بۆیە قسەکردن لەقەدەغەکردنی چەندژنە پێشێلکردنی مافی ئەو ژنانەیە لەژیانی خێزانیدا. لەلایەکی دیکەوەپەیوەندی بە ماف و ژیانی هاوسەری یەکەمەوە هەیە کە پێویستە دادگەری و رێزی بەرامبەر ئەنجامبدرێت، بەڵام پێویست ناکات ئەو هاوسەرە ئەوەندە خۆپەرست بێت، رێگا لەپیاوەکەی بگرێت لەکاتی پێویستدا سەرپەرشتی ئافرەتێکی دیکە بکات، بەڵکو پێویستە هاوسۆزی و بەخەمەوەبوونی هاوڕەگەزی خۆی پێوەدیاربێت، چونکە بەبڕوای من ئەوەندەی ژنان لەلایەن هاوڕەگەزەکانی خۆیانەوە دەچەوسێندرێنەوەو مافیان پێشێلدەکرێت زۆر کەمتر لەو رێژەیە لەلایەن پیاوانەوە بێدادییان لەگەڵ دەکرێت. جا چ لەشێوەی فەرمانبەر یان بووک و خەسوو یان هەوێداری یان لەکاتی دەنگدانە گشتییەکانەوەبێت.

بۆیە چەندژنە وەک چارەسەر بۆ هەندی حاڵەتی کۆمەلایەتی، نەک بۆ هەواو "ئارەزوو" من بەپێویستییەکی گرنگی کۆمەڵگای دەزانم، بەمەرجێک بە یاسا رێکبخرێت. پێویستە لەسەر حکوومەتی هەرێم بۆ پشتگیریکردن لەهاوسەرگیریکردن لەگەڵ بێوەژن و گەورەکچاندا، کۆمەڵێک هاندەر و حەوافیز پێشکەش بکات، چونکە بەو هۆیە چەندین گرفتی کۆمەلایەتی چارەسەر دەبن و بارگرانی زۆریش لەسەر حکوومەت لادەکەوێت و چەندین کێشەی کۆمەلایەتی گەورە رێگایان لێ دەگیرێت. رێگەنەدان بەچەندژنەی شەرعی، رێگەخۆشکردنە لەبەردەم خیانەتی هاوسەران و لادانی کۆمەلایەتی و دەرگاداخستنە لەبەردەم ئەو ژنە پاکانەی کە بێهاوسەر ماونەتەوە بۆ بونیاتنانی داهاتوویەکی کامەران لەباوەشی خێزاندا.

* پارێزەر و ئەندامی دەستەی باڵای یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان



www.netewe.com

# ئیمۆکان کێن؟

## سەرەڕای بەردەوامی توانجەکان ئیمۆ

سلێمانی

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات لەسەرانسەری دونیادا مۆدێلەکانی جلوبەرگ و خۆڕازاندنەوەی جەستەو روخسار گۆڕانی بەسەردادێت و زۆرترینی ئەو گۆڕانکارییانەش لەتوێژی گەنجاندا دەبینرێت. زۆرجاریش گەنجان بەبێئەوەی هیچ زانیارییەکیان هەبێت لەسەر ئەو شێوازانە دەکەونەژێر کاریگەرییەوەو دووبارەی دەکەنەوە.

هەرچەندە ئیمۆ، رۆشنبیرییەکە پەیوەستە بەبزووتنەوەی میوزیکی توندی رۆکەوەوەو لەسەرەتای هەشتاکانەوە لەئەوروپا سەریهەڵداوە،بەڵام ماوەی (٣)ساڵە بووە بەمۆدێلێک و بەشێک لەگەنجانی کوڕ و کچی هەرێمی کوردستان و لەناویشیاندا سلێمانی وەک شێوازێک بۆخۆیانیان هەڵبژاردووە.

هۆزان جەبار، (١٨)ساڵ، خەڵکی هەڵەبجەیەو لەپەیمانگای وەرزشی سلێمانی دەخوێنێت گوتی"٤ مانگە ئەم شێوازەم بۆ قژم داناوەو ئەو کەسانەم دەبینی ئیمۆن زۆر بەلامەوە جوانبوو، ئیدی بڕیارمدا منیش ببم بەئیمۆ".

ئەو گوتیشی:"ئەوەندەی زانیاری لەسەر مێژووی ئیمۆ هەیە دەڵێن ژن و مێردێک لەکۆندا لەئەمریکا ژیاون هەر منداڵیان نەبووە پاش ئەوەی دوای ١٥ساڵ منداڵێکیان بووە زۆر ناشیرین دەرچووە، ئیتر قژیان بۆ هێناوەتە سەر چاوی تا ناشیرینیەکەی بشارنەوەو لەوکاتەوە ئەمشێوازە سەریهەڵداوە".

هۆزان گوتیشی:"یەکەمجار ئەم شێوازەم هەڵبژاردو خەڵک بینیانم هەندێکیان گوتیان جوانە بەتایبەت گەنجان، بەڵام تووشی توانجیشبووم لەلایەن کەسانی بە تەمەن وماڵیشەوە زۆر پێیاننا خۆشە ئیمۆم و لێمتووڕەبوون".

ئەو کوڕە گەنجە گوتیشی"گەنجانی ئیمۆ جوان وسەرنجڕاکێشن و کچان و کوڕانی ئیمۆ زیاتر سەیری یەکتر دەکەن و کە ئیمۆیەکیش دەبینم ئاسوودە دەبم".

سەبارەت بە بەردەوامبوونی لەسەر ئەم شێوازە هۆزان گوتی:"گرنگ نییە چ مانایەکی هەیەو لەکۆندا کێ ئیمۆ بووەو من ئێستا بۆ مۆدێل کردوومەو هەرکاتێک مۆدێلی نەمێنێت و لێی بێتاقەتبووم ئەوا دەیگۆڕم بەستایلێکی دیکە".

ئیمۆکان، لەڕێگەی شێوازی جلوبەرگ پۆشینیان و قژیانەوە دەناسرێنەوەو کاوبۆ و کراسی تەسک لەبەردەکەن و بەقژیان چاویان دادەپۆشن و بەشێوەیەکی تایبەتی بەڕێگادا دەڕۆن و بەزەحمەتیش کوڕ و کچی ئیمۆ لەیەکتر جیادەکرێنەوە.

نانکۆی ()١٧ساڵ کە خوێندکارە، یەکێکی دیکەیە لە گەنجە ئیمۆکانی سلێمانی. ئەو لەکاتێکدا لەگەڵ هاوڕێکانی پیاسەی دەکرد لەدوورەوە بەشێوازە تایبەتیەکەی لەناویاندا سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی رادەکێشا.

نانکۆ بۆ وارڤین گوتی:"ماوەی ساڵێکە بووم بەئیمۆ و چەند برادەرێکین هەموومان ئیمۆین و پێکەوە دەچین بۆ شوێنە گشتییەکان و ئەمەوێت دەرکەوم و نامەوێ گەنجێکی تەقلیدی بم و حەزم بەگۆڕانکارییە".

ئەو گوتیشی:"لەلایەن کەسانی بەتەمەن تووشی توانج دەبم و تەنانەت هەندێکجار برادەرە گەنجەکانیشم سەرزەنشتم دەکەن و گاڵتەم پێدەکەن، بەڵام من گوێی نادەمێ". ئەو کوڕە گەنجە باسی لەوەش کرد، ئیمۆ، مانای جیاوازی هەیەو لەدەرەوەی وڵات مانای خراپی هەیە، بەڵام ئەو تەنیا بۆ مۆدێل خۆی کردووە بەئیمۆ"گرنگینادەم بەماناکەشی ئەگەرچی خراپیش بێت".



وەستا رۆژگار، خاوەن سەرتاشخانەیە لە سلێمانی دەربارەی حەزی گەنجان بۆ قژ چاککردن بەشێوازی ئیمۆ بۆ وارڤین دواو گوتی:"ستایلەکان ساڵبەساڵ

www.netewe.com

# ـانی سلێمانی لە شێوازەکەیان بەردەوامن



لـەگـۆڕانـکـاریـدان، گـەنـجـانـی سلێمانیش. هەمیشە حەزیان بەگۆڕانکاری هەیە. ماوەی ٣ساڵە بەمشێوازە قژیان چاکدەکەن وەک شێوازێکی سەردەمییانە بۆ خۆیانیان هەڵبژاردووە".

ئـەو سـەرتـاشـە بـاسـی لـەو کـەسـانـەش کـرد، دەیانەوێت لەسەر ستایلی ئیمۆ سەریان چاک بکەن و گوتی:"ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لەتەمەنی مێرد منداڵییەوە تا تەمەنی٢٢ ساڵ لـەپـیـشـە جیاوازەکان مـوشـتـەریـم هـەیـەو داوا دەکەن بەشێوازی ئیمۆ سـەریـان بۆ چاک بکەم".

گـوتـیـشـی:"لـەسـەر داواکـاری گەنجەکە خۆی سـەری بۆچاک دەکەین و زیاتر گەنجان چاولێکەری ئەوروپییەکان دەکەن".

یوسفی تەمەن ١٩ساڵیش کە قژە ڕەشەکەی بەرچاوی گرتبوو و چەند زنجیرێکی جـۆراو جـۆری لەملدابوو، جـیـاواز لـە گـەنجە ئیمۆکانی دیکە خەریکی کرێکاری بـوو، گوتی:"خەڵک وادەزانێت ئیمۆ تایبەتە بەگروپێکی ڕاپەر یان میوزیک، بەڵام من کرێکاریشم و ئیمۆشم، گەنج ئازادە چ ستایلێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و حەزدەکات چۆن بێت".

ئەو کوڕە بێزاری خۆی دەربـڕی بەرامبەر بەو توانج و گاڵتەپێکردنانەی کە ڕۆژانـە لەلایەن خەڵک و کەسوکارەکەیەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوەو گوتی:"خەڵک ئەوەندە پێیانوتوم ناشیرینیت زۆرجار واملێهاتووە لەخۆم بێزاربووم و ویستومە خۆم بگەڕێنمەوە دۆخەکەی جاران و شێوازێکی ئاسایی هەڵبژێرم".

ئەگەرچی زۆربەی ئەو گەنجانەی بەشێوازی ئیمۆ خۆیان ڕێکدەخەن کوڕن، بەڵام ئیمۆ کچەکانیش لـەزۆربـەی شوێنە گشتییەکانی سلێمانیدا دەبینرێن. ساوێن ی (١٨)سـاڵ لەکافتریایەکی سلێمانی لەگەڵ هـاوڕێ کچ و کوڕە ئیمۆکانی دیکەی دانیشتبوو گوتی:"ئیمۆبوون گوزارشتکردنە لەخودی خۆم، هەست بەخۆشی دەکەم کە ئیمۆم، جلوبەرگی تایبەت دەکڕم و قژم بەشێوەیەکی جیاواز ڕێکدەخەم".

گوتیشی:"ڕەنگە بۆ کچ قورستربێت، شێوازێکی سەیری هەبێت و ڕۆژانـە توشی کێشە بێت، بەڵام گرنگ خۆم و خێزانەکەمە کە ڕازیـن بە ئیمۆبوونم"

ئەو کچە گەنجە گوتیشی زانیارییەکی کەمی هەیە لەسەر ئیمۆ، بەڵام زیاتر حەزی لە ستایلەکەبووەو ئەو حەزەش پاڵی پێوەناوە کە ببێت بە ئیمۆیەکی کچ".

EMO لە زاراوەی EMOTION ئینگلیزییەوە هاتووە بەمانای(هەست و هەڵچوون) دێـت. زانایانی دەروونی دەربارەی کەسایەتی ئیمۆ دەڵێن:"ئیمۆ توێژێکن لە گەنجە هەرزەکارەکان کە تەمەنیان لەنێوان١٦ بۆ١٧ ساڵیدایەو خاوەنی دەروونێکی هەستیارن و ڕەشبین و بێتاقەتن و پێشیاندەڵێن بەندەی شەیتان و هەندێک کات هەڵچوونەکانیان دەیانگەیەنێتە حاڵەتی خۆکوژی".

هەرچەندە زانستی دەروونی بەو شێوازە پێناسەی کەسایەتی ئیمۆ دەکات، بەڵام گەنجانی کوردستان بێئاگایانە بەکاری دەهێنن و تەنیا بۆ بەخشینی شێوازێکی جیاواز و تایبەت خۆیان کردۆتە ئیمۆ و ڕۆژانە تووشی توانج دەبن.

شـادیـیـە عـەبـدولـواحـیـد پـسـپـۆڕی دەروونـی گوتی:"ئێمە لەکۆمەڵگەیەکی دواکەوتووداین و خەڵکەکە تائێستا توانای ئەوەیان نییە گۆڕانکاری قبووڵ بکەن، بۆیە هـەر شتێکی تـازە بێتە کۆمەڵگاوە توشی ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت، بەڵام ئەگەر کەسێک بەهێزبێت ئەو شتانە کاریگەری لێناکەن".

ئەو دەربارەی ئەو توانجانەی لەگەنجە ئیمۆکان دەدرێـت گوتی:"توانج و گاڵتەپێکردنی خەڵک کـاریـگـەری دادەنـێـت لـەسـەر گەنج و ئەگەر گەنجەکەش کەسێتی بێهێزی هەبێت کاریگەری زۆر دەبێت لەسەری و بێتاقەتی دەکات، بەڵام ئەگەر بەهێزبێت گوێی پێنادات".

**هەژان خالد**

www.netewe.com

سەرۆک باندێکی لەشفرۆشان لەسلێمانییەوە لەشفرۆشانی بۆ هەولێر دەهێناو لەبازگەی دێگەڵەی هەولێر لەگەڵ کچەکەی و ژنێکی تری لەشفرۆش، دەستگیرکران و دانی بەکارەکەیدا نا.

# لەشفرۆشانی سلێمانـ

## رووداوەکە

زۆربـەی ئەو ژنانەی لەهەولێر لەشفرۆشی دەکـەن لــەدەرەوەی شـارەکـانـی هەولێر بەتایبەت ناوچە کێشەدارەکان هاتوون، دەستگیرکردنی دوو ژنـی لەشفرۆشیش لەیەکێک لەبازگەکانی هەولێر کە یەکێکیان باندی لەشفرۆشی هەیەو هاتنی باندێکیتری لەشفرۆشان کە ویستویانە بەردەوام ژنانی لەشفرۆش لەسلێمانییەوە بۆ هەولێر بەرن ئەو راستییە دەسەلمێنێت.

خەڵکی هەولێرەو لەهێڵی (سلێمانی- هەولێر) کاری گواستنەوەی نەفەری کردووەو ناوی (مەجید) دانیشتووی گـەڕەکـی بەهاری شـاری هەولێرەو لەدایکبووی ١٩٨٣ـیە. لەگوتەکانی (شیلان)دا کە باندی لەشفرۆشی هەیە هاتووە کە لەگەڵ (مەجید) لەگەراجی هەولێر لەسلێمانی، رێککەوتووە تا ژنانی لەشفرۆش بۆ هەولێر بهێنێت. (شیلان) دانیشتووی شاری سلێمانییە. ئەو لەساڵی ١٩٦١ لەدایکبووە و ژنی ماڵەوەیە. وەک ژنانەی بۆ لەشفرۆشی بەکاریدەهێنێت. (سروە) لەدایکبووی ١٩٨٨ـەو دانیشتووی شـاری سلێمانییەو ژنـی مـاڵـەوەیـە. ئەو قـسـەکـانـی (شـیـلان) پشتڕاستکردەوەو دانیبەوەدانا کە بۆ لەشفرۆشی هاتووەتە هەولێر. هاوکات (ژیان) کە کچی (شیلان) نکۆڵی لەوەکرد کە بۆ کاری لەشفرۆشی رووی لە هەولێر کردبێت. (ژیان) کچی ماڵەوەیەو لەدایکبووی ١٩٨٨ـــە. (مەجید) شوفێری تاکسییەکە بێئاگایی خۆی لەوە پیشاندا کە

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین تەکسییەکی جۆری کوردستان کەلە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر دەهات ٤ کەسی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو.شوفێرەکە لەدانپێدانانەکەیدا هاتووە کاری یەکەمی هێنانی ژنانی لەشفرۆشە لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر. (شیلان) هەروەها گوتوویەتی کە ئەو لەسلێمانییەوە ژنێکی بەناوی (سروە) بەمەبەستی لەشفرۆشی بۆ هەولێر هێناوە کـە یەکێکە لـەو دەستی لەگەڵ ئەو باندە هەبێت و دەڵێ"هیچ رێککەوتنێکم نەکردووە لەگەڵیان، ئەرکی خۆمە کە گواستنەوەی نەفەرە لە سلێمانی بۆ هەولێر بەجێگەیاندووە".

## چۆنیەتی دەستگیرکردن

لەکاتی رێکەوتنیان لەسلێمانی



www.netewe.com

# ی بەرەو هەولێر دێن

بەرەو هەولێر (سروە) کە لەلایەن (شیلان) بەمەبەستی لەشفرۆشی بۆ هەولێر هێنرابوو، ناسنامەی پێنەبوو. لەگوتەی (شیلان)دا هاتووە کاتێ گەیشتوونەتە بازگەی دێگەڵە لەهەولێر داوای ناسنامەیان لێکردوون و (سروە) ناسنامەی پێنەبوو، بۆیە ئەویان دەستگیرکرد. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت (سروە) بۆ مەبەستی لەشفرۆشی هاتووەتە هەولێر و بەبێئاگاداری ماڵ هاتووەو لەلایەن (شیلان)ەوە بۆ ئەو کارە راسپێردراوە. بۆیە بازگەی دێگەڵە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر شوفێرەکەو هەر ٣ ژنەکەیتری دەستگیرکردووەو رادەستی نووسینگەی ناوەڕاستی نەهێشتنی تاوانی هەولێری کرد. دادوەری ئەو نووسینگەیە گوتەی لێوەرگرتن و شیلان دانی بەکارەکەیدا ناوەو زانیاری هاتنی ئەو باندەی بۆ هەولێر ئاشکراکردووە.

بەپێی گوتەکانی (ش.ن) لە ٢٠-٩-٢٠١٠ کەسێکی بەناوی (کاروان) لەهەولێر ناسیوەو لەگەڵی رێککەوتووە کە ژنی لەشفرۆشی بۆ بهێنێت، ئەویش (سروە)ی بۆ هەڵبژاردووەو شوێنی بەیەکگەیشتنیشیان لەهەولێر، کەسنەزان بووە.

بۆیە (شیلان) چووەتە گەراجی هەولێر لەسلێمانی و لەگەڵ (مەجید) شوفێری تەکسییەکە رێککەوتووە، تا لەشفرۆشەکان بهێنێتە هەولێر و رادەستی (کاروان) بکات. ئەو دەڵێ:"کارەکانمان لێتێکچوو، چونکە لەبازگەی دیگەڵە لەنزیک هەولێر داوای ناسنامەیان لە (سروە) کرد، بەڵام هیچ ناسنامەیەکی پێنەبوو و بەبێ ئاگاداری خێزانەکەی هاتبووە هەولێر. لەلایەکی دیکەوە، (سروە) ئەوەی خستەڕوو کە خێزانەکەی ئاگاداری نین کە بۆ هەولێر هاتووە. هاوکات (مەجید)ی شوفیر تەکسی لەگوتەکانیدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەو ژنانەوە نییەو بەس گواستنەوەی نەفەر لەنێوان هێڵی سلێمانی هەولێر دەکات و نکۆڵی لەوەکرد بیانناسێ یان دەستی لەو کارەدا هەبێت. (ژیان)ی کچی (شیلان) هەروەها لەگوتەکانیدا گوتوویەتی کە ئەو ئاگاداری ئەو کارانەی دایکی نەبووە"دایکم پێگوتم دەڕۆینە هەولێر و منیش لەگەڵی هاتم".

## بڕیاری دادوەر

پاشان دادوەری لێکۆڵینەوە لەنووسینگەی ناوەڕاستی نەهێشتنی تاوان لە هەولێر، بڕیاری دەستگیرکردنی شیلان و سروەی بەماددەی ٣ لەیاسای سزادانی عێراقی دا. هەروەها بڕیاری دەستگیرکردنی ژیانی کچی شیلانی بەماددەی ٢٤٠ لەیاسای سزادانی عێراقی و ئازادکردنی مەجیدی شۆفیری دا. بەڵام ئەوەی کە تێبینی بکرێت هیچ بەدواداچوون یان بڕیارێک بۆ لەشکرەکە کە کاروان ناوێکە نەکراوە.

تێبینی: ناوەکان خوازراون



www.netewe.com



# لەسلێمانی کچ و کوڕە مەزهەب جـــ هاوسەرگیری دەکەن

سلێمانی

سەرخێڵ ئازاد و مونا عەلی، بەپێکەنینەوە لەدەرگای ژووری ئەو دادوەرە هاتنە دەرەوە کەلە یەکی مارەکردبوون، دوای تەواوبوونی پرۆسەی مارەکردنەکە، دەستی یەکتریان گرتوو و دادگای سلێمانییان بەجێهێشت.
سەرخێڵ دانیشتوی شاری سلێمانییە، بەڵام مونای هاوسەری لە کوردە شیعەکانی ناوەڕاستی بەغدایە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس رووی لەسلێمانی کردووە.
ئەم دوو دەستگیرانە ئەگەرچی بەهۆی جیاوازی مەزهەبەوە تەنگوچەڵەمەی زۆریان دی، بەڵام لەکۆتاییدا توانییان کەسووکاریان رازی بکەن لەسەر پێکهێنانی هاوسەرگیرییەکە.
سەرخێڵ، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لەژووری دادوەرەکە، بە (وارڤین)ی گوت"ئەمە ئەو ڕۆژە بوو ئاواتم بۆ دەخواست."
ئەو کوڕو کچە مەزهەب جیاوازە بوونە هاوسەری یەکتری و بڕیاریشیانداوە، مانگی داهاتوو ئاهەنگی گواستنەوە سازبکەن.
حاڵی حازر کچان و کورانی مەزهەب جیاواز لەسلێمانی، بێئەوەی گوێ بەجیاوازی مەزهەبی بدەن، بڕیاری پێکهێنانی هاوسەرگیری دەدەن.
سالانێک بووبەهۆی ناکۆکییە تائیفییەکانەوە لەناوەڕاست و باشووری عێراق، پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەبەکاندا زەحمەت بوو، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا دۆخەکە ئاسایی بووەتەوە.
هیوا ئەحمەد سوننە مەزهەب، بەهۆی ناڕەزایی باوکییەوە چەند جارێک پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەی دواکەوت ئەویش دوای ئەوەی باوکی زانی کچەکە شیعە مەزهەبە، چونکە پێیوابوو باکگراوندی مەزهەبی جیاوازیان ببێتە کۆسپ لەبەردەم ژیانی هاوسەریاندا.
دوای کێشمەکێشمێکی زۆر ئەو دوو دەستگیرانە سەرەنجام ٥ مانگ لەمەوبەر یەکتریان نیشانەکرد.
هیوا دوای ململانێیەکی بەهێز لەگەڵ دابوونەریتە کۆمەلایەتییەکاندا، توانی بگات بە (نوور)ی خۆشەویستی، دوای ئەوەی شیعی بوونی نوور کێشەی بۆ بنەماڵەکەیان درووستکردبوو.
هیوا گوتی: "دەمزانی، بەیەکگەیشتن لەگەڵ نور دا زۆر زەحمەتە، بەڵام سوربووم لەسەر ئەوەی جگە لەو کەسی دیکە ناکەمە

www.netewe.com




هاوسەرم".

گوتیشی: "ئازاری زۆرمان چەشت تا توانیمان ئەو نەریتە بشکێنین، باوکم پێیوابوو، ئەنجامی ئەم کارەمان هەر شکستە، بەڵام توانیم رازی بکەم."

هیوا نوور بۆ یەکەمجار لە زانکۆ یەکیان بینی و هەر زوو کەوتنە داوی خۆشەویستی یەکترەوە. هیوا، سەرەتا ناڕەزایی باوکی بەرامبەر بەو پەیوەندییە لای نوور ئاشکرا نەدەکرد، بەڵام کاتێک کار گەیشتە داواکردن کێشەکان دەرکەوتن و ئاشکرا بوون.

رازیبوونی باوکی هیوا تەنیا بەس نەبوو بۆ پێکهێنانی ئەو پرۆسە هاوسەرگیرییە، بەڵکو خێزانەکەی (نور)یش بەشێکی سەرەکی کێشەکە بوون.

خێزانەکەی نوور تەنیا خەمێکیان هەبوویێت ئەوەبوو کە کچەکەیان مێردێکی باش بدۆزێتەوە، بتوانێت ژیانێکی رێکوپێکی بۆ دابینبکات، "بەڵام نەک سوننی مەزهەب بێت."

نوور، لەخێزانێکی شیعە مەزهەبەو خەڵکی خانەقینە، بەڵام چەند ساڵێکە روویان لە سلێمانی کردووە.

یاسای عێراقی رێگەنادات بەناوهێنانی مەزهەبی هاووڵاتیان لەبەڵگەنامە رەسمییەکاندا، ئەمەش مەزندەکردنی ژمارەی هاوسەرگیرییە تێکەڵەکان زەحمەتدەکات. ئەوجۆرە هاوسەرگیرییە کە رۆژانێک بووە باو بووە لەعێراقدا، ئێستا بەهۆی گرژی تائیفەگەریەوە ئاڵۆزبووە، بەڵام کۆتایی پێنەهێناوە.

دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسەین (١٩٦٣ – ٢٠٠٣)، شەڕێکی ناوخۆیی توند لەنێوان شیعە مەزهەبەکان کە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن و سوننی مەزهەب کە زیاتر لەباکوور و ناوەڕاستی عێراقدان درووست بوو.

ئەو شەڕە تائیفییە وای لەخێزانەکان کرد نەک تەنیا رازینەبن بەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوانیاندا، بەڵکو بوونە دوژمنی سەرەکی یەکتر.

دوای تێپەڕینی کات و گواستنەوەی هەندێک لەو خێزانانە بۆ هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان هەردوو مەزهەبەکەدا سەریهەڵدایەوە.

ئێستا لەشاری سلێمانی، پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان شیعە مەزهەب و سوننی مەزهەبەکاندا دۆخێکی ئاسایی وەرگرتووە بەدەیان کوڕو کچی مەزهەب جیاواز بەیەک گەیشتوون.

تریفەی تەمەن ٢٦ ساڵ، ئەو دەردیسەرییانەی روونکردەوە، کە توشی خۆی و هاوسەرەکەی هاتبوون لەسەرەتای یەکترناسینیاندا. تریفە، لەخێزانێکی سوننی مەزهەبی شاری سلێمانیە، بەڵام هاوسەرەکەی کە دوای ساڵێکی پڕ لەکێشمەکێش پێیگەشت شیعی مەزهەبەو لە بەغداد لەدایکبووە.

تریفە، گوتی: "سەرەتا باوکم بەهیچ شێوەیەک رازینەبوو شوو بە کەسێکی مەزهەب جیاواز بکەم."

تریفە، لەگەڵ ئەحمەدی هاوسەری، دوای ئاشکرابوونی جیاوازی مەزهەبییان، نەیاندەتوانی یەکتری بگەن، بۆیە ناچار بوون کە لەرێگەی تەلەفۆن و ئەنتەرنێتەوە قسە لەگەڵ یەکتر بکەن.

هەرچەندە دۆخەکە هێشتا لەناو خێزانەکاندا بەیەکجاری ئاسایی نەبووەتەوە، بەڵام بەهۆی تێکەڵاوبوونی خێزانە مەزهەب جیاوازەکان لەشارەکانی هەرێمی کوردستان، وایکردووە، دووربکەونەوە لەو بیرکردنەوەیە.

زانایانی ئایینی جەخت لەوە دەکەنەوە کە لەرووی ئایینییەوە، گرفتێک نییە لەبەردەم ئەو کچ و کوڕانەی مەزهەبیان جیاوازەو پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن.

نەجم عەبدولکریم، شارەزا لەئایینی ئیسلام و دەرچووی کۆلێژی شەریعە، گوتی ئایینی ئیسلام رێگری لەو پرۆسەی هاوسەرگیرییانە ناکات.

هەروەها گوتی: "لە ئایینی ئیسلامدا تەنیا رێگە بەهاوسەرگیری ئایینە جیاوازەکان نادرێت، بەڵام هاوسەرگیری لەنێوان سوننەو شیعەدا شتێکی ئاساییەو هیچ گرفتێکی شەرعی نییە."

هەرچەندە زۆربەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سوننە مەزهەبن، بەڵام بەشێکی زۆری کوردە شیعەکان کە پێشتر لەناوەڕاستی عێراق نیشتەجێبوون، روویان لەم هەرێمە کردووە.

شێنێ جەبار، ٢٢ ساڵ خوێندکاری زانکۆی سلێمانییەو مانگی پێشوو لە کوڕە شیعەیەک مارەکرا، گوتی کە بەرێکەوت کوڕەکەی ناسیوەو بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵ داوە.

خێزانەکەی شێنێ لەسەرەتادا دڵنیانەبوون لەسەر رازیبوون بەپرۆسەکە، بەڵام دواتر بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیانداو پرۆسەکە پێکهات.

شێنێ گوتی: "یەکەمجار ماڵەوە رازینەبوون، دواتر بڕیارەکەیان خستە دەستی خۆم."

گوتیشی: "ئێستا دەستگیرانی یەکترینو زۆریش ئاسوودەین، قەت رۆژێک بەخەیاڵمدا نایە کە مەزهەبمان جیاوازە."

ئامانج خەلیل

www.netewe.com

### چۆمان لەڕقی کێ خۆی سووتاند؟

# ئەو ژنەی جەستەی کردە مۆمی ساڵڕۆژی هاوسەرگیرییەکەی

دوکان

لەشارۆچکەی دوکانی باکووری سلێمانی، چۆمان ئەکرەم ٢١ ساڵ دوای ململانێیەکی دوو ڕۆژەی توند لەگەڵ مەرگدا، گیانی لەدەستدا.

ئەو جەستەی کردە خۆڵەمێش و بۆ یەکەم ساڵڕۆژی هاوسەرگیرییەکەی. هێشتا روونەبووەتەوە کە هۆکاری خۆسووتاندنەکەی چۆمان چییە، بەڵام پێدەچێت خراپی مامەڵەی خەسووی و دایکی هۆکاربن بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی.

چۆمان، ساڵێک بەرلەئێستاو لەپەیوەندییەکی خۆشەویستیەوە لەگەڵ ئاراسی (٢٤) ساڵ بڕیاری هاوسەرگیری دا، کە بەرهەمەکەی منداڵیکی ٦ مانگی و سووتاندنی جەستەی خۆی بوو.

چۆمان، لە ١٨ ئەم مانگەداو لەئێوارەیەکی درەنگدا خۆی گەیاندە ژووری نانکردنەکە، نەوتی پەرەمێزەکە بەخۆیدا دەپرژێنێت و دواتر لە خوارەوە بۆسەرەوە ئاگر لەگیانی بەردەدا.

یەکێک لەدراوسێکانی چۆمان کە ئاگاداری ڕووداوەکە بووە هەوڵیداوە ئاگرەکەی جەستەی چۆمان بکوژێنێتەوە، بە (وارڤین)ی گوت:"ئاگرەکە ئەوەندە بەتین بوو کە بەهیچ شتێک نەئەکوژایەوە"

ئەم شاهیدحاڵە کە خۆی لەڕووداوەکەدا دەستی سووتاوە بە (وارڤین)ی گوت:"چۆمان بەدەم قیژەو هاوارەوە لەحەوشەکە کەوت".

شاهیدحاڵەکان دەڵێن کە لەکاتی خۆسووتاندنی چۆماندا، ئاراسی هاوسەری لەماڵەوە بووە، بەڵام لەسەرەتادا هەوڵی کوژاندنەوەی نەداوە تاوەکو دراسێکانی بەهانایەوە هاتوون.

ئێستا ئاراس، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە، بەڵام ئەو خۆی بەبێتاوان دەزانێ لەبەرامبەر خۆسووتاندنی هاوسەرەکەیدا.



چۆمان ئەکرەم

یەکێک لەخوشەکەکانی چۆمان کە هاوسەرگیری کردووەو دراوسێی چۆمانە، هۆکاری خۆسووتاندنی خوشەکەکەی گێڕایەوە بۆ"خراپی مامەڵەی خەسووەکەی".

گوتی:"خەسووی خوشکەکەم زۆر خراپە، بەردەوام کێشەی هەبوو لەگەڵیداو ئیهانەی دەکرد، تەنانەت چۆمان نەیدەوێرا لەگەڵ من قسەبکات کە خوشکی ئەوم". بەڵام خەسووی چۆمان بەردەوام ئەوە ڕەتدەکاتەوەو هۆکاری خۆسووتاندنی دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپی مامەڵەی دایکی.

بەگوتەی کەسووکارەکەی چۆمان، بەر لەخۆسووتاندنی چەندجارێک لەگەڵ هاوسەرەکەی و خەسووەکەیدا بووە بەشەڕیان و تۆراوە، بەڵام بەهۆی منداڵەکەیەوە ناچار بووە بگەڕێتەوە.

ئامینە کە خەسووی چۆمانە، ڕووداوەکەی بۆ وارڤین گێڕایەوە"چۆمان ماوەیەک بوو بێتاقەتبوو، هەر ئەیوت خۆم ئەسووتێنم، بەڵام من باوەڕم نەئەکرد بیکات بەڕاست".

هەروەها گوتی:"لەدوای نانخواردنی ئێوارە، ئەوەندەم زانی هاوارێک هات، سەیرمکرد چۆمان ئاگری لەخۆی بەرداوەوو هاوار ئەکات".

ئامینە، هۆکاری خۆسوتاندنەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپی مامەڵەی دایکی چۆمان"دایکی زۆر خراپ بوو لەگەڵی، تەنانەت بە کەوگیر هەموو پشتی شین کردبووەوە".

ئێستا منداڵە شەش مانگییەکەی چۆمان لەلای خەسووەکەیەتی و پەیوەندی نێوان هەردوو بنەماڵەکەش ئاڵۆزتر بووە.

خوشکێکی چۆمان کە لەدوا ساتەکانی ژیانی خوشکەکەیدا لە نەخۆشخانە لەگەڵیدا بووە، گوتی کە چۆمان دانیبەوەدا ناوە کە لەڕقی مامەڵەی خەسووەکەی خۆی سووتاندووە.

گوتیشی:"ئەوە ڕاست نییە کە دایکم لەگەڵی خراپ بووبێ، ئەسڵەن دایکم زۆر باشبوو لەگەڵی".

هەرلەدوای خۆسووتاندنی چۆمان، کەسووکارەکەی داوایەکی یاساییان لەدژی ئاراسی هاوسەری تۆمار کرد، هەرچەندە ئاراس خۆی بە بێتاوان دەزانێت لەبەرامبەر ڕووداوەکەدا.

چۆمان یەکێکە چەندین ژنەی کە ساڵانە لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن.

دیاردەکە بەڕادەیەک بەربڵاوبووە کە بەرگرتن لێی زەحمەت بووە، بەردەوامیش حکوومەتی هەرێم بە کەمتەرخەم دادەنرێت لەبەرامبەر ڕێگەگرتن لەدیاردەکە.

**ئامانج خەلیل**

# ڕێکخراوەکانی ژن لە تورکیا



عەبدوڵڵا کۆچەر

## ئەڵمانیا

مێردەکەت لێتدەدات.

بە برین و گریانەکانت خۆت دەگەیەنیتە دەزگایەکی ژنانی ئەڵمان. هێدی هێدی دەتوانی باس لە دەرد و مەینەتییەکانی خۆت بکەی. بۆ ئەوەی بتوانیت بەباشی ئازارەکانت دەرببڕی، ئەوان وەرگێڕێکی کوردزمانت بۆ دێنن. جگە لە دروونناسە ئەڵمانزمانەکان، هەوڵدەدەن دەروونناسێکی کوردزمانیشت بۆ پەیدا بکەن. ئەوان باسی تیۆری قەراسەت بۆ ناکەن. بەکورتی و کورمانجی گوێ لەدەردەکەت دەگرن. دەرگای دڵی خۆیان بۆ تۆ دەکەنەوە. پاروو نان و بەتڵە ئاوەکەی خۆشیان لەگەڵ بەش دەکەن. سەری خۆیان بۆ چیرۆکەکەی تۆ دەئێشێنن. لەسەر داواکاری تۆ پارێزەرێکی کوردزمانیشت بۆ پەیدا دەکەن. بەهەرحاڵ تۆ لەگەڵ مافە مرۆڤییەکەت ئاشنا دەبیت و لەگەڵیشی دەژی.

## تورکیا

مێردەکەت لێتدەدات.

بەهاوار و لۆرین خۆت دەگەیەنیتە ڕێکخراوێکی ژنانی تورک. لەبەرئەوەی تۆ ناتوانیت دەردی خۆت بەزمانی تورکی بەباشی دەرببڕی، بەشێوەیەکی سەیر لێتدەڕوانن. ئەوان لێکدانەوەی حەوتسەد لەسەر مێردەکەت دەکەن. لەبەرئەوەی مێردەکەت لێیداویت سووکایەتییەکی گەورە بە نەتەوەکەت دەکەن. بەهەرحاڵ واتلێدەکەن کەلە دوو ڕۆژدا فێری تورکی بیت و لەسەر مێردەکەت ببیتە پۆلیسێکی مەدەنی.

## باکووری کوردستان

مێردەکەت لێتدەدات.

بەسەروچاوی ئاوساوەوە خۆت دەگەیەنیتە ڕێکخراوێکی ژنانی کورد. تۆ بە کوردی باس لە ئازارەکانت دەکەی، بەڵام ئەوان بە تورکی وەڵامت دەدەنەوە.

لە فیمینزیمەوە بگرە تا فیۆدالیزم، گوێت پڕ لە چەمکگەلی تورکی دەبێت. بە گۆڤار و کتێبی ڕێکخراوەکەوە کە هەمووی بە تورکین. ئیتر هێدی هێدی لەناو زمانی تورکیدا دەخولیتەوە.

ئیتر لەهەمووو پیاوە کوردزمانەکان نەفرەت دەکەی. بەفێربوونی تورکی تۆ ئیتر خۆت وەک"قارەمانێک" یان باشتر بڵێم وەک "وڵاتپارێزێکی" ڕەسەن دەبینی. دەڵێی ڕێگەی ڕاست ئەوەیە. ئیتر هەوڵدەدەی کە زمانی تورکی فێری ژنانی دیکەی کوردزمان بکەی. بەوشێوەیە دەڵێی ئیتر ئەرک و ڕۆڵی وڵاتپارێزیم بەجێدەگەیەنم! بەڵام لەوە ناگەی کە بەوکارەت دەبیتە قاتڵی زمانی دایکیت.

بەهەرحاڵ پاش ساڵانێکی دووورودرێژ لەخەوی تورکی هەڵدەستیتەوە. لەدژی خۆتواندنەوەی ڕێکخراوەکانی کورد دەوەستیتەوە. لەدژی ئەو وڵاتپارێزییە بە تورکی (؟) ڕادەپەڕی. لەسەر ڕۆحی خۆت تووشی نەریتی"لێدانی زمانی تورکی"دەبیت. تۆ تێدەگەیت کە ئەو لێدانە لە لێدانی پیاوانیش خراپترە!

تۆ داوای ئەوە دەکەیت کە بە کوردی ڕۆحت دەرمان بکەی.

www.netewe.com



# ماریا شاراپۆڤا نەیتوانی بەرگری لە نازناوەکەی بکات

کچە یاریزانی رووسی و پۆلینکراوی ١٢ـیەم ماریا شاراپۆڤا نەیتوانی پاریزگاری لە نازناوی پاڵەوانیەتیی تێنسی تۆکیۆ بکات و لە قۆناغی یەکەمدا چووە دەرەوە.

لە میانەی پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی تۆکیۆ بۆ یاریی تێنس، کە لە ژاپۆن بەرێوە دەچێت، کچە یاریزانی شۆخ و شەنگی رووسی ماریا شاراپۆڤا نەیتوانی پارێزگاری لە نازناوەکەی بکات، کە پارساڵ بەدەستی هێنابوو، ئەمەش دوای ئەوەی بە کچە یاریزانی ژاپۆنی کیمکۆ داتی کرۆم دۆرا بە ئەنجامی ٢-١ گەمەڵە. ئەنجامی گەمەڵەکانیش ٥-٧، ٦-٣ و ٦-٣ بوو. بەم جۆرە شاراپۆڤا پاڵەوانیەتییەکەی جێ هێشت، کە کۆی خەلاتەکانی یەک ملیۆن دۆلارە.

www.netelwe.com

### لە هەولێر بەڕێوە دەچێت...

# مانگی داهاتوو پاڵەوانێتی باسکەی ژنانی عێراق دەستپێدەکات




بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤێمبەری داهاتوو، پاڵەوانیەتیی تۆپی باسکەی یانەکانی عێراق بۆ ئاستی ژنان لە شاری هەولێردا دەستپێبکات.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەک لە یەکێتی باسکەی عێراق بە ئاژانسی (ئاکانیوز)ی ڕاگەیاندووە، کە یەکێتی باسکەی عێراق هەوڵ دەدات هەل بۆ ژنان برەخسێنێ، بە تایبەتی دوای ئەو پێشڤەچوونەی کە ژمارەیەک یانەی عێراقی بەخۆیانەوە بینی، لەوانە یانەکانی کوردستان و باکووری عێراق، کە لە چەندین کێبەرکێی ناوەخۆییدا توانیان چەند نازناوێک بەدەست بێنن.

سەرچاوەکە ڕوونی کردەوە، کە پێشتر یەکێتییەکە پاڵەوانیەتیی هەرێمی کوردستانی ساز کردووە، هەروەها کێبەرکێیەکانی فوراتی ناوەڕاستی ساز کرد، بە ئامانجی هاندانی یاریزانە کچ و ژنەکان بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ڕوو لە یاریی تۆپی باسکە بکەن، ئەمەش دوای ئەو دۆخە سەختەی بەسەر عێراقدا تێپەڕی، کە بووە هۆی دابڕانی ئافرەتان لە یارییەکە.

ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: " یەکێتی باسکەی عێراق بڕیاری داوە پاڵەوانیەتیی تۆپی باسکەی یانەکانی بەغداش لە نۆڤێمبەری داهاتوو ساز بکات، بە بەشداریی ٣ یانە کە بریتین لە یانەکانی شەهید ئۆهان، ئەرمەنی و بەغدا (ئەمانەی پێشوو).

ئاماژەی بەوەش دا، چەند یانەیەکی دیکەی بەغدا بۆ بەشداریکردن لە کێبەرکێکانی یانەکانی بەغدا بانگهێشتن کراون، بەئامانجی بەرفرەوانکردنی چوارچێوەی ڕکابەرییەکان.

جێی باسە یەکێتی تۆپی باسکەی عێراق شەرەفی میوانداریکردنی پاڵەوانیەتیی تۆپی باسکەی یانەکانی ڕۆژئاوای ئاسیای لە ئاستی ژنان پێ بەخشرا بوو، کە بڕیار بوو لە شاری هەولێر بێتە سازکردن، بەڵام بە هۆی بەشدارینەکردنی زۆربەی تیپەکان لە پاڵەوانیەتییەکەدا، پاڵەوانیەتییەکە ئەنجام نەدرا.

## کچانی کورد بەشداری یارییە وەرزشییەکانی ئاسیا دەکەن



گولستان

بڕیار وایە چەند وەرزشوانێکی کچی کورد بەشداریی لە خولی یارییە وەرزشییەکانی ئاسیا بکەن، کە لە وڵاتی چین بەڕێوە دەچێت.

لە یارییەکانی گۆرەپان و مەیداندا بڕیارە هەریەکە لە یاریزانان "گولستان مەحمود، بەهار خەسرەو" لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقدا بەشداریی خولی ئاسیا دەکەن.

هەروەها لە یاریی شەترەنجیشدا بڕیارە یاریزانان "چنار وریا و دڵپاک ئیسماعیل" لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقدا بەشداریی هەمان خول بکەن.

www.netwe.com

خولی باڵەی کچانی یانەکانی کوردستان...

# یانەکانی سەنحاریب و پێشمەرگەی سلێمانی بۆ ڕیزی پلە نایابەکان سەرکەوتن

هەولێر





لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستاندا، پاڵەوانیەتیی باڵەی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تیپەکانی کچان و ژنان، لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەڕێوەچوو. یارییەکانی پاڵەوانیەتییەکە لە هۆڵی داخراوی فرەنسۆ هەریری ئەنجام درا، لە ئەنجامی کۆتاییشدا یانەی سەنحاریب و پێشمەرگەی سلێمانی پلەی یەکەم و دووەمیان بردەوە و لە هەمان کاتیشدا هەردوو یانە بۆ ڕیزی پلە یانە نایابەکانی کوردستان سەرکەوتن.

یانە بەشداربووەکانی پاڵەوانیەتییەکە لە یانەکانی ( پێشمەرگەی سلێمانی، سەنحاریب، ئارارات، سیروانی شارەزوو، ئەرمەن) پێکهاتبوو، کە سیستمی پاڵەوانیەتییەکەش بە شێوازی یەک قۆناغ ئەنجام درا.

**هاریان هاکوب**

لە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەدا هەردوو یانەی سەنحاریب و پێشمەرگەی سلێمانی یارییان کرد و یارییەکەش بە سەرکەوتنی یانەی سەنحاریب بە ئەنجامی (٣-١) گێم کۆتاییهات.

(وارڤین) سەبارەت بە ئاست و ڕێکخستنی پاڵەوانێتییەکە، لەگەڵ سەرۆکی سەرۆکی یەکیەتیی ناوەندیی باڵەی کوردستان (حەسەن عەلی) قسەی کرد و ناوبراو گوتی: "دوای تاقیکردنەوەی (٢٧) تیپی باڵەی یانە پلە یەکەکانی کوردستان وەکو پالاوتن ، تەنها (٦) یانە بۆ ڕیزی پلە یەکەکانی کوردستان دەستنیشانکران، دوای ئەوەی بۆ ئەم (٦) یانەیە توانیمان ئەم پاڵەوانێتییە ساز بدەین، لە ئەنجامدا یانەکانی سەنحاریبی دهۆک و پێشمەرگەی سلێمانی بۆ ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان سەرکەوتن سەبارەت بە کردنەوەی خولی نایابی ژنانی کوردستانیش لە وەرزی نوێدا، (حەسەن عەلی) ئەمەیشی ڕاگەیاند: بۆ خولی نایابی کچانی کوردستان یەکێتییەکەمان بڕیاری داوە ئەم پاڵەوانێتییە لە شاری سلێمانی ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بە ئاستی تیپەکانی پاڵەوانێتییەکەش، سەرۆکی یەکێتی باڵەی کوردستان گوتی: "تیپەکان هەر هەموویان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوون، بە تایبەتیش هەردوو



ئێیڤۆن داود

یانەی سەنحاریب و پێشمەرگەی سلێمانی، کە بە هۆی ئاستبەرزییانەوە توانیان یەکەم و دووەمی پاڵەوانێتییەکە بەدەست بهێنن.

لە لایەکی دیکە (ئاوا فاروق) یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی سەبارەت بە ئاست و ڕێکخستنی پاڵەوانێتییەکە بۆ وارڤین گوتی: "یانەکەمان باشترین ئاستی لەم پاڵەوانێتییەدا پێشان دا، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی یاریزانەکان بوو، گەرمیی هۆڵەکە بوو، کە لە هەموو ڕوویێکەوە کاری کردبووە سەر ئاست و توانا و باری دەروونی یاریزانەکانمان، کە وای کرد نەتوانین بە گوێرەی پێویست ئەوەی کە ڕاهێنەر داوای لێمان کردبوو جێبەجێ بکەین، هیوادارم بۆ خولەکانی داهاتوو یەکێتی ناوەندیی باڵەی کوردستان بۆ کردنەوەی پاڵەوانێتییەکان هۆڵێکی دیکە دەستنیشان بکەن کە لە هەموو ڕوویێکەوە یاسایی بێت .

هەرچی یاریزان (هاریان هاکوب)ـی کچە یاریزانی یانەی وەرزشیی ئەرمەنە، دەربارەی هەمان پرسیار گوتی: "پاڵەوانێتییەکە لە هەندێک ڕووەوە سەرکەوتوو بوو، بە



هانە ساڵح

تایبەتی ئاستبەرزیی تیپە بەشداربووەکان، ڕۆڵی ناوبژیوانانیش لە بیر ناکرێت، کە توانیان بە جوانترین شێوە یارییەکان بەڕێوە ببەن، بەڵام ئەوەی کە جێی بێزاری هەموو تیپەکان بوو، پلەی گەرمیی هۆڵەکە بوو، کە گشت یاریزانان بە هۆیەوە ماندوو و ناڕەحەت بوون، بە تایبەتی لە کاتی یاریکردندا.

سەبارەت بە ئەنجامە خراپەکانی یانەکەشی، (هاریان) گوتی: تیپەکەی ئێمە نەیتوانی ئەنجامێکی باش تۆمار بکات، بە هۆی ئەوەی چەندین یاریزانی سەرەکیی تیپەکەمان ئامادەی یارییەکان نەبوون، کە ئەمەیش بووە هۆکاری ئەوەی خراپترین ئاست پێشکەش بکەین.

(هانە ساڵح) یاریزانی باڵەی سیروانی شارەزوو لە لای خۆیەوە دەربارەی پاڵەوانێتییەکە و تیپەکەی خۆیانەوە ئاماژەی بەوە دا: "پاڵەوانێتییەکە زۆر سەرکەوتوو بوو لە هەموو ڕوویێکەوە، تیپەکەی ئێمەش کە بە داخەوە هەرچەندە تا ئێستا هیچ هۆڵێکی وەرزشی نییە بۆ ئەنجامدانی مەشقەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان پلەی سێیەم لە پاڵەوانێتییەکەدا بەدەست بهێنین، ئەمەش بۆ



ئاوا فاروق

تیپەکەی ئێمە ئەنجامێکی گەورە و دڵخۆشکەر بوو.

دواجار یاریزانی ئاستبەرز و ناسراوی یانەی سەنحاریب (ئیڤۆن داود ڕەبەن) دەربارەی ئەو ئەنجامانەی کە لە پاڵەوانێتییەکەدا بەدەستیان هێنا، گوتی: "ئێمە پلەی یەکەممان بەدەست هێنا و بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان سەرکەوتین، یانەکەی ئێمە پارساڵ بە هۆی بەشدارینەکردنی لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان، لە لایەن یەکێتی ناوەندیی باڵەی کوردستانەوە سزا درابوو، کە دابەزینە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بەڵام خۆشبەختانە ئەمساڵ دووبارە بە بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی خولەکە، توانیمان بۆ ڕیز یانە پلە نایابەکانی کوردستان بگەڕێینەوە.



حەسەن علی

www.netewe.com



# ئەو پێویستییانەی هەژاران بە هەژارانی دەفرۆشن

خاوەنەکانی پێیدەڵێن پیشەی ئەوانەیە، پیشەیەکیان نییە، ئەوان منداڵ، ژن، پیاوی گەنج و بە تەمەنن و خۆیان و سەبەتەکانیان سەر شۆستەی شەقامەکان پڕ دەکەن لەو کەلوپەلانەی، کە بەنرخێکی زۆر کەم دەیانفرۆشنەوە، ئەو کەلوپەلانە جۆراو جۆرن. رەنگە پارچە قوماش یان بابەتە سپاییەکان یان سەوزەو میوە بێت تا دەگاتە پاتری، سەعات، جگەرە و تەنانەت کتێبیش، یان رەنگە شتی زیاتر لەوانەش بێت.



لاڤە خالید

قامیشلۆ

دایکی عەدنان هاوسەرەکەی توانای کارکردنی لەدەستداوەو خێزانە حەوت کەسییەکەی لەچاوەڕوانی گەرانەوەیدان، ئەو رۆژانە لەسەر شۆستەیەک سەبەتەیەکی هێلکەو هەندێک سەوزە دادەنێت بۆ فرۆشتن، کورە گەورەکەی ئەو ژنە لەخزمەتی سەربازییدایەو بچووکەکانیشی لە قوتابخانەن. ئەو ژنە چاوەڕوانی ئەوەی هەیە سەبەتەیەکی دیکەش بۆ فرۆشتنی کەلوپەل و وردەواڵەی دیکە دابنێت بەئومێدی ئەوەی بتوانێت بژێوی خێزانەکەی باشتر بکات.

هەندێک لەو سەبەتەچییانە جگەرەو پاکەت دەفرۆشن و لەبەرامبەردا منداڵ و جگەرگۆشەکانی خۆیان فەرامۆشکردووە زۆربەی کات لەسەر شۆستەکانن و لەمنداڵەکانیان دوور کەوتوونەتەوەو رەنگە تا درەنگانێکی شەو روو لەماڵەو نەکەنەوە، رەنگە ئەوەش کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر منداڵ و خێزانەکەی.

ئێمە لەسەر ئەو شۆستانەو بەبەردەم سەبەتە جۆراوجۆرەکاندا تێپەڕ دەبووین ئەوکاتەی

www.netewe.com



منداڵێک بنێشت و میزەڵدانە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەستی لێنزیک کردینەوەو داوایکرد، شتێکی لێبکڕین، کاتێک بێهیوا بوو لەکڕینی ئەو شتانەی دەستی و نەمانویست بیانکڕین، داوایکرد لەو ماڵەی خودا پێیداوین بەشی بدەین.

## هەژاران بە هەژارانی دەفرۆشن

غەیدا، کچە قوتابییەکی زانکۆیەو بۆ کڕینی پێداویستییەکانی سەردانی ئەو بازاڕە دەکات، کە تەنیا سەبەتەچییەکان موشتەرییان هەیە. لەوبارەیەوە، گوتی:"زۆربەی هەرەزۆری پێداویستییەکانی ژیانم لەو سەبەتانە دەکڕم و ئەوەی هەمە لەوە زیاتر ڕێگەم پێنادات و ئیمەی قوتابی داهاتمان سنووردارەو پێویستە بەئەندازەی بەرەکەمان پێراکێشین". هالە، کچێکی دیکەیە و لە بەردەم سەبەتەچییەکاندا بەدوای پێویستییەکای خۆی دەگەڕێت و لەوبڕوایەدایە سەبەتەکان زۆر شتی نایاب و بەنرخیان تێدایە، کەلە شوێنە ڕاقییەکانیشدا نییە"لێرەدا کەلوپەلی بیانی بەنرخێکی گونجاو بۆ هەموو کەسێک دەستدەکەوێت و زۆرجار جلوبەرگ و کەرستەکانی خۆڕازاندنەوەو پارچەو ئامێری کارەبایی زۆر باشم بەنرخێکی ماقووڵ کڕیوون". دایکی عەلیا، یەکێکی دیکە لەو ژنانەیە کە هەفتانە جارێک سەر لەبازاڕی سەبەتەچییەکان دەدات بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی بکڕێت، چونکە ئەو بڕوای وایە نرخی کەلوپەلی سەبەتەکان زۆر گونجاوە.

## پۆلیس دژیانە

دایکی بەها، خەڵکی پارێزگای درعایە(ئەو پارێزگایەی کە لەلایەن ڕۆمەکانەوە بەسەرچاوەی دەغڵودان لەقەڵەمدەدرا چونکە دۆڵ و دەشتی حۆران بەشێکە لەو پارێزگایەوە ئەو دەشتە بەهۆی بەپیتی خاکەکەیەوە باشترین سەوزەو میوەی لێبەرهەمدەهێنرێت). ئەو ژنە هەموو سپێدەیەک بەخۆی و سەبەتەیەکی پڕ لەگیاوگۆڵی پزیشکی و هەنگوینەوە ڕوو لەسەر شۆستەکان دەکات، بەڵام ئەو بەهۆی ڕاوەدووی پۆلیسەوە زۆربەی کات ناچاردەبێ خۆی لە پەناو پەستیوان حەشاربدات"کاتێک پۆلیس ڕاومان دەنێت ناچارین خۆمان لە پەناو پەستیوان وەشێرین". ئەو ڕەخنەشی گرت و گوتی:"با کارمان ڕێکخەن و جێورێمان بۆ سازکەن و دوکانمان بۆ وەکەن، یان لێمانگەڕێن لەمرۆژگارە سەختەدا دوو عانە پەیدا بکەین". ئەبو حسام، کتێب فرۆشەو لەوبڕوایەدایە سەبەتەکان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆداهاتی ئەو خێزانانەی، ژمارەیان زۆرەو لەکرێدان و بژێوی ژیانیان زەحمەتە. ئەو دەڵێ، کێشەی سەرەکییان هەڵکوتانەسەرییانە لەلایەن پۆلیسەوە"هەندێکجار پۆلیس دەستبەسەر کەلوپەلەکانماندا دەگرێت جا هەرچی بێت".

## چارەسەر چییە؟

سەرەڕای قسەو باسی زۆر لەبارەی چارەسەری دیاردەی سەبەتەچییەکانەوە، بەستنی چەند کۆڕو کۆنگرەیەکی فراوان، بەڵام تائێستا ئەو دیاردەیە چارەسەری پێویستی بۆ نەدۆزراوەتەوەو زۆرێکیش لەبارەی ڕۆڵی حکوومەت لە چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەو دیاردەیە دەپرسن.

وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی سوریا ئەوە ڕووندەکاتەوە، تائێستا لەیاسادا هیچ دەقێکی یاسایی نییە کاروباری ئەو سەبەتەچییانەی ڕێکخستبێت، چونکە ئەو کەسانە بۆ گیرفانی تایبەتی خۆیان کاردەکەن و سەرمایەیان ئەوەندە کەمە لەیاسادا هیچ پلەیەکی بۆ دانەنراوەو هیچ بڕگەو بەندێکی یاسایی بۆ تەرخاننەکراوە، ئەمەش وادەکات ئەو کێشانە وەک خۆیان بەبێچارەسەر بمێننەوە.

جگە لەچارەسەری حکوومەت، لەواقیعدا هیچ چارەسەرێکی مرۆیی یاخود کۆمەلایەتی بۆ ئەو دیاردەیە نەخراوەتەڕوو و ئەستەمیشە لە شەو و ڕۆژێکدا ئەو ڕەوشە ئاساییبکرێتەوە تا ئەوکاتەی جێگرەوەیەک بۆ ئەو خەڵکە دەدۆزرێتەوە.



### لە هەولێر ئارەزووی کۆتر بەخێوکردن کاڵ نابێتەوە

# کاروانی بازرگانی کۆتر لـ
# بەهەولێردا تێپەڕ دەبێت

هەولێر

هێمن محەممەد (٢٦)ساڵ، لای ئەو ئارەزووی بەخێوکردنی کۆتر دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی"لە منداڵییەوە کۆترم زۆر خۆشدەویست". هێمن نایشارێتەوە، بەهۆی ئەو ئارەزوویەوە تووشی کێشەوسووکایەتیپێکردن بووەتەوە وەک بانگکردنی بەناووناتۆرە، ئەوانەی خووی بەخێوکردنی کۆتریان هەیە، ڕۆژانە لەبازاڕێکی تایبەت یەکتر دەدۆزنەوەو ڕۆژانی هەینیش بازاڕە تایبەتەکە ناسراو بە"مەیدانی کۆتران" کە دەکەوێتە ناوجەرگەی هەولێرەوە بەهەزاران کۆتر و باڵندەی جۆراو جۆر تێیدا دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن. ئەو بازاڕە بووەتە ناوەندێکی بازرگانیکردن بە کۆتر کەلە بەغداوە تا پەکین ڕێی بازرگانیکردنی کۆتر بە هەولێردا تێپەڕ دەبێت.

هێمن محەممەد، هەمیشە کۆترێکی بەدەستەوەیەو بەردەوام سۆراغی جۆری نوێی کۆتر دەکات و یەکێکە لەو کەسانەی ڕۆژانە خەرجی خێزانێکی بۆ کۆترەکانی تەرخانکردووە"ژوورێکی تایبەتم بۆ کۆترەکانم دابینکردووە، زیاتر لە٣٠ کۆترم هەیە، خەرجیان بەقەد خەرجی خێزانێکە"، لای هێمن بەخێوکردنی کۆتر ئارەزوویەکی "بەچێژە". ئەو لەماڵەکەی باخچەیەکی تایبەتی بۆ کۆترەکانی دروستکردووە، جگە لەکۆتر (بولبول، سوێسکە، قەتێ)ش بەخێو دەکات.

مەیدانی کۆتران، کە سەدان جۆر باڵندەو پەلەوەری تێدا دەفرۆشرا، جاران شوێنەکەی کەوتبووە گەڕەکی خانەقاوە، بەڵام دواتر ئەو بازاڕە گواسترایەوە بۆ نزیک پردی سەیداوە، ڕۆژانی هەینی ڕۆژی بازاڕی ئەو جۆرە کارو پیشەیەیە. لەوێدا هەموو جۆرە باڵندەیەکی کێوی و ماڵی سەودای دەکرێت. باڵندەکان لەناو قەفەزەکانیاندا دانراون و بەشێکیان لەبەر سێبەرن و زۆریشان چێشتنگاوی هەینیان لەبەر خۆرەتاوی گەرمی هەولێر، کەزیاتر لە٤٥ پلەی تۆمار کردووە، دادەنرێن. ئاسۆ شەوقی کە دوکانی فرۆشتنی باڵندەی هەیە، دەڵێ:"بازاڕی فرۆشتنی باڵندە زۆر باشە، هەینیان بازاڕەکە بەسەدان و هەزاران کەس ڕوویتێدەکەن". بەگوتەی ئاسۆ، ئارەزوومەندانی باڵندە لەڕۆژانی هەینیدا تەنیا خەڵکی هەولێر نین، بەڵکو لەسەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕووی تێدەکەن، گوتیشی:"بەهۆی قەرەباڵغی شوێنەکەوە، تائێستا چەندینجار شارەوانی هاتووەتە سەرمان و داوای چۆڵکردنی ئەو شوێنەیان لێکردووین، بەڵام ئێمە ڕازینەبووین، چونکە بازاڕەکە بۆ ئێمە جێگایەکی باش و گونجاوە". سەبارەت بەکڕیارانی باڵندە، ئاسۆ، گوتی:"زۆرترین کڕیار ئارەزوومەندانی کۆترن بەپلەی یەکەم، بولبولیش بەپلەی دووهەم، هەروەها کەروێشک، مریشک، قاز، مراوی، قەل، باشوکە، کەو، قەتێ، پۆڕو سوێسکەش دەفرۆشرێن".

ئێستا ئارەزوومەندانی کۆتر لەهەولێر زیاتر لە ٥٠ جۆر کۆتری ماڵی بەخێودەکەن. پڕفرۆشترین جۆری کۆتریش، خەڵکی بەخێوی بکەن، جۆرەکانی (تار و ئێرانی و فاو)ن. نرخی کۆتر لەهەولێر لەنێوان ٣٥ هەزار دینار بۆ چوار ملیۆن دیناردایە، گرانترینیان جۆری کۆتری عاردییە. ئەو جۆرانەی خواستێکی زۆریان لەسەرە (عاردی، ئێرانی، زاجل، ئولفە، فەرەنسی، تار)ین. بازرگانیکردن بەکۆتر لە هەولێر بووە بەکەلتوور، بەوهۆیەوە بازرگانان لە موسڵ، بەغدا، کەرکوک، بەسرەو وڵاتانی لوبنان، ئێران، فەرەنسا، سوریا، ئوردن، چین کۆتر بۆ هەولێر دێنن و هەولێر بووەتە ناوەندێکی بازرگانیکردن بەکۆترەوە.

کۆتر، وەک هێمایەک بۆ ئاشتی و سەربەستی گەلان لەکۆنەوە تائەمڕۆ وێڕای ئەوەی بۆ ڕازاندنەوەو خۆشی و بۆ خواردنیش بەکارهێنراوە، لەسەدەی دوازدەهەمی زاینیشدا

www.netewe.com



# ـــە پەکینەوە بۆ بەغدا

خەلیفەکانی بەغداد کۆتریان بۆ گواستنەوەو ناردنی نامە بەکارهێناوە. لەشەڕی دووهەمی جیهانیدا بەهەمانشێوە کۆتر بۆ گواستنەوەی نامە بەکارهێنراوە، لەدوا هەواڵێکدا کەلە بارەی کۆترەوە بلاوکرایەوە ئەوەبوو بەرپرسانی ئێران چەند کۆترێکیان بەتۆمەتی سیخوڕی بۆ ولآتانی خۆرئـاوا لەنزیک وێستگەی ناوکی بوشەهر دەستبەسەر کردووە، ئەم هەواڵە لای هەندێک کەس بەمایەی پێکەنیین دەزانرا.

کۆتر، بەهۆی تیشکی خـۆرەوە لەسەرەتای نیوەڕۆدا تاکۆتایی خۆرئاوابوون رێگەی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەمە یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆی بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەو شوێنەی کەلێوەی هاتووە، بەلآم هەموو کۆترێک ئەم توانا گەورەیەی نییە. لەجیهاندا نزیکەی (٢٨٩) جۆری کۆتر هەیە. هەندێکیان دەتوانن ماوەیەکی دوورو درێژ ببڕن، کۆتری (لویل نگتون) یەکەم کۆتر بوو لە ( ٨-٤-١٩٤٥ز) دا لەکەنداوی (ئەیشابود) لەخۆرئاوای ئەفریقا فڕی و لەدوای (٥٥) رۆژ مرد دوای ئەوەی توانی (١١٢٦٥کم )ی ببڕێت.

بەگوێرەی توێژینەوەی زانایانی ئیسپانیا دەرکەوتووە (کۆتر) لەژێر هـەردوو باڵەکانی دووجـۆر بەکتریا هەڵدەگرێت کە کاریگەری راستـەوخـۆیـان لـەسـەر تەندروستی مـرۆڤ دەبێت و بەکتریاکانی زیاندار و ترسناکن، بـەڵام هیچ مەترسییەک بـۆ سـەر ژیانی کۆترەکە دروستناکات. فەرناندۆ ئسبریون لەناوەندی توێژینەوە بۆ گیانلەبەران لەئیسپانیا رایگەیاندووە "ئەو گیانلەبەرانەی راستەوخۆ لەگەڵ مرۆڤ ژیان بەسەردەبەن بەشێوەیەکی ترسناک کاریگەریان دەبێت لەگواستنەوەی بەکتریاو ڤایرۆس".

یەکێک لەبەکتریاکان ناوی (تچلا میدۆفیلیایە) بەرێژەی (٥٢,٦٪) لەکۆتر بەدیدەکرێت و ئەوەی دیکەیان ناوی (کامبیلۆباکترە)بەرێژەی ( ٦٩,١٪ ) لەناو لەشی کۆتردا هەیە.

بـەگـوێـرەی ئـەنـجـامـی تـاقـیـکـردنـەوەکـان دەرکەوتووە، ئەو کەسەی تووشی ئەو جۆرە بەکتریایە بێت راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لـەسـەر تەندروستی بەشێوەیەک تووشی سکچوون و تەنگەنەفەسی و لەرزوتا دەبێت کە رەنگە ببێتە هۆی گیانلەدەستدانی.

ژنان بەهەستی ناسک و سۆزداری بۆ باڵندە ناسراون و کۆتریش یەکێکە لەو باڵندانەی کە ژیانی هاوسەری بەخۆشەویستی پێکدەهێنیت و نێر و مـێ بـەیـەکـەوە ئەرکەکانی ژیـان دابەشدەکەن و بەدیار یەکەوە گۆرانیدەڵێن و سۆز و خۆشەویستی دەگۆڕنەوە. هەربۆیە رەنگە زۆرێک لەژنانیش هەبن ئارەزووی ئەوە بکەن کۆتر بەخێو بکەن، بـەڵام هەشیانە رقی لێدەبێـتەوە "کۆتر باڵندەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشە، بەڵام هەرگیز حەز بە بەخێوکردن و نزیکبوونەوەی ناکەم"، ئەمە گوتەی رێژین رسول (٣١) سالانە کە مامۆستای قوتابخانەی بنەڕەتییە. هەرچەندە خۆی رقی لێیدەبێتـەوە، بەڵام کوڕەکەی زۆری حەز لێیەو لەبەر دایکی ناوێرێت لە ماڵ بەخێوییان بکات "کوڕەکەم زۆری حەز لە کۆترە، بەڵام دەزانێ من چەندە رقم لێیە، بۆیە تەنیا باسی دەکات".

**ئاڤان جاف**

www.metrove.com

### جێگری پارێزگاری هەولێر (تاهیر عەبدوڵلا):

# حکوومەت بەهاوکاری یوئێن دی پی قەرزی بچووک بەژنان دەدات

جێگری پارێزگاری هەولێر تاهیر عەبدوڵلا، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ وارڤین رایگەیاند کە حکوومەت بەهاوکاری رێکخراوی یوئێن دی پی، پڕۆژەیەکیان لە قۆناغی ئامادەکاریدایەو بەپێی ئەو پرۆژەیە قەرزی بچووک بە ژنان دەدرێت تا ئەو توێژە سەرەکییەی کۆمەڵگایش لەو رێگەیەوە بتوانن بچنەنێو بواری وەبەرهێنانەوە.

تایبەت

## سنووری جێبەجێکردنی پڕۆژەکە

رێکخراوی یوئێن دی پی بەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی یۆنۆپس، ئایئل ئۆ، هاپیتاد، فاو، پرۆژەیەکی وەبەرهێنان و راهێنانی بۆ ٣ پارێزگای عێراق (هەولێر، بەسرەو ئەنبار)ئامادەکردووە کەلەو رێگەیەوە هەوڵی بەهێزکردنی کەرتی تایبەت لەعێراق و هەرێمی کوردستان دەدرێت و ئاستی وەبەرهێنانی تاکی عێراقی و هەرێمی کوردستان، دەخرێتە نێو وەبەرهێنانەوە. لەپڕۆژەکەشدا بایەخی تایبەت بەرەگەزی مێ دەدرێت، تا بتوانێت وەبەرهێنان بکات. جێگری پارێزگاری هەولێر تاهیر عەبدوڵلا، کە هاوکات سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری ئەو پڕۆژەیە لە پارێزگای هەولێر دەڵێ"مەبەست لە بەرنامەکە جێبەجێکردنی پڕۆژە نییە، بەڵکو بەرزکردنەوەی تواناکانی مرۆڤی عێراقییە لەرێگەی راهێنان، سمینار و خستنەگەڕیان لەپڕۆژەی وەبەرهێنان تابتوانن بەرنامەی خۆیان بەرەوپێشبەرن، بەتایبەت لەکەرتی تایبەتدا". ئەو گوتی عێراق داهاتی ئابووری بەهێزی هەیە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە چۆن بتوانرێت وەبەرهێنان لەسامانە سروشتی و مرۆیەکان بکرێت و بەباشترین شێوە سوودی بۆ پەرەپێدانی ئابووری و خۆشگوزەرانی لێوەربگێردرێت. دەستەی راوێژکارانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لەگەڵ رێکخراویی یو ئێن دی پی و رێکخراوەکانیتری نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتە کۆمەکبەخشەکان کۆبوونەتەوەو بودجەیان بۆ ٣ پارێزگا (هەولێر لە هەرێم، ئەنبار لەناوەڕاستی عێراق، بەسرە لەباشووری عێراق) تەرخانکردووە. وەک تاهیر عەبدوڵلا، گوتی بڕی بودجەکە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمەوە دیاریناکرێت، بەڵام ئاشکرای کرد کە بودجەکە بۆ بواری راهێنان و پێدانی قەرزی بچووک تەرخانکراوە.

## ئامادەکاری

لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو پڕۆژەیە چەند کۆبوونەوەیەکیان بۆسەرخستنی پڕۆژەکەئەنجامداوە، یەکەم کۆبوونەوە بەرلەساڵێک لەبەغدا ئەنجامدرا، دواتر لەهەولێر، لوبنان و دواکۆبوونەوەیەش لەئەستەمبول بوو کەلە هەر سێ پارێزگای هەولێر، بەسرەو ئەنبار، خاڵی لاواز و بەهێزی و بواری وەبەرهێنان دەستنیشانکراوەو بەرنامەکەش پەرەپێدانی کەرتی تایبەتە. تاهیر عەبدوڵلا، دەڵێ:"لەپارێزگا لیژنەیەکمان لەنوێنەری وەزارەتی پیشەسازی و ئابووری، ژووری بازرگانی هەولێر، وەزارەتی کشتوکاڵ، پلاندانان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چەند لایەنێکی دیکە بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆژەیە پێکهێناوە تا بتوانین خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بواری وەبەرهێنان لەپارێزگای هەولێر دیارییبکەین و پەرە بەکەرتی تایبەت بدەین".

ئەو کەرتی تایبەت بەشادەماری سەرەکی وەبەرهێنان دادەنێت و دەڵێ لەو رێگەیەوە هەوڵدەدرێت کە ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر حکوومەتە وەک دامەزراندنی فەرمانەبران کەمبکرێتەوەو هەلی کار زیاد بکرێت.

## قەرزی بچووک

بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم و عێراق جەختدەکەنەوە کە پێویستە سیستەمی ئابووری وڵات بەرەو کەرتی تایبەت بچێت و لەوبارەیشەوە تاهیر عەبدوڵلا، بۆچوونی وابوو ئەو سیاسەتە کۆنەی هەموو شتێکی بەمەرکەزی بوو، کەمبکرێتەوەو کەرتی تایبەت شوێنی بگرێتەوە تا پڕۆژەکان زیاتر لەلایەن سەرمایەداران و وەبەرهێنەرانەوە ئەنجامبدرێت. جێگری پارێزگاری هەولێر دەڵێ"هەندێک پڕۆژەی وەک پێدانی قەرزی بچووک بۆ ئەو کەسانە هەیە کە دەخرێنە وەبەرهێنانەوەو دەیانەویت کارێک ئەنجامبدەن و پێویستان بەپشگیری بانک و سەرمایە هەیە". تاهیر عەبدوڵلا، ئەوەشی خستەڕوو کە پڕۆژەکە لەقۆناغی لێکوڵینەوەدایەو چەند سێکتەرێکیان هەڵبژاردووە تا پڕۆگرامەکە بە یوئێن دی پی بدرێتەوەو ئەوانیش لەسەر دواکاری ئەمان لەبواری کەرتی تایبەت بۆ کشتوکاڵ، پیشەسازی بچووک و بواری راهێنان بۆ کۆمپانیا خۆماڵیەکان،

www.netewe.com



تاهیر عەبدوڵلا

هاوکارییان بکەن.

## ناوچە کەمدەرامەتەکان

تاهیر عەبدوڵلا، دەڵێت پرۆژەکە لەپارێزگای هەولێر لەو ناوچەنانە جێبەجێدەکرێت کە خەڵکی زۆری لێیەو لەرووی باری ئابوورییەوە بژێویان باش نییەو کەمدەرامەتن و دەرفەتی کاریان کەمە، لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانی لە زۆربوارا پەراوێزخراون.

## جێبەجێکردن

بەگوتەی تاهیر عەبدوڵلا، پرۆژەکە لەقوناغی ئامادەکردنەو وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەلایەتی و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی، ڕۆڵێکی سەرەکی لەدیاریکردنی کەسەکان دەبینێت.

هەروەها گوتی، بۆ ئەوانەی کاریان نییە سەنتەی ڕاهێنان هەیە، تا فێری پیشەیەک بکرین و بەرهەمەکانیان بهێنرێتە نێو کۆمەڵگاو پشتبەخۆیان ببەستن"بەرنامەی ئێمە ئەوەیە میللەتی خۆمان لە بەکاربەر(هیچ بەرهەمی نەبێت) بگۆڕین بۆ میللەتێک، توانای بەرهەمهێنانی هەبێت و بەشداری لەپێشکەوتنی ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی بکات".

ئەو زیاتر لەوبارەیەوە قسەی کردو گوتی:"پرۆژەکە لەرێگەی پرۆژەی بچووک دەستپێدەکات و مەرج نییە زۆر گەورەبێت". ئەوەشی خستەڕوو کە بەرێگەی ئەو پرۆژەیەوە خەڵک دەبێتە خاوەن داهاتی خۆی و گوشاری سەر حکومەتیش وەک دامەزراندن کەم دەبێتەوە.

بەشداری ژن

وەک تاهیر عەبدوڵلا، ئاماژەیدا یەکێک لەخاڵە لاوازەکان ئەوەیە ئافرەت ڕۆڵی لەبواری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و سەرمایەگوزاریدا زۆر کەمە، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکی وەک پیاوسالاری و بالادەستی پیاو لەهەموو بوارە، کۆمەلایەتی، ئایینی و ئابوورییەکاندا"کۆمەڵگایەک پێشکەوتنی نابێت و هاوسەنگیشی تێدا نابێت ئەگەر ئافرەت شانبەشانی پیاو ئامادەیی نەبێت و لەهەموو بوارەکاندا ڕۆڵی نەبێت، نەوەک تەنیا لەبواری خوێندن و کاری حکومەت و فەرمانگەکان ڕۆڵی هەبێت".

ئەو جەختیکردەوە لەو پرۆژەیەدا ئەولەویات بە ئافرەت دەدرێت، بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی بیرۆکەی پرۆژەیان هەیە، بەڵام هیچ داهاتێکیان نییە کە ژیانیان بەهۆی هۆکاری سیاسی یان بەهەر هۆکارێکی دیکەوە سەختەو پێویستیان بەهاوکاری هەیە، تا پشتبەخۆیان ببەستن و چاویان لەوەنەبێت خەڵک یارمەتیان بدات."بۆ ئەم مەبەستە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەین، تا ئەوانیش کە نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر ئافرەت دەکەن، بەشدارییان هەبێت".

## بواری وەبەرهێنان

سەرەتای بەرنامەکە ڕاهێنان و پێدانی قەرزی بچووکە بۆ کۆمەڵێک بواری جۆراوجۆر بۆ ئەوانەی بەنیازن کارێک بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان بکەن جا لەشار و قەزاو شارەدێ یان لەکۆمەڵگەکان بێت.

بەقسەی تاهیر عەبدوڵلا، پرۆژەی پیشەسازی بچووک یان کاری دەستی، یان هەندێک پیشەی تایبەتی لەچوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا بەرنامەی بۆ دانراوە، لایەنی کەلتووریش دەگرێتەوە کە دەبێتە مایەی بووژاندنەوەی کەلەپوری نەتەوەیی و پەیداکردنی دەرفەتی کار."پرۆژەکە بواری گەشتیاری دەگرێتەوە کە ناوچە گەشتیارییەکان دەرفەتی کاری تێدایە، بەڵام ڕەنگە خەڵکانێک هەبێت توانای ئەوەی نەبێت بایەخ و پەرە بەناوچە گەشتیارییەکان بدات، یان بودجەیەکی نەبێت، بۆیە پشتگیری ئەوانە دەکرێت.

پرۆسەکە دووردرێژەو لەقوناغی دەستپێکەو پێویستی بەڕاهێنان و ئەنجامدانی سمینار هەیە، پێشنیار بەرز دەکەینەوە بۆ ئاژانسەکانی سەر بە یوئێن،ئ دوان هەڵدەستن بەئەنجامدانی کارەکان".

## ڕووبارێکی دەستکرد

لەتەوەرێکی دیکەی دیمانەکەدا جێگری پارێزگاری هەولێر، ئاماژەیدا، بەنیازن ڕووبارێکی دەستکرد کە بەدەوری هەولێر بڕوات دروست بکەن،سەرچاوەی ئاوەکەی لە ئاوی ئیفراز و زێی گەورە دەبێت، ڕێرەوی ئاوەکە دوو هێڵ دەبێت یەکێکیان لە ئیفرازەوە بەلای وەزارەتی پێشمەرگە تێپەڕدەبێت و تا نزیک فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دێت، ڕێرەوەکەی تریش لە زێی خەبات دەهێنرێت و لەنزیک فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر هەردوو هێڵکە یەکدەگرنەوە.

وەک باسیکرد ئەو پرۆژەیە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری پێویستە."بڕیار بوو ئەو پرۆژەیە لەساڵانی ڕابردوودا جێبەجێبکرێت، ئەوکات وەزارەتی سەرچاوەئاوییەکانی عێراق بودجەکەی لەئەستۆگرت، بەڵام بەهۆی ئەوەی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی بەغدا بودجەکەی نەدا، پرۆژەکە دواکەوت. بەڵام ئێستا پارێزگای هەولێر خستوویەتییە نێو پلانی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ٢٠١١ و نەخشەی ڕووبارەکە تەواوبووەو لە هەندێ شوێن ئامادەکاری پێویستیشی بۆ کراوە".

www.netewe.com

# پزیشکی وارڤین

پرسیار: من ناوم سارا شاکر، تەمەنم ٢٨ ساڵە، تووشی نەخۆشی خەمۆکی بووم سووڕی مانگانەم پچڕپچڕ دەبێت ئایا ئەمە پێوەندی بەنەخۆشییەکەمەوە هەیە؟

وەڵام: د.تاڤگە پسپۆر لە بواری نەخۆشیەکانی دەروونی: بێگومان ئەمە پێوەندی بەنەخۆشییەکەوە هەیە، چونکە نەخۆشییە دەروونییەکان پەیوەندی بەهەموو جەستەی مرۆڤەوە هەیە. زۆرجار دەبێتە هۆکاری پچڕانی سووڕی مانگانە، یاخود کەمبوونەوەی خوێنەکە. پێوستە هەوڵبدات چارەسەری نەخۆشی خەمۆکییەکەی بکات. ئەوکات سووڕی مانگانەی ئاسایی دەبێتەوە.

پرسیار: من ناوم (ئیمان سوارە) تەمەنم ١٧ساڵە حەبی "RELIEF" بەکاردێنم لەکاتی سووڕی مانگانەداو هاورییەکانم دەڵێن بەکارهێنانی ئەو حەبە تووشی شێرپەنجەت دەکات ئایا ئەمە تاچ رادەیەک راستە؟

وەڵام: د.دەرخت ئەرشد حەویزی پسپۆر لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان ومنداڵبوون: خواردنی هەموو جۆرە حەبێک لەکاتی سووڕی مانگانە بۆ شکاندنی ئازار زیانی هەیە، راستە ئەو حەبە باش نییە بۆ شکاندنی ئازار، بەڵام ناشبێتە هۆکاری تووشبوون بە شێرپەنجە. پێویستە تادەکرێت خۆت لەخواردنی حەب بپارێزی، ئەگەر زۆر پێویستی کرد، حەبی پرۆفین بەکاربێنە زۆر مەترسی نییە".

پرسیار: من ئافرەتێکی ٣٦ساڵم خاوەن ٣منداڵم دەمەوێت بەرگری سروشتی بەکاربێنم چی بکەم بۆ ئەوەی دڵنیابم منداڵم نابێت؟

وەڵام: پسپۆری نەخۆشییەکانی ژنان د.سامیە عەبدولکەریم: ئەگەر سێ رۆژ بەرلە عادەبوون مێردەکەت هاتەلات نابێتە هۆی دروستبوونی سک، چونکە هێلکەدان پێگەیشتووە، هەروەها دوو رۆژ دوای عادە سکپڕ بوون روونادات، چونکە ئەوکاتیش هێلکەدان دەستی بەگەشەکردن کردووە.

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت.

لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

ناونیشانی کۆڤار: هەولێر– شاری خەونەکان

تەلەفۆن:0662647813

# ئەتەکێت کارکردن



کنێر عەبدوڵلا

KNER_ABDULLAH@YAHOO.COM

-پێویستە بەباشی جیاوازی بکەین لەنێوان ئەتەکێتی کارکردن و کۆمەلایەتی باو لەبوارە جۆربەجۆرەکانی دیکەی ژیاندا، چونکە کۆمەڵگەی کارکردن، کۆمەڵگەیەکی یەکسانییەو رەچاوی ئەتەکێتی پیاوان بەرامبەر ژنان ناکات. واتە مەرج نییە پیاوان دەرگا بۆ ژنان بکەنەوە بۆ ئەوەی لە پێشیانەوە برۆن. دووهەم خاڵی جیاکەرەوە ئەوەیە، کۆمەڵگایەکە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان و لەسەر بناغەی رێز وسەرنجڕاکێشانی کارئاشناکان بونیاد دەنرێ.

*پێشکەشکردنی کەسێک بۆ ئەویدیکە (ئەتەکێتی ناساندن):

لەکاتی پێشکەشکردنی کەسێک بۆ ئەویدیکە، ئەو کەسەی لە پۆستێکی نزمتردایە پێشکەشی دەکات، لەکاتی لەبیرچوونی ناوی کەسەکەی پێشکەشی دەکەیت پێویست بە شلەژان، یان دڵەڕاوکێ، یاخود فەرامۆشکردن ناکات، لەبری ئەوە دەتوانیت بەوشەی جوان و بەڕێزەوە داوای لێبوردن بکەیت لەگەڵ داواکردن بەبیرکەوتنەوەی ناوەکەی "بەلێبوردنەوە ناوەکەتم لە یاد نییە".

* تەوقەکردن بەدەست

تەوقەکردنکە هەستی بەخێرهاتن لای میوانەکە دروستدەکات خۆڕسکێکی باش و جوان بەجێدەهێڵێ لەسەر ئەو دامەزراوەی کاری تێدا دەکات، پێویستە تەوقەکردنەکە پەیوەندیدار بێت بەتەماشاکردنی چاوەوە بۆ یەکتری.

تێبینییەک بۆ ژنان: بۆ دورکەوتنەوە لە شلەژان لە کاتی تەوقەکردندا، پێویستە لەسەر ژنان پێشتر دەستیان درێژ بکەن بۆ سلاو، بۆ ئەوەی پیاوان ناچارنەبن ئەوکارە بکەن، چونکە لەکارکردندا جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا نییە.

* ئەتەکێتی ئەلەکترۆنی: ئەوەی دەچێتە ئەم لیستەوە، پۆستی ئەلیکترۆنی، فاکس، تەلەفۆنی هەڵگیراو ( هاند)ە.

* پۆستی ئەلەکترۆنی: بلاوترین ئامرازی پەیوەندیکردنە لەکارکردندا، زۆر کەس بەکاری دەهێنێت بۆ ئالوگۆرکردنی نامەی تایبەت و نوکتە ئایا ئەوە رێگەپێدراوە؟

* فاکس: پێویستە زانیارییەکان بەشێوەیەک بن، هەموو کەس بتوانێت پەیوەندی بکات، ناوەڕۆکی پەیامەکە، ژمارەی لاپەڕە نێردراوەکان بۆ ئەوەی هیچ زانیارییەک دووچاری بزربوون نەبێتەوە..

* تەلەفۆنی هەڵگیراو: دەشێت فریادڕەس بێت بۆ ژیانی زۆرێک و بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان گرنگ بێت، چۆن ئەم جۆرەی تەلەفۆن بەکاردەهێنرێت؟

www.netewe.com

## نەشتەرگەری
## ددانچاندن
## جــــــێ
## بەتاقمکردن
## لێژ دەکات



# نوێترین ڕێگای زاڵبوون بەسەر هەڵوەرینی ددانەکانمان

چاندنی ددان لەرێگەی نەشتەرگەرییەکی سادەوە یەکێکە لەنوێترین رێگاکانی زاڵـبـوون بەسەر نەخۆشییەکانی ددان و هەڵوەرینی ددانـەکـان و دروستکردنی تاقمە ددان. دکتۆر(د.سالم سەباح) پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی ددان زانیارییەکانی لەبارەی ئەو شێوازە نوێیەوە بەمشێوەیە خستەڕوو.

چاندنی ددان لەکێشە دەروونیەکان رزگارت دەکات، کە بەهۆی لەدەستدانی ددان توشت دەبێت، هەروەها رزگـارت دەبێت لەدەست دانـان ودەرهێنانی ددانی تاقم و ئەو بۆنە ناخۆشەی کە بۆ خۆت ودەوروپشتت دەروسـتـی دەکـات، لەگەڵ ئـەوەش چاندنی ددان وادەکات متمانەیەکی تەواوت بۆ دروست ببێت.

### کێ پێویستی بەچاندنی ددانە؟

چاندنی ددان بۆ یەک تەمەن و یەک چینی دیاریکراو نییە، هەموو ئەوکەسانەی ددانـیـان لەدەستداوە بەتایبەتی کـوڕ وکچە گەنجەکان زیاتر لەوانەی تەمەنیان لەسەرەوەیە پێویستیان بەچاندنەوەی ددان هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی تێکەلاوبوونیان لەگەڵ خەڵک هەست بەنەنگی نەکەن.

### چاندنی ددان چییە؟

چاندنی ددان دروستکردنی ڕەگی دەستکردە لەکانزای تیتانیۆم لە شوینی شەویلگەی ددانـە بەزربووەکە دادەنرێت، چاکی مادەی تیتانیۆمەکە لەوەدایە کە بەزووترین کات لەگەڵ هێسکی شەویلگەکە یەک دەگـرێـت، تەنێکی کانزایە رەگـی ددانـەکـەی لێوە دروستدەکرێت واتە پووکەکەی دەخرێتەناو شەویلگەکە دوای چاندی ددانەکە یەکگرتنی مادە کانزاییەکەی لەگەڵ هێسکی شەویلگەکە وەک ددانی سروشتی وایە هەموو ئەرکەکانی ددانی سروشتی جێبەجێدەکات.

### رێژەی سەرکەوتنی چاندنی ددان چەندە؟

سەرکەوتنی ئەم نەشتەرگەریە لەوەدایە کە دەبێت نەخۆشەکە ئـاگـاداری دەمـوددانـەکـەی بێت لەگەڵ زیرەکی و شارەزایی پزیشک لەچاندنی نەشتەرگەری ددانـەکـە، رێـژەی سەرکەوتنی ئەم نەشتەرگەرییە لە٩٨٪ تا ٩٩٪ دایە. بێگومان ئەگەر لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە ئەنجامنەدرێت سەرناکەوێت.

### ئەو ماوەیەی چاندنەکە پێویستیەتی؟

ماوەی یەککگرتنەوەی ددانەکەو رەگەکەی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە بەگوێرەی تەمەن لەزۆربەی کەسەکان لە ٢ تا ٥ رۆژ ددانەکە لەگەڵ رەگەکەی یەکدەگرێتەوە. زۆرجـار دەتوانی چـاوەڕوان نەکەی رەگەکە دابنرێت ئینجا ددانەکە، بەڵکو راستەوخۆ بەدوای یەکدا ددانەکەو رەگەکە لەهەمانکاتدا دابنرێت.

### چاندنی راستەوخۆ چییە؟

چاندنی راستەوخۆ، جۆرێکی تایبەتە لەچاندنی ددان توانای قەرەبووکردنەوەی ددانە سروشتیەکەی هەیە لەماوەی یەک هەفتەدا چارەسەرەکان وەردەگرێت دواتر پێویست ناکات سەردانی پزیشک بکاتەوە.

### گرەنتی هەیە؟

پێویستە نەخۆش هەوڵبدات لەگەڵ ئەو پزیشکە، یاخود ئەو سەنتەرەی نەشتەرگەرییەکەی لێ ئەنجامدەدا دڵنیابێت لـەوەی جێی متمانەن و تووشی گرفتی ناکات، بەشێوەیەکی گشتی، بێگومان چاندنی ددان لە تاقمی ددان چاکترە، نەخۆشەکە لەکاتی خواردن و گفتوگۆ کردن هیچ کێشەیەکی نییە.

### مەترسی و زیانی هەیە؟

چاندنی ددان هیچ مەترسی و زیانێکی نییە، هەروەها نەشتەرگەرییەکی زۆر سادەو ئاسانە بەبێ ئازار، لەژێر کاریگەری بەنجکردن نەشتەرگەرییەکە بۆ نەخۆش ئەنجامدەدرێت.

سانە سلێمان

www.netewe.com




# ئەو شتانەی ئافرەت چین زۆرترین سەرنجی پیاو رادەکێشن

کاتێک کە بۆ چێژوان دەچیت رەنگە لە بەردەم ئاوێنە بوەستیت و چەندجارێک بـەوردی لەخۆت رابمێنیو بەدوای ناتەواوییەکانی خۆتدا بگەڕێیت، یاخود رەنگە وادەیـەکـت لەگەڵ کەسێکدا داناوەو دەتەوێت چاوت پێیبکەێت. رەنگە زۆر لەبیری ئەوەدابیت، چۆن بەجوانترین و باشترین شێوە دەردەکەویت. تا ئێرە ئاساییە، بەڵام بەنیسبەت پیاوانەوە شەش شت لە یەکەم دیداریان لەگەڵ ئافرەتان پێش هەموو شت سەرنجیانرادەکێشێت، ئەو شەش شتە چین؟

یەکەم، زەردەخەنە: خانمی هێژا یەکەم شتێک کە سەرنجی پیاو رادەکێشێت زەردەخەنەی سەر لێوەکانتە، ئایا ئەو زەردەخەنەیە دروستکراوە، سروشتییە، یاخود گاڵتەو بەسووک سەیرکردنی لێدەخوێندرێتەوە. پیاوان ئارەزووی زەردەخەنەی سروشتی دەکەن و لەوکاتەشدا ئاگاداری ئەوەبە ددانەکانت تەواو پاکژ بن و زەردەخەنەکەت تا دەکرێت با سروشتی بێت.

دووهەم، قژ: پیاو نازانێت قژت چ نە خۆشییەکی هەیە، ئەو تەنیا سەیری جوانی و پاکی قژ و شێوازی رێکخستنی دەکات و تێبینی ئەوەدەکات تاچەند قژت لەگەڵ شێوەتدا یەکدەگرێتەوە.

سێهەم، سینگ: هەرچەندە پیاوان نکۆڵی لێدەکەن، بەڵام ئەوە راستییە کاتێک پیاو سەیری ئافرەت دەکات لە ناوچەی سینگ زۆرتر ورد دەبێتەوە، زۆرجار پیاوان لەگەڵ خۆیاندا یان لەگەڵ هاوڕێکانیاندا ئەو پرسە باس دەکەن و لێی ورد دەبنەوە.

چـوارەم، مکیاژ: ئەمەشیان جێی بایەخی پیاوانە، هەرچەندە بۆ تۆ شتێکی بنچینەییە، بەڵام بۆ پیاو مایەی بێزارییە، چونکە ئەو زۆر حەز لەدەرمان و کرێم و رەنگردن ناکەن. بەڕای ئەوان ئەو شتانە راستی دەموچاوت ون دەکەن، بۆیە واباشترە تا پێت دەکرێت مکیاژەکەت کاڵ بێت و لەرەنگی سروشتییەوە نزیک بێت.

پێنجەم، پێست: پێست رەگەزێکی گرنگە نە تەنیا بۆ پیاوان، بەڵکو بۆ خودی خۆشت، تا پێتدەکرێ با پێستت پاکژو بێکێشە بێت، ئەگەر کێشەیەک یا نەخۆشییەکی پێستت هەیە ئەوا زوو هەوڵی چارەسەرکردنی بدە، رێگاکانی چارەسەرکردنی هەرچەندە سەختیش بن هەوڵی بۆ بدە.

شەشەم، جانتاکەت: سەرەڕای ئەوەی جانتای کچان شتێکە پەیوەندی بە مـۆدەوە هەیە، بەڵام زۆرجـار پیاوان سەرنجیان بۆ جانتای دەستت دەچێت و ئەگەر جانتاکەت گەورەیە ئەوا بیر لەوە دەکەنەوە دەبێت چی تێدا بێت. هەربۆیە هەوڵبدە جانتاکەت گەورە نەبێت و بەگوێرەی پێویستی خۆت و تەمەنت بێت و با رەنگەکەشی گونجاو بێت لەگەڵ رەنگی جلوبەرگەکەت.

www.netewe.com

پسپۆڕێکی دەرمانسازی:

# سیستەمی دەرمانسازی هەرێم بایەخ بە بەرژەوەندی نەخۆش نادات

دکتۆرە هێلین سەیرانی پسپۆڕی دەرمانسازی و دەرچووی کۆلێژی بۆڤی ئەمریکی بۆ زانستی دەرمانسازی و تەندروستی لەوتووێژێکدا لەگەڵ وارڤین، رەخنەی لەسیستەمی خوێندنی بەشەکانی زانستی دەرمانسازی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان گرت و گوتی کە سیستەمی دەرمانسازی هەرێم بەرژەوەندی نەخۆشی نەکردووەتە چەقی بایەخپێدانی خۆی، هەروەها چەند لایەنێکی گرنگی هەڵگرتن و بەکارهێنانی دەرمانی خستەڕوو.



ساکار رۆستەم

هەولێر

### هەڵگرتنی دەرمان

بەگوێرەی بنەماکانی زانستی پزیشکی هەموو دەرمانێک پێویستە لەگەڵ پاکەتەکەیدا"لیفلی تێک"واتە پەڕاوێکی تێدابێت هەرچی زانیاری هەیە لەسەر ئەو دەرمانە دەبێت لەو لیفلیێتە نووسرابێت، بەگوێرەی گوتەی دکتۆر هێلین سەیرانی"هەموو دەرمانخانەیەک پێویستە پابەند بێت بەو رێنماییانەی تایبەتن بەو دەرمانانە".

هەندێک لەدەرمانەکان دەکرێت لەپلەی گەرمی ژووردا بپارێزرێت، هەندێکی دیکە دەبێ لەساردکەرەوەدا بپارێزرێت. ئەگەر دەرمانێک لەپلەی گەرمی نەشیاودا هەڵبگیرێت ئەوا لە کارتێکردنی دەرمانەکە کەمدەکاتەوەو ناکرێت بەکاربهێنرێت. هێلین سەیرانی گوتی:"هەندێک لەکارتێکردنە خراپەکانی تێکچوونی دەرمان و کەمبوونەوەی ژیانی کارکردنی دەرمانەکەیە واتە زووتر ئیکسپایەربوونی بەهۆی پلەی گەرمی نەشیاوە".

### تەنیا پزیشک مافی دەستنیشانکردنی دەرمانی هەیە



لەهەرێمی کوردستان هەندێک لەدەرمانخانەکان بەبێئەوەی لەلایەن پزیشکەوە بۆ نەخۆشەکە دەرمان نووسرابێت دەرمان دەفرۆشنە خەڵک، هێلین سەیرانی بەسەرسوڕمانەوە گوتی:"کەواتە دەرمانسازەکان دەتوانن نەخۆشی دەستنیشان بکەن و دواتر دەرمان بۆ ئەو نەخۆشانە بنووسن". هەر لەدرێژەی قسەکانیدا گوتیشی:"دەرمانساز چۆن دەتوانێت نەخۆشی دەستنیشان بکات بەبێئەوەی پشکنینێکی بۆ کردبێت، بۆیە ئەو جۆرە کارانە دەبێتە هۆی کارتێکردنی درێژخایەنی خراپ لەسەر باری تەندروستی نەخۆش".

ئەو لەبارەی زانیارییەکانی دەرمانساز باسی لەوەکرد، دەرمانساز ناتوانێت ئەو زانیارییەی هەیەتی بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی بکاریانبهێنێت و پێویستی بەیارمەتی پزیشک دەبێت، تا نەخۆشی دیاریدەکات و دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشەکە دەنووسێت. "ئەوەی دەمەوێ لێرە بیڵێم ئەوەیە ئێمە دەرمانسازی فێرکراوین، چۆن ئەو دەرمانانە بەشێوەیەکی زانستی درووستبکەین و لەپلەی گەرمی گونجاودا بیپارێزین، بەڵام دەرمانساز بەهیچ شێوەیەک بۆی نییە نەخۆشی دەستنیشان بکات، دەبێت نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە نەخۆشییەکەی

www.netewe.com

دەرمان لەهەرێمی کوردستان، نەخۆشی لەڕووی بایەخەوە بەچەقی گرنگی خۆی دانەناوە". ئەو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەپێویستی دەزانێت سیستەمی خوێندن لەکۆلێژەکاندا خوێندکاران لەسەر ئەوە ڕابهێنن کە چۆن دەرمانساز باشترین بڕیار لەخزمەت و بەرژەوەندی نەخۆش بدات؟. باسیش لەوەدەکات کە دەرمان ڕێگەچارەیەکی سەرەکی نییە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش"وەرگرتنی دەرمان لەوانەیە ڕێگە چارەی نەخۆشی نەبێت ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە ئێمە نەمانتوانیوە فێری خەڵکی بکەین، پێویستە نەخۆش پێش هەموو شتێک فێری ئەوە بکرێت، چۆن بتوانێت شێوازی ژیانی خۆی بگۆڕێت".

ئەو بەپێویستی دەزانێت نەخۆش فێری ئەوەبکرێت کە هەڵسووکەوتی خۆی بگۆڕێت لەڕووی خواردن و وەرزش و کەمکردنەوەی گوشار"وەرگرتنی هەر دەرمانێک لەدوای یەک، ئاکامێکی نەخوازراو دەهێنێت، بۆیە دەرمان ڕێگە چارەی دووهەم دەبێت".



هێلین سەیرانی

دیاریبکرێت و دەرمانی بۆ بنووسرێت".

لەکوردستان هەندێکجار لەسەر شەقامەکان و هەندێک دوکانی دیکە دەرمان دەفرۆشرێت دکتۆرە هێلین لەوبارەیەوە دەڵێ"ئایا ئێمە دەرمان دەفرۆشین یان نوقڵ؟ کەسێک چۆن دەتوانێت دەرمان بفرۆشێت بەبێئەوەی هیچ زانیارییەکی هەبێت لەبارەی ئەوەی پزیشک لە ڕەچەتەیەکدا بۆ نەخۆش دەینووسێت، لەلایەکی دیکە ئەو کەسە چۆن دەتوانێت ڕێگر بێت لەزۆر بەکارهێنانی دەرمان لەرادەی پێویست و کارتێکردنی دەرمانێک لەسەر دەرمانێکی دیکە کە هەمان نەخۆش وەریاندەگرێت و کارتێکردنی دەرمانەکە لەسەر نەخۆشی ئەگەر ئەو کەسانە دەرمانسازی ڕێگە پێدراو نەبن".

ئەوەشی ڕوونکردەوە، هەندێکجار پێویستیان بەوە بووە، پرس بە پزیشکەکان بکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی، پزیشکەکە ئاگاداری ئەوەیە نەخۆشەکە دەرمانێکی وەرگرتووە، ڕەنگە کارتێکردنی خراپی هەبێت لەسەر ئەو دەرمانانەی تازە بۆی نووسیووە"لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی دەرمانساز پێویستیمان بەوەیە بەردەوام هەندێک زانیاری گرنگی زانستی دەرمانسازی بەبیری پزیشکان بهێنینەوە".

## هاووڵاتی یەکەمین قوربانییە

یەکەم قوربانی خراپ بەکارهێنانی دەرمان و هەڵگرتنی دەرمان بەدڵنیاییەوە نەخۆشە، هێلین دەڵێ"هۆکارەکانی ئەو هەموو کێشەیەی سیاسەتی دەرمانسازی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ سیستەمی خوێندن لەهەرێمەکەماندا".

ئەو جیاوازی سیستەمی خوێندنی لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەراورد کردو گوتی"کاتێک سەیری سیستەمی خوێندنی کۆلێژەکانی دەرمانسازی دەکەم بۆم دەردەکەوێت، سیستەمی خوێندن و بەکارهێنانی

## دەرمانی گیایی چارەسەر نییە

هەموو دەرمانخانەیەک لەکوردستان ڕەفەیەکی تایبەتی هەیە بۆ دەرمانە گیاییەکان، زۆرێک لەو دەرمانانە ڕێگرن لەکارکردنی دەرمانی دیکە، ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی زیاتر یا کەمتر کارکردنی دەرمانەکە لەبەر ئەوەی دەرمانسازان دەتوانن بەبێئەوەی پێویستیان بەنووسراوی پزیشک بێ ئەو دەرمانانە بە نەخۆش بدەن.

جیاوازی لەنێوان دەرمانی گیایی و دەرمانی ئاسایی پاڵنەری بەکارهێنانیانە، دەزگای دەرمان و خواردنی ئەمریکی ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی لەسەر دەرمانی گیایی بنووسرێت (ڕێگرە یان چارەسەری نەخۆشی دەکات)، بەڵام دەکرێت لەسەر دەرمانەکە بنووسرێت ئەو دەرمانە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەکارەکانی جەستەی مرۆڤ. دکتۆرە هێلین گوتی:"دەرمانی گیایی چارەسەر و ڕێگری لەنەخۆشی ناکات، بەڵکو دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی لەش وەک ڤیتامین بەکاربهێنرێت".



# قوتابخانەكان پێویستیان بەكەلوپەلی فریاگوزاری پزیشكییە

سەرەتای وەرزی خوێندنی ساڵی ٢٠١٠ –٢٠١١ بەلێدانی زەنگی قوتابخانە دەستپێكردو بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیان و گردكردنەوەیان لە پۆلەكانداو هاتنی وەرزی سەرما ئەگەری بلاوبوونەوەی نەخۆشی جۆراوجۆری گواستراوە لەئارادایەو شارەزایانی پەروەردەش داوا دەكەن لەقوتابخانەكان تۆماری تەندروستی بۆ قوتابیان دروستبكرێت و هەروەها پێداویستی فریاگوزاری پزیشكییان بۆ دابینبكرێت.

هەولێر

نورا سلێمان، (١٥) ساڵ قوتابی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتییە. نورا، گلەیی ئەوە دەكات، ئەمساڵ قوتابخانەكەیان كراوەتەوە، هەر لەسەرەتای ساڵەوە سەرئاوەكەیان زۆر پیسە، تانكی ئاوخواردنەوەكەیان گەرمەو پۆلەكانیان پاك نین و بەقوتابیان شتەكان پاكدەكرێتەوە"ئێمە بەجلوبەرگی قوتابێتیەوە وەك خزمەتگوزار قوتابخانە پاكدەكەینەوە".

سارا فەتحی (١٢) پۆلی شەشەمی سەرەتاییە گوتی"هەر كە قوتابخانە دەكرێتەوە بەردەوام نەخۆشم، زۆر بەزوویی نەخۆشی لە هاوڕێكانی پۆلەكەم دەگرمەوە".

ئەگەرچی بەڕێوەبەر و مامۆستایان بەردەوام ئامۆژگاری قوتابیان دەكەن كە توالێتەكان پیس نەكەن و شوێنەكانیان بەپاكی رابگرن، بەڵام زۆرجار رێنمایی و ئامۆژگارییەكان وەك خۆیان جێبەجێ ناكرێن.

## فریاگوزاری پزیشكی

زیرۆ عەبدولا شێخ، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی ئامێدی لەگەڕەكی نێرگز لەوبارەیەوە دەڵێ:"هەر كاتێك هەست بكەین قوتابییەك تووشی نەخۆشییەكی گوازراو بووە، ئێمە دەینێرینە نزكترین بنكەی تەندروستی و مۆڵەتی درێژخایەنی پێدەدەین تا بەتەواوی چاكدەبێتەوە، نابێ بگەڕێتەوە ناو پۆلەكەی".

ئەو بەڕێوبەرە داواشیكرد، وەزارەتی تەندروستی كەلوپەلی فریاگوزاری سەرەتایی پزیشكی بۆ هەموو قوتابخانەیەك دابینبكات، بۆ ئەوەی لەكاتی حاڵەتی كتوپڕدا سوودیان لێوەربگیردرێت.

(تەلعەت عوسمان رەمەزان) مامۆستا لەقوتابخانەی ئامێدی باسی لەوە كرد كە لەماوەی ئەزموونی ژیانی مامۆستایەتیدا بۆی دەركەوتووە زۆربەی ئەو نەخۆشییانەی لەناو قوتابیاندا بلاو دەبێتەوە، نەخۆشییەكانی ملەخڕێ، سوورێژە، مێكوتە، كۆكەو هەلامەتە"ئەمانەش نەخۆشی گوازراوەن لەكاتی تووشبوونی هەر قوتابیەك ماوەیەك مۆڵەتی پێدەدرێت تا باری تەندروستی بەرەوباشبوون بچێت".

## هەماهەنگی پێویستە

د.خالس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان رایگەیاند، هەماهەنگی لەنێوان ئێمەو وەزارەتی پەروەردە هەیە ئێمە رێنمایی بۆ وەزارەتی پەروەردە دەنێرین و بەردەوام تیمە پزیشكییەكان قوتابخانەكان بەسەر دەكەنەوە.

## هۆكارەكان

بەرپرسی هۆبەی تەندروستی قوتابخانەكان لەدیوانی وەزارەتی تەندروستی د.ئەشواق حەنا عەبدولئەحەد دەڵێ"چەندین هۆكار هەیە دەبنە هۆی تووشبوونی قوتابی بەنەخۆشییە گوازراوەكان وەك خواردنەوەی ئاوی تانكی كە هەموو قوتابییەكان دەمیان بەشێرەی تانكی ئاوەكە دەنێن یاخود پیسبوونی سەر ئاوەكان. جگە لەوەش قەرەباڵغی پۆلەكانی خوێندن و نەبوونی مەرجە تەندروستییەكان لە بینای هەندێك قوتابخانەدا هۆكارێكی دیكەی بلاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانەیە.

دكتۆر ئەشواق هیواشی خواست دایك و باوك و مامۆستایان بەردەوام رێنمایی و ئامۆژگاری قوتابیان بكەن بۆ ئەوەی لەو حاڵەتانە دوور بكەونەوە.

## پێوستە تۆماری تەندروستی هەبێت

بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە ئیسماعیل بەرزنجی گوتی:"هەماهنگییەكی تەواو لەنێوان ئێمەو وەزارەتی تەندروستیدا هەیە، رێنماییەكانی وەزارەتی تەندروستی بەشێوەیەكی دروست رەوانەی قوتابخانەكان دەكەین بۆ ئەوەی بلاو بكرێنەوەو كاریان پێبكرێت".

ئەوبەرپرسەی وەزارەتی پەروەردە ئاشكراشیكرد، وەزارەتەكەیان داوای لەبەڕێوبەری قوتابخانەكان كردووە، تۆمارێكی تەندروستیان هەبێ تایبەت بێت بەباری تەندروستی قوتابیان لەگەڵ ئەوەش كە لێژنەی تەندروستی سەردانی قوتابخانەكان دەكات تەواوی سەرنج و ئەنجامەكانی پشكنین لەو دەفتەرە تۆمار بكرێت.

**سانە سلێمان**

www.netewe.com

# ”حکوومەتی هەرێم بۆ قازانجی کاتی ژینگەی فەرامۆشکردووە“



ڕێبوار حەسەن – سوید

نەخشەرێگایەک بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان

ستراتیژی ژینگە بریتییەلە: نەخشەکێشانی دوورمەودا بۆ خزمەت و پێشکەوتنی ژینگەو پاراستنی سامانی سروشتی، تواناو زانستی جیاواز بەکاردێت بۆ ڕێکخستن و دروستکردنی کۆمەڵگایەک کە گەشەو پێشبکەوێت بەڕێگایەکی ژینگەدۆستانە.

ئەمرۆ هەموو ئۆرگان و دامەزراوەیەک ستراتیژی ژینگەیی هەیە. هەموو جۆرە ستراتیژیەک کاری تێدەکرێت لەلایەن فاکتۆری دەوروپشت و تواناکانی ستراتیژی ئەو ئۆرگان ودەسەڵاتی ئۆرگانە کە ستراتیژەکەی داڕشتووە.

حکوومەتی هەرێم ستراتیژی ژینگەی نییە، بەڵگەی بێبایەخی و فەرامۆشکردنی ژینگەیەو بەقوربانکردنی ژینگەیە بۆ مەبەستی قازانجی کاتی بێگوێدانە تێکچوون و تێکدانی ژینگەو سروشت کە باجی چاکبوونەوەی ژینگە لەداهاتوودا دەکەوێتەسەر نەوەکانی نوێ. ئەم کارەش زۆر گران و بەبەها دەکەوێت و ناشکرێت سروشت بگەڕێنیتەوە بۆ پێش کاتی پۆخڵبونی، جگە لەوەش گەڕانەوەی بۆ دۆخی سروشتی پێش پۆخڵبونی زۆر گران و زەحمەت دەبێت.

نەبوونی ستراتیژی ژینگە مانای گوێنەدانی دەسەڵاتە بەسامانی سروشت و ژیانی ڕووەک و گیانداران، گوێنەدانە بەتەندروستی هاونیشتمانان و داهاتووی مندالان و نەوەکانی داهاتوو، گوێنەدانە بەبارودۆخی هاونیشتمانیانی هەژار، چونکە تێکچوونی ژینگە زیاتر زەرەرمەندە بۆ هەژاران لەبەرئەوەی ئەمان توانای مادی و داهاتیان کەمترە بۆ پاراستن و چارەسەکردنی تەندروستییان ئەگەر تووشی مەترسی نەخۆشییەکانی ژینگە ببن.

بوونی ستراتیژی ژینگە بۆ کوردستان واتە حکوومەتی کوردستان خەونێکی ژینگەیی هەیە. نەبوونیشی مانای بێخەونییە کە ژینگەی کوردستان بەرەو ژینگەیەکی درووست ببرێت.

ژینگەی کۆمەڵگای کوردستان وەک هەموو کۆمەڵگایەک کارگەو ئۆتۆمۆبیلی تێدایە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی هەندێ مادەی پاشماوەی کیمیایی کە لەسروشتدا بوونیان نییە، یاخود بوونیان بەبڕێکی کەم هەیە. هەرمادەیەک لەسروشتدا بوونی نەبێت بەمادەیەکی ژەهراوی دادەنرێت و نامۆیە بەسروشت و بلاوبونەوەی بەبڕێکی زۆر لەسروشتدا ئەنجامێکی خراپی دەبێت.

کۆمپانیاکان بەرهەمی هەر مادەیەک بهێنن لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا سروشت و ژینگە تێکدەدەن بۆ نموونە، پیسکردنی هەوا، ئاو و خاک. هەروەها بەکارهێنانی مادەی مێروکوژیش بۆ ژینگە ودەروپشت مەترسیدارە. پیسی کارگەکان و ئۆتۆمۆبیل، شارەکان لەڕووی ژینگەوە تێکدەدەن. دووکەڵی سەیارەو کارگەکان و پاشماوەی کەلوپەلی بەکارهاتوو بەگوێرەی خەسڵەتی کیماوی مادده کیماوییەکە هەواو دەوروبەر پۆخڵ دەکەن.

لەئەورووپای هاوبەش و وڵاتانی ئەورووپا جۆرێک لەیاسای نوێ بۆ گۆڕینی نۆرمی ناو کۆمەڵگا دانراون، هەرچەندە بەکارهێنانی کەلوپەل زیادیکردووە، بەڵام لەسالانی٢٠٠٠ وە پرسی ژینگەو پاشماوەی کەلوپەلی بەکارهاتوو لای کۆمەڵگای ئەورووپی بەگشتی بۆتە بابەتێکی گرنگ. ئەورووپا ئێستا پلانی ستراتیژی هەیە بۆ کەمکردنەوەی گازی کاربۆن، ئۆکساید بەبڕی٢٠٪ تا ساڵی ٢٠٢٠ و ئاستی ساڵی١٩٩٠وەکو بناغە دادەنرێت. لەئەورووپا بەگشتی ٢٥٪ لەسەدای ئەو گازە بەهۆی هۆکاری هاتوچۆوە دروست دەبێت. هەر کارێکی ستراتیژی پێویستی بەنەخشەڕێیەکە بۆ هێنانەدی و ئەمەش لەکۆی چوار خاڵدا دەکرێت بهێنرێتەدی:

١. نەخشەی ستراتیژی:

بەمانای شیکردنەوە دەکرێت بەگوێرەی ئامانجی ئۆرگانەکە، کۆمپانیاکە یاخود هەردەزگایەکی دیکە بێت. لە نەخشەی ستراتیژدا لایەنە بەهێز و بێهێزەکەی ئەو دەزگایەی کە ستراتیژەکەی پێویستە دیاریدەکرێت. هەرلەمەشەوە بڕیاری فۆرم وناوەڕۆکی ستراتیژی دەنرێت. واتە دەبێت لە کوردستانیش لایەنی بەهێزو لاوازەکان دیارییبکرێن.

٢. بیرکردنەوەیەکی ستراتیژییانە:

لێرەدا مەبەست ئەوەیە نەک تەنیا بەشێوەیەکی فەرمییانە بێ، دەبێت بەشێوەیەکی سیستمیانە نەخشەی ستراتیژی بکێشرێت. واتە دەبێ ژیرانە کاربکرێت و لەبابەتەکان شارەزایی زیادبکرێت.

٣. ئامادەکاری و بڕیاردانی ستراتیژی:

ستراتیژی بنەما دەگرێت لەئامادەکاری ئۆرگانی و نەفسییەوە کە بەشێوەیەکی ساکار و ئاسان کەڵک لە تواناکانی ئۆرگان و خەڵک وەربگیرێت.

٤. خۆفێرکردن و راهێنان:

پرۆسەی فێرکردن و مەشقکردن زۆر گرنگە، لەهەموو هەنگاوێکی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن دا، وەستانێک پێویستە بۆ دۆزینەوەی خاڵی لاواز و بەهێز بۆ ئەوەی هەمان هەڵە دووبارە نەکرێتەوە، بەڵکو کەڵک لە شتە بەسوودەکان وەگیرێت.

پێویستە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان داوا لەو کۆمپانیایانە بکات کەلە هەرێمەکە کار دەکەن کارو ئەنجامی بەرهەمهێنانیان لایەنی ژینگەو کارتێکردنی بۆسەر ژینگە بخەنەڕوو، هەروەها نیشانیبدەن چۆن پۆخڵی ژینگە کەمدەکەنەوەو ژینگە دەپارێزن.

گرنگە دەسەڵات پرسە گرنگەکانی ژینگە دیاربکات و بیکاتە جێی بایەخی خۆی و داواکاری هەبێت لەسەر کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی ئەکتەرێکی باش بن بۆ هاوبەشبوونیان لە جێبەجێکردنی ئەوپرسانەو گوێ لە راکانیان بگیرێت و هاریکاریشیان بکات.

دەبێت لەستراتیژدا پرسە ژینگەییەکان هەمووی دەستنیشانبکرێت، بەڵام پرسە هەرە گرنگەکانیان بکرێتە پرسی یەکەم، ڕۆڵی دامودەزگا جیاوازەکان دیارییبکرێت بۆگەیشتن بەئامانجەکان و لێپرسینەوەی سالانەشیان لەگەڵ بکرێت.

*** شارەزای بواری ژینگە**

www.metewe.com

# "حکوومەت بێ ستراتیژە"
# هەرێمی کوردستان لە بەردەم مەترسییەکی ژینگەییدایە

لەهەرێمی کوردستاندا ڕێژەی نەزۆکی بەهۆی پیسبوونی ژینگەوە زیادی کردووە، ڕۆژانە بەهۆی ئەوەی هەرێمەکە لەقۆناغی بنیاتنانەوەدایە بڕێکی زۆری دووکەڵ و گازی کوشندە تێکەڵ بەهەوا دەبێت. هاوکات بەهۆی کەمتەرخەمی حکوومەتیشەوە تائێستا نەتوانراوە بایەخ بە پاکڕاگرتنی ژینگەی کوردستان بدرێت و وێڕای ئەوەش ڕێژەی سەوزایی شارەکان لەئاستی پێویستدا نییە، خۆڵ و خاشاکی مالانیش بەشێوەیەکی نازانستییانە لە دەرەوەی شار فڕێدەدرێت، ئەمەش مەترسی بۆسەر ژیانی هاووڵاتیان و ژینگەی کوردستان دروستکردووە.



ئاڤان فارس جاف

هەولێر

خەمێکی جیهانییەو سیاسەت پشتی تێکردووە

سالانە لەجیهاندا چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی فراوان لەسەر ئاستی وڵاتان دەبەسترێت بۆ تاوتوێکردنی پرسە ژینگەییەکان، بەڵام بەهۆی سیاسەتی زلهێزەکانەوە تائێستا نەتوانراوە وەک پێویست ڕێگە لەدیاردەی بەبیابانبوون، گەرمبوونی زەوی، وشکبوونی ڕووبارو دەریاچەکان، کونبوونی چینی ئۆزۆن بگیردرێت و دواترین کۆبوونەوەی جیهانی لەبارەی پرسی ژینگەوە کۆبوونەوەکەی حەوتی ئەیلولی ئەمساڵ بوو لە کۆپنهاگن و زۆرێک لەکێشە ژینگەییەکان بەهۆی ناکۆکی سیاسییەوە بۆ ساڵی داهاتوو دواخران.

پسپۆڕی جیۆلۆجی محەممەد عوسمان ڕایگەیاند، ئەو کۆبوونەوانە، وەکوو کێڵگەیەکی پڕ لەمینی سیاسەت وایەو بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان مامەڵە لەگەڵ ژینگە دەکرێت.

بە بڕوای ئەو شارەزایە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە ڕوونن، بەڵام هەوڵی چارەکردنیان نادرێت لەبەرئەوەی"یەکەم، وڵاتە پیشەسازییە گەورەکانی جیهان و وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بایەخ بەپاکڕاگرتنی ژینگە نادەن و تەنیا بیرلەوە دەکەنەوە چۆن داهاتی ساڵانەی خۆیان زیادبکەن، ئەمەش بەشکستی ژینگە دێتە دی، فاکتەری دووهەمیشیان: نەبوونی کێڵگەی زبڵ و پاشەڕۆکانە لەوڵاتە هەژارەکاندا، ئەو وڵاتانەی کە تائێستا ڕووبەرێک زەوییان تەرخاننەکردووە بۆ یەکلاکردنەوەی پاشەڕۆکان، هەروەها نەبوونی تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو بۆ سوودوەرگرتن لەو پاشەڕۆیانەی کە فڕێدەدرێن".

## هەڕەشەیە لەتەندروستی مرۆڤ

پیسبوونی ژینگە وێڕای قەیرانە جۆراوجۆرەکانی بە پلەی یەکەم کاریگەری خراپ دەکاتەسەر تەندروستی مرۆڤ، دیارترین ئەو زیانانەی بەهۆی پیسبوونی ژینگەوە بەر مرۆڤ دەکەون وێڕای نەخۆشییە درمەکان، نەخۆشییە درێژخایەنەکان، نەخۆشییەکانی سینگ و کۆئەندامی هەناسە، شێوانی کۆرپەلە، نەزۆکی ئافرەتانە کە مرۆڤ لە وەچە خستنەوە دەخات.

سەرۆکی بەشی ئافرەتان لە نەخۆشخانەی ڕزگاری و پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی دکتۆرە عەتیە حەمە سەعید، لەبارەی کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگە لەسەر تەندروستی دەڵێ:"ژینگە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر تەندروستی و هۆکاری سەرەکی نەزۆکییە".

نەزۆکی دیاردەیەکی جیهانییە، ڕێژەکەیشی لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕوو لەزیادبوونە، بەگوێرەی ئەو ئامارەی لەبەردەستدایە ڕێژەی نەزۆکی لە هەرێم ٢٣٪ەوە بۆ ٣٨٪ زیادی کردووە، لەو ڕێژەیەی ٣٨٪ تەنیا ١٠٪ دەتوانرێ بەئاسانی چارەسەر بکرێ".

## مەترسییەکە ڕووی لێرەیە

لەماوەی چەندین دەیەی ڕابردوودا زەوی و هەواو ئاوی کوردستان بەهۆی سیاسەتەکانی بەعسەوە کەوتوونەتەبەر وێرانکاری و زیانی گەورەیان بەرکەوتووەو بەشێکی زۆری زەوییە کشتوکاڵی و لەوەڕگەو مەزراکانی هەرێم لەجێی بەرهەمهێنانی ڕووەکی و کشتوکاڵی بوونەتە کێڵگەی مین، جگە لەوانەش لەئێستادا بەهۆی بوونی کارگەو ئامێرە گازییەکان و زۆری ئۆتۆمبێلەوە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ژینگەی شارەکانی هەرێم دروستبووەو ڕێژەی سەوزایی شارەکانیش لەئاستی پێویست نییە.

لە کابینەی پێشووی حکوومەتی هەرێمدا وەزارەتێک بەناوی ژینگە هەبوو، بەڵام لەکابینەی شەشەم ئەو وەزارەتە نەماو کراوەتە دەستەی ژینگەو تائێستا

www.netewe.com



کوردستان- هەولێر- ٢٠١٠ گەڕەکێک لە نزیک بازاڕی هەولێر        فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

ئەو دەستەیە دەستبەکار نەبوونە.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلێژنەی تەندروستی و ژینگە هاوڕاز شێخ ئەحمەد، دەڵێ"هەوڵمانداوە کار لەسەر ئەو بابەتە بکەین، چەندین پرسیاریشمان لەوبارەیەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت کردووە، بەڵام وەڵاممان نەدراوەتەوە".

ئەو پەرلەمانتارە نایشارێتەوە لەو بوارەدا بۆشاییەکی زۆر هەیە، ئەو بەنیگەرانییەوە دەڵێ ژینگە پەیوەندییەکی گرنگی هەیە بەژیانی تاکەکانەوە نابێت بەو شێوەی ئێستا پشتگوێبخرێت.

## ستراتیژییەتی ژینگە پارێزی نییە

دکتۆر دڵشاد گەنجۆ، مامۆستای زانکۆ، بارودۆخی ژینگەی کوردستان بەمەترسییەکی ترسناک وەسفدەکات، ئەو دەڵێ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژییەتی پاراستنی ژینگەی نییە، ئەو ڕەخنەی زۆری لەشێوازی بەڕێوەچوونی ئەو بەرنامانە هەیە بۆ ژینگە دادەنرێن"ژینگە لەتەنگژەیەکی سەختدایە".

ئەو نەبوونی کەسی شیاو لەو شوێنانە بەکەمووکوڕی دەزانێت"٥٪ ژینگەی کوردستان سەوزاییە بەشەکەی دیکەی هەموو خۆڵ و خاشاکە، بەداخەوە بوونی ئەو پارک و سەوزاییانەی دروستیشکراوە کاریگەرییەکی زۆری نییە، چونکە بەبێ پلان بووە"، فڕێدانی پاشماوەی خۆڵ خاشاک و پاشماوە مەترسییەکی دیکەیە لەسەر ژینگە، ئەو مامۆستایەی زانکۆ، نەبوونی ئینتیما بۆ خاک بەهۆکاری پشتگوێخستنی ژینگە دەزانێت و ڕایوایە هەندێک تاکی کورد خاک و ئاو و هەوای وڵاتی خۆی خۆشناوێت".

یەکێک لەکێشە سەرەکییەکانی ژینگەی ئەمڕۆی شارەکانی هەرێم بوونی بڕێکی زۆر لەخۆڵ و خاشاک و پاشماوە زیانبەخشەکانە، بەڵام تائێستا حکوومەت لەسەر بنەمایەکی دروست ئەو پاشماوانە لەناو نابات، بەڵکو زۆرجار پەنا دەبرێتە بەر ژێرخاک خستن و سووتاندنییان کە هەردوو شێوازەکە مەترسی زۆر بەدوای خۆیاندا دەهێنن.

## فڕێدانی خاشاک سەرەتای قەیرانێکی نوێیە

پاک و خاوێنکردنەوەی شاری هەولێر لەئەستۆی شارەوانی هەولێرە، شارەوانییەکانی هەولێر گرێبەستی درێژخایەنیان لەگەڵ کۆمپانیای (جەنائین)ی تایبەت بەفڕێدانی خاشاک کردووە، بەڵام هاووڵاتییان لەکارەکانی ئەو کۆمپانیایە ڕازینین.

جێگری پارێزگای هەولێر تاهیر عەبدوڵڵا، لەوبارەیەوە دەڵێ:"فڕێدانی ئەو زبڵ و خاشاکە کەمتەرخەمی کۆمپانیای جەنائینە، ئێمە دەمانەوێت بریت بۆ ئەو کۆمپانیایە بدۆزینەوە".

گوتیشی:"ئەرکی وەزارەتی شارەوانییە بەرنامەی هەبێت، بتوانێت سوود لە زبڵ و پاشماوەی ماڵان وەربگرێت لەدروستکردنی پەیین و پیشەسازی بەکاری بهێنێتەوە".

ئەو پاشماوە و خاشاکە هەمە جۆرەی لە شارەکان کۆدەکرێتەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی شار و لەوێ دەسووتێنرێت یان ژێر خاک دەخرێت و ئەمەش نیگەرانی هاووڵاتییانی دەرەوەی شاری زیاتر کردووە.

خاتوون کەریم، ٣٤ ساڵ، دانیشتووی دوروبەری هەولێرە، دەڵێت:"شەوانە بۆنی پاشماوەی زبڵ ناهێڵێت بخەوین، چەندینجار داواکاریمان بەرزکردووەتەوە، بەڵام ڕێگری لەو کارە ناکرێت، تووشی چەندین نەخۆشی بووینە".

"فڕێدانی ئەو زبڵ و پیسییە کەمتەرخەمی هاووڵاتی و حکوومەتە، شەوانی هاوین ئەوەندە بێزارین ناتوانیین لەماڵ بحەسێینەوە بەهۆی بۆنی ئەو پاشماوەو خاشاکەی لەدەرەوەی هەولێر فڕێدەدرێت".

ئەمە گوتەی پێشڕەو سابیر، ٤٣ ساڵ، دانیشتووی پیرزین بوو.

بەبڕوای شارەزایان، فڕێدانی نازانستییانەی پاشماوەو خاشاک سەرەتایەکە بۆ قەیرانێکی دیکەی ژینگەیی لەهەرێمی کوردستاندا چونکە تەنە زیانبەخشەکان کاتێک دەسووتێنرێن یان دەخرێنە ژێر خاکەوە بەهۆی پێکهاتەی کیمیاییانەوە دەبنە هۆی ژەهراویبوونی ئاوی ژێر زەوی و خاکەکەو هەندێک کەرستە ملیۆنان ساڵی پێویستە تا لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە.

## مەها بۆ وارڤین:

# کلیپەکەم بە کوردی و ئەسـ



وارڤین – هەولێر: مەها کچێکی ئەسیوپییەو لەهەولێر دەژیت، لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر، تێکستی گۆرانی بۆ دانراوەو بەرهەمێکی گۆرانی بەهەر دوو زمانی کوردی – ئەسیوپی، ئامادەی کلیپکردنە. مەها لەدیمانەیەکی تایبەت بۆ وارڤین، چیرۆکی هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان دەگێڕێتەوەو دەڵـێ کە کلیپەکەشی گوزارشت لەهاتنی بۆ هەرێمی کوردستان دەکات.

### مەها کێیە؟

مەهلێت کە بە مەها ناسراوەو خەڵکی ئەسیوپیایەو کریستانە. لەشاری ئەدیسی ئەسیوپیا لەساڵی ١٩٨٩، لەدایکبووەو دیپلۆمی لەبواری بانکداریدا هەیە. دووساڵە بۆ کارکردن رووی لەکوردستان کردووەو ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

### چۆن هەڵکەوت زاهیری ناسی؟

مەها، لەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ وارڤین دا چیرۆکی هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاشنابوونی بەهەڵکەوت زاهیر دەگێڕێتەوەو دەڵێ کە دووساڵ لەمەوپێش هاتووەتە هەرێمی کوردستان و سەرەتای کارکردنیشی لە شـاری دهـۆک بووە"سەرەتای کارکردنم لەکوردستان لە دهۆک بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی خوشکەکەم لەتیڤی کاری دەکرد بەرێگەی ئەو مامۆستا هەڵکەوتم ناسی. ئەوکاتانە لەدهۆک کارەکەمم نەمابوو. هەڵکەوت پێیگوتم کارت بۆ جێبەجێ دەکەم و زۆر هاوکاری کردم، دواتر لەماڵی ئەوان کارم کرد. بەڵام هەڵکەوت زۆر جیاوازبوو، وەک کەسێکی بنەماڵەکەی رێـزی لێدەگرتم، نەوەک وەک کارەکەرێک". مەها، باس لەوەدەکات لەماڵی هەڵکەوت زاهیر، کۆمەڵێک هونەرمەندی وەک (دەشنێ، میرا و لۆکە)ـی ناسیوەو رۆژانە گۆرانی دەڵێن و دەڵێ کەلە کەشێکی هونەریدا دەژی"لـەگـەڵ ئـەو سـێ هـونـەرمـەنـدە رۆژانـە بەیەکەوەین و گۆرانی دەڵێین. رۆژێک گۆرانیم گوت و دەشنێ هەڵکەوت زاهیری لەچۆنیەتی دەنگم ئاگادار کردەوە، ئەویش گوێبیستی دەنگم بوو و پەسەندی کرد کە گۆرانی بڵێم".

### دەشنێ بیرۆکەی داناو هەڵکەوت پەسەندی کرد

زیاتر لە ٢٠٠ کچی ئەسیوپی لەهەولێر لەمارکێت و ماڵەکاندا کاردەکەن، بەڵام مەها، دەبێتە یەکەم کچی ئەسیوپی کە لەبواری هونەریدا کاربکات و ببێتە هونەرمەند. ئەو باسی لەوەکرد هەر مرۆڤێک کاتێ کە وڵاتی خۆی جێدێڵێت تووشیی ناخۆشی دەبێت"لە کوردستان تووشی ناخۆشی زۆر بووم. تا ئەوکاتەی مامۆستا هەڵکەوت زاهیرم ناسی. ئێستا مرۆڤێکی زۆر دڵخۆشم، چونکە ئەو رێز لەهەموو مرۆڤێک دەگرێت و من وەک یەکێک لەئەندامی خێزانەکەی دادەنێت. هەروەها دەشنێ، لۆکەو میرا، زۆر منیان خۆشدەوێت، هەمیشە قسەی خۆشم لەگەڵ دەکەن و وەک خۆشک و برای خۆیان هەڵسووکەوتم لەگەڵ دەکەن.

دوای ئەوەی هەڵکەوت زاهیر کلیپێکی کوردی بۆ هونەرمەندی عـەرەب شانیا کرد و بەزمانی کوردی گۆرانی گوت، کلیپەکە دەنگدانەوەی زۆری دروستکرد. مەها، کارێکیتری هونەری هەڵکەوت زاهیرە، کە وابکات کچێکی ئەسیوپی گۆرانی

# MAHA

# ـــــیوپی بڵاو دەبێتەوە

بەزمانی کوردی بڵێت. لەبارەی دەستپێکی کارە تازەکەیەوە مەها، دەڵێ"دوای ئەوەی هەڵکەوت زاهیر گوێبیستی دەنگم بوو و پەسەندی کرد، دەشنێ بیرۆکەی کلیپەکەی باسکرد و مامۆستا هەڵکەوتیش لای جوان بوو. ئێستا سەرقاڵی کارکردنی کلیپەکەین. بیرۆکەی جوانمان هەیەو هـیوادارم خەڵکی کوردستان بەرهەمەکەیان پێخۆشبێت".

**بەکرمانجی و سۆرانی قسە دەکات**

زۆربەی کچە ئەسیوپییەکان لەهەرێمی کوردستان دوای شەش مانگ فێری زمانی کـوردی دەبن، مەهاش یەکێکە لەو کچانەی فێری زمانی کوردی بووەو لەوبارەیەوە دەڵێ"ئەو ماوەیەی لەهەرێمی کوردستان بـووم فێری زمانی کـوردی بـووم و بەهەردوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی دەتوانم قسەبکەم". بەپێی گوتەی مەها لەئەسیوپیا ژن بۆ گۆرانیگوتن ئـازادەو بنەماڵەکەشی دڵخۆش دەبن بەوەی مەها دەبێتە هونەرمەند و گۆرانی دەڵێ. مەها، لەبارەی کلیپەکەیەوە دەڵێ:"کلیپەکە بە هەردوو زمانی کوردی و ئەسیوپییەو لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە میلۆدی بۆ کراوەو تێکستی کلیپەکەش هەریەک لە هەڵکەوت زاهیرو حەمە حەسەن ئیبراهیم نووسیویانەو ئەوبەشەی لـە تێکستەکەش بەزمانی ئەسیوپیە، خۆم نووسیومە". هەروەها کاری دەنگی کلیپەکە کاوە شێخ دەیکات و کلیپکردنەکەش محەمەد جەمیل و حەسەن ئەمیر، بەڕێوەیدەبەن. ناوەڕۆکی کلیپەکەی مەها، بەرهەمێکی مرۆڤدۆستانەیەو تێیدا گوزارشت لەچیرۆکی هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان دەکات"چیرۆکی هاتنی خۆمە لەئەسیوپیا بۆ کوردستان، باس لەجوانی کوردستان دەکەم کە وەک مرۆڤێک مافی ژیانم لەکوردستان هەیە". ئەو ئاماژەیدا ئامانجی ئەو لەگوتنی ئەو گۆرانییە بـۆ دروستکردنی پردێکی پـەیوەنـدی نێوان کەلتووری کوردی و ئەسیوپییەو رای هەڵکەوتیش بەهەمانشێوەیە. وەک گوتی، مەها تەنیا بە تەواوکردنی کاری ئەو کلیپە ناوەستێت، بەنیازە لەداهاتوودا ئەلبومێکی گۆرانی هەبێت. وەک خۆی ئاماژەیدا بیرۆکەی ئەلبۆمێکی لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر هەیەو لەداهاتوودا کاری ئەلبۆمەکەش تەواو دەکات.

**ئەڤین سەرچاوەی هەموو جوانییەکە**

مەها، دەنگی کۆمەڵێک هونەرمەندی کوردی بەلاوە خۆشەو رۆژانە گوێیان لێدەگرێت، بەدەنگی دەشنێ، میرا، لۆکە، لەیلا فەریقی، هانی، شانیاو چۆپی فەتاح سەرسامە. ئەو بەوە زۆر دڵخۆشە کە لەهەرێمی کوردستان زەمینەی هونەری بۆ رەخساوە دەڵێ"کوردستان وڵاتی دووەهەممەو زۆرم خۆشدەوێت".خۆشەویستی و ئەڤین بەلای مەهاوە سەرچاوەی هەموو جوانییەکەو لەوبارەیەوە دەڵێ"عەشق هەموو جوانییەکی ژیانە لەکوردستان و وڵاتەکەی خۆمدا". ئەو دەڵێ ئەگەر رۆژێک بەبەرهەمی هونەری ناسرا و ناوبانگیشی پەیداکرد، هیچ کات ئامادەنییە بۆ کارێکتەر دەستبەرداری کارە هونەرییەکانی بێت.



فۆتۆ: رەفیق شوکری



# "قەزای غەمبارییەکەت لە دڵم کەوێ"



نیشتمان بێنەوا - کفری

کات: مانگی غەم

شوێن: چەقی خۆرستان

لە (نیشە)ەوە بۆ... (ئەسمەرە چاو بەئەسرینەکەی خۆم)...

سەلام هەناسەکەم، دەنگوباست چۆنە؟ ئەزانم، کە خەمباری! قەزای غەمبارییەکەت لەگیانم کەوێ، ئەی ئەو کەسەی، ئەگەر بژیم بۆ تۆ دەژیم، ئەگەر بمرم دیسانەوە بۆ تۆ دەمرم...!

کەواتە گیانەکەم بۆچی غەمبار دەبی کە من بۆ ئەبەد هی تۆم.. بۆچی بێتاقەت دەبی کە من هەمیشە بەدڵ ئاگام لەتۆ دەبێت.. هەناسەکەم.. ئەم وەرزە هیچ خۆشییەکی تێدا نەبوو بۆ هەردووکمان، ئەزانی بۆچی ئەڵێم: هەردووکمان؟ کە تۆ غەمبار و بێتاقەت بی، دڵنیابە، منیش غەمبارو بێتاقەت دەبم مەگەر ئێمە گیانێک نین لەدووجەستەدا...!

ئازیزم.. ئەزانم لەم وڵاتەدا سەختە عاشق بیت.. توخوا وا نیە؟؟ ئەزانم ئێستا حەز ئەکەیت بزەیەک بکەیتو بڵێیت"وانییە" من گەرمیانم خۆش ئەوێ... چونکە نیشتمانی نیشتمانەکەمە...!

بەس غەمبارییەکەت رێگەت پێناداو ئەو بزەیە لەگەرووتا گیر دەبێ و لەچاوە جوانەکانتا دوو دڵۆپە ئەسرین گلێنەت ماچ دەکا..

ئازیزەکەم.. هێندەم خۆشدەوێی و هێندە ئاگام لێتە، ئەم هەموو هەنگاوە لەیەکتری دوورین و من ئاگام لەدڵو دەروونی تۆیەو دڵنیام، کە غەمباری...!!

ئەزانم ئێستا چاوەکانت بەنەرمی هەڵدەهێنی و هەناسەیەکی قووڵهەڵدەکێشی و سەرهەڵدەبڕی و بێدەنگ دەبیت، من ناتوانم ئەو بێدەنگییەت تەفسیر بکەم.. نازانم لەنێوان خۆشەویستی و عەجوولی مندا، هەمیشە حەز دەکەیت پێبکەنی، کەچی ئەوەندە غەمباری ناتوانی پێبکەنی، رەنگە ئەگەر قسەیەک بکەی پێمبڵێی "قوربانت بم.. با ئیتر لەوە زیاتر لەکاتت نەگرم خۆ ئەشزانم، تەواوی کاتەکانم داگیر کردووی". بەس هەست ئەکەم ئەم ماوەیە غەمباری کاتەکانی داگیرکردووی نەک من...

خۆ گلەییش ناکەم..

خەمبار مەبە لەبەر خۆت نا.. لەبەر من .. باش..

دەباشە

بزانە. هەمیشە خۆشتمدەوێ.

www.netewe.com

# ڕەوشی ژن لە میزۆپۆتامیای کۆن



کابان عەبدولکەریم

یەکێک لە گرنگترین شارستانیەتە دێرینەکانی مرۆڤایەتی، شارستانیەتی میزۆپۆتامیا یان وڵاتی دوو ڕووبارەکەیە. زۆر داهێنان و دەستپێشخەری گرنگی مێژوویی و شارستانی لێ دەگێڕدرێتەوە. ئەمەش بەتایبەت لەسەردەمی نۆزدەی زایینی و بەتایبەت دوای ئەوەی توانرا هێماکانی خەتی بزماری بخوێندرێتەوە بەشێوەیەکی گشتی پەردەی لەسەر زۆر لەنهێنییەکانی ئەم شارستانیەتە دێرینە هەڵدایەوە.

ژن لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا بەردەوام ئاماژەی پێدراوە. لەنێو هەموو ئەو شوێنەوارانەی کە دۆزراونەتەوە زۆربەی هەرەزۆری کوتەڵی ژن بوون. چونکە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا یاخود شارستانیەتە کۆنەکان بەگشتی خوداوەندی ژنیان پەرستووە، بەڵکو ژنیان بە کۆڵەکەی ژیان زانیووەو لەجوانترین فورمی خۆی کە دایکە پەرستوویانە وەک هێمایەکی پڕ پیت و بەرەکەت. بەبڕوای ئەوان تاکە شت کە نایەڵی ژیان بوەستێ ئەوە ژنە کەبە لەدایکبوونی منداڵ و وەچەنانەوە بەردەوامی بە ژیان دەدات. هەندێک کات ژنیان بەخودای پارێزەر داناوەو گرنگییەکی زۆریان پێداوەو لەهەموو بارودوخێک، تەنانەت لەکاتی مردنی کەسێک و لەکاتی ناشتنی تەرمەکەی وەک دابوونەریت و بەپیرۆز زانین پەیکەر یان کوتەڵی ژنیان لەگەڵی دەناشت. ژن لە داستانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیادا پانتاییەکی فراوانی گرتووە کە زۆر باس دەکرێ. لەگرنگترینیان داستانی (گلگامش)ـە کە مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ پێش زایینی دەگەڕێتەوەو لەنێو ئەم چیرۆکەدا وێنەیەکی زۆر جوانی ژن دەبینرێت. کاتێ کە گلگامش گفتوگۆ لەگەڵ خواوەندی (ئاناناو عەشتار) دەکات. بۆمان وێنا دەکرێت چۆن گلگامش لەو خوداوەندانەی کە ژنن ترساوەو ئەمەش دەسەڵاتی ژن لەو سەردەمە دەخاتەڕوو. هەروەها چەندینجار ژن جڵەوی دەسەڵاتی وەرگرتووە لەبەناوبانگترینیان شاژن (شوب ئاد) بووە کە شاژنی سومەرییەکان بووەو گۆڕی ئەو شاژنە شوێنەواری زۆر گرنگی لەناوبووەو شوێنەوارەکانی بریتیبوون لەکەلوپەلی ناوازەی زۆر دەگمەن کە کەللەسەری داپۆشیبوو. هەروەها مۆری لولەکی لە لازورد دروستکرابوو کە ناوی خۆی واتە شاژن (شوب ئادی لەسەرە. هەروەها باسی شاژن (نخیدویا) دەکرێ کە کچی (یرجون ئەکەدی) بوو، ئەمەیان ڕۆڵێکی گرنگی لەئایینی عێراقی هەبوو، چونکە لەنێو پەرستگاکاندا کاهینە بووەو کاری ئایینی و فەرمانڕەوایی کردووە. ئەمەش لەوکاتە دەرکەوت کە شوێنەوارێکی ئەکەدییەکان دۆزرایەوەو پارچەیەکی قوڕینی تێدا بوو کە هی ئەم شاژنە بوو. بەوجۆرە ئەوەی ئاماژەی پێدرا حاڵەتێکی دەگمەن بوو لەمێژووی میزۆپۆتامیای کۆن، بەڵام سەرکردایەتی لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکی گشتی بۆ پیاو بوو. بە بەڵگەی یاسای حامورابی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٨٠٠ ساڵ پێش زایین، لەبەندەکانیدا هاتووە هەموو مافێک بۆ پیاو ڕەخساوەو ژنیش وەک پاشکۆی پیاوەو هیچ سەربەخۆییەکی لەکارکردن و بەڕێوەبردن نییە، ئەگەر ژنەکە کارێکی کرد بەبێ پرسی هاوسەرەکەی، پیاوەکە مافی خۆیەتی ژنی بەسەربێنێ و تەلاقی بدات و لەماڵ دەریبکات. لەبەندی یاساکەدا هاتووە:"پیاو دەتوانێت و مافی خۆیەتی وەک کارەکەر مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات. ئەگەر ژنەکە لەکابانی ماڵدا کەمتەرخەمی کرد، ئەوا هاوسەرەکەی مافی خۆیەتی لەلای دادوەر سکالابکات و ژنەکە فرێبداتە نێو ئاو و بیخنکێنێ. لەگەڵ ئەو هەموو فەرامۆشکردنە، ژن هەندێ مافی دارایی وەک موڵکدارێتی، مافی وەرگرتنی پارە بەرامبەر بەکار و هەروەها مافی میراتگری هەبووە، ئەگەر لەبنەماڵەکەی برای نەبووبێت.

دوای ئەو هەنگاوە دابوونەریتی خۆداپۆشین سەریهەڵدا. بەتایبەت لەسەردەمی ئاشوورییەکان، لەکاتی کاری هەڵکۆڵین لەتابلۆ قوڕینەکان کە مێژووەکەی بۆ سەدەی دووهەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، دەرکەوت کەلە یەکێک لەو پەندانەی کە بەوردی باسی حیجاب کراوەو یاسای زۆر توندی لەسەر ئەو کەسانە داناوە کە خۆیان داناپۆشن. لەیەکێک لەیاساکاندا دەڵێ کاتێ پیاو ژنی مارە دەکرد برادەرەکانی خۆی بانگ دەکرد و لەپێشیان رایدەگەیاند کە ئەو ژنە خێزانیەتی و دەبوو خێزانەکەی لەوکاتەوە داپۆشراو بێت.

بەڵام ژن لەسەر دەمی ئاشورییەکان زۆر مافخوراوبوو. لەسەردەمی ئەوانیش ژن موڵکی پیاو بووەو پیاویش مافی خۆی بوو کە بێبەشی بکات لەو شتانەی موڵکیەتی و لەهەر کاتێک بیویستایە دەیتوانێ تەلاقی بدات. هەروەها هیچ جیاوازییەکیان نەکردووە لەنێوان ژن و ئاژەڵ، پیاویش مافی فەرماندانی هەبووەو ژنیش جێبەجێکردنی فەرمانی لەسەر بوو بێئەوەی هیچ گازندەیەک دەرببڕێت. لەلای بابلیەکان لەبەرئەوەی ئەوانیش میراتگری ئەو دوو شارستانییەتە بوون، بۆیە ژن لای ئەوان مافی نەبووە پێیانوابووە ژن تەنیا بۆ خۆشگوزەرانی پیاو خولقاوەو زۆر بەخراپی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین ڕەوشی ژن لە میزۆپۆتامیای کۆندا بەشێوەیەکی گشتی نالەبار بووە، چونکە لایەنی ئابووری و سیاسی تەنگی بە ژن هەڵچنیبوو، ئەمەش وایکردبوو کە گۆڕەپان بۆ دەسەڵاتی پیاو چۆڵ بێت و بەرێگەی یاساکان و لەبواری پراکتیکی ڕۆژانەدا، پاشەکشە بەڕۆڵی ژن کرابوو.

مامۆستای زانکۆ



# نیگار حەسیب قەرەداغی دەنگی ژنێکی بەرزەفڕ لە ئاسمانی شانۆی کوردی

نیگار حەسیب قەرەداغی وەک ژنێکی چالاکی بواری شانۆ و درامای کوردی هەرلە هەشتاوە دەستیکردووە بەکاری هونەری و دوای ئەوەی لەگەڵ شەماڵ عومەری هاوسەری بەرەو هەندەران کۆچیان کرد دانەبڕان و بەردەوامبوون، لەو دیدارەدا باس لەبەشێکی ژیانی خۆی و لابۆری شانۆی لالش و رەوشی شانۆی کوردی دەکات.

تایبەت

نیگار حەسیب قەرەداغی، وەک ژنێکی چالاکی بواری شانۆ و درامای کوردی هەر لە هەشتاکانەوە دەستیکردووە بەکاری هونەری و دوای ئەوەی لەگەڵ شەماڵ عومەری هاوسەری بەرەو هەندەران کۆچیان کرد، دانەبڕان و لەکارەکەیاندا بەردەوام بوون. لەو دیدارە باس لە بەشێکی ژیانی خۆی و لابۆری شانۆی لالش و رەوشی شانۆی کوردی دەکات.

## نیگار کێیە؟

نیگار حەسیب قەرەداغی، دەرچووی بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانە لەساڵی ١٩٨٤بۆ ١٩٨٨، ماوەی ٣ ساڵ مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکان بووە لەسلێمانی، پاشان بووەتە ئەندامی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەسلێمانی، لەچەندین نمایشی شانۆیی بەشداریکردووە وەک خۆی

گوتیشی"لەزنجیرە درامای تەلەفزیۆنی ژاڵە بەشداربووە"، "لەساڵی"١٩٨٦"یش لەفێستیڤاڵی شانۆی ئەزموونگەری بۆ لاوان خەلاتی باشترین کچە ئەکتەری تازەپێگەیشتووم لەسەر ئاستی عێراق وەرگرت".

دیکە نیگار چووە هەندەران، وەلێ ئەو لەوێش هەر





بەردەوام بوو، نیگار باس لەهۆکاری دانەبڕانی خۆی لەشانۆ دەکات و دەڵێ:"لەکۆتایی مانگی١١ی ساڵی١٩٩١ گەیشتمە ڤیەننا، یەکەم شت هەوڵمدا فێری زمانەکە بم کە ئەڵمانییە. دوای زمان ئێمە بڕیارماندابوو سەرەتا دەست بەخوێندنی شانۆ

خۆی ون نەکرد ئەگەرچی وەکو زۆربەی کوردانی

بکەین لەتەکیشیدا ئەنترۆپۆلۆژی، لەسەرەتاشدا بڕیارماندا نەکەوینە بازاڕی کارکردن، چونکە کە کەوتیتە بازاری کارکردنەوە ناتوانی بەئاسانی

www.netewe.com



بێیتە دەرەوەو کاری هونەر بکەیت، لەبەرئەوە خوێندن یارمەتییەکی زۆری ئێمەیدا بۆ ئەوەی بچین ناو کۆمەڵگاکەو لە کەلتوورەکە تێبگەین، بەهۆی پەیوەندیمانەوە لەدوای ٣ مانگ یەکەم شانۆگەریمان لەشاری ڤیەننا پێشکەش کرد بەزمانی کوردی، کە کارێکی ئەزموونگەری بوو، ئەو شانۆگەرییە موفاجەئەیەکی گەورەبوو بۆ بینەرانی ئەوێش بەتایبەتی لەو سەردەمە، نمایشکردنی ئەو شانۆگەرییە باشترین هەنگاو بوو کە ئێمە نامان.

### بەرهەمی کوردە

نیگار حەسیب، وەک دامەزرێنەری لابۆری شانۆی لالش باسی لەرەنگدانەوەی کەلتووری کوردی لەناو کارەکانیدا کرد و گوتی"سەر بەهەر چ کەلتوورێک بی بتەوێ و نەتەوێ کۆمەڵێک شت هەیە هەستی پێناکەی، لەبەرئەوەی لەسروشتماندایە، رۆژانە درک بەو حاڵەتە جەستەیی و دەنگییانە ناکەین، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانی هونەری یان ئەدەبیمان، بۆیە شتەکە زیاتر سروشتە تێماندایە، نەک کەلتوور، لەلابۆری شانۆی لالشدا زۆرجار هەوڵدەدەین ئەو حاڵەتانە هەن کە کۆمەڵێک شت لەدەنگ و جەستەی ئێمەدا هەن و ناتوانین نکۆڵی لێبکەین، لەبەرئەوەی تایبەتە بەکەلتوورو زمان و شێوازی پەروەردەیی کۆمەلایەتی خۆت، بۆیە کۆمەڵێ کاریگەری جوگرافی، کۆمەلایەتی، مێژوویی، رێزمانی، ئایینی، سیاسیش لەسەر هەریەک لەدەنگ و جەستەی ئێمەدا هەیەو دواجار ئێمە بەرهەمێکی زادەی کوردی پێشکەش دەکەین.

### کورد دەناسێنین

لابۆری شانۆی لالش، وەک لابۆرێکی چالاک تائێستا بەشداری لەچەندین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کردووە، وەلێ ئاخۆ چەندە کورد بوونی ئەوان لای بینەران زانراوە، نیگار وەڵامی خۆی هەیە:"کاریگەری زۆر پۆزەتیڤی هەیە لەسەر کاری هونەری هەموو کەسێک، بۆ نموونە کە دەچم بۆ فستیڤاڵێک لە ٢٠-٣٠ وڵاتی جیاواز جیاواز گروپی جیا بەشدارن و کاری خۆیان نمایش دەکەن، لەفستیڤاڵێکی ١٠رۆژیدا دەتوانی کۆمەڵێک کارو توانستی تایبەتی ببینی، دووهەم ئێمە لەهەموو ئەو فستیڤالانە



لەبەرئەوەی وڵاتی نەمسا یارمەتیماندەدا دەنووسرێ ئەم گروپە بەشداربووە لە وڵاتی نەمساوە بەشداربووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵماندداوە لەزۆربەی فستیڤاڵەکاندا ناوی کوردستانیش بێنین، یاخود ئەگەر ناوی کوردستانیش نەبەین بەپێی کارەکەمان راستەوخۆ بینەر و رەخنەگران و هونەرمەندان دەزانن ئەوە کارێکی نائەوروپیە، کارێکە توانستەکەی سەر بەکەلتوورێکی جیاوازە لەو کەلتوورەی ئەوان، لێرەدا دەپرسن و پێیاندەڵێین ئەو نمایشە سەر بەکەلتووری کوردییە".

### نامەوێ مامۆستا بم

جیاواز لەزۆربەی کارەکانی دیکە، ئەوەی بەوردی سەیری نمایشەکانی لابۆری شانۆی لالش بکات دەبینێ بەبەردەوامی لەکۆتایی نمایشەکاندا پرسیار لای بینەر جێدەهێڵن، نیگار وەڵامی ئەو پرسیارە بەکارەکانی پێشووی خۆی و شەماڵ عومەر دەبەستێتەوە"پێشتریش وەک شانۆی ئەزموونگەری، راستە تێکستمان بەکاردەهێنا، بەڵام ئەو شێوازەی شەماڵ وەک دەرهێنەر کاری لەسەر دەکرد، یان کارکردنی لەگەڵ ئێمە وەک ئەکتەر بەو شێوازە باوە نەبوو کە ناسراو بوو، ئەوساتەش هەوڵماندەدا وشە نەبێتە تەنیا رەگەزێکی راستەوخۆ ئێمە لەگەڵ بینەردا قسەی پێدەکەین، بینەری شانۆ لەسەر ئەوە راهێنراوە کە تۆ پێیبڵێی ئەوە باسی چی دەکات، ناڵێم ئەوە هەڵەیەو رەتیدەکەمەوە، بەڵام بۆ کاری خۆم بەبڕوای هونەری خۆم و شارەزاییم لە هونەردا، گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە نامەوێ چیتر ببمەوە رێگەپیشاندەرێک بۆ بینەر تا چۆن بیر بکاتەوە، لەپرسی گلۆبالیزم و بەردەوامی جەنگەکان، ئێمە نامانەوێ چیدی مامۆستایەکمان هەبێ بەردەوام پێمانبڵێ دەبێ



www.netewe.com

وابیربکەیتەوە“.

## ڕێگریی هەیە

نیگار بەرلەو سەردانەی بۆ هەرێمی کوردستان ئەو هونەرەیان بەچەندان وڵاتی دنیا ئاشنا کردووەو ماوەیەکی یەکجار زۆرە نەهاتۆتەوە هەرێم، کەچی نیگار دێتە قسە: “لەساڵی٢٠٠٣ جەنگ وایکرد دیسان ئەو دابڕانە دروست بێ، لەپاڵ ئەوەش خوێندنەکەم، چونکە لە ٢٠٠٦ دکتۆرام تەواو کرد، سەرقاڵیمان بەخوێندنەکە، وردەوردەش لابۆری شانۆی لاڵش شوێنەکەی خۆی قایم دەکرد، وەک نمایش و بەشداربوونی لە فستیڤاڵە نێونەتەوەییەکاندا، بەتایبەتی لەساڵی٢٠٠٣ بەرەو سەرەوە ئەو بەشداربوونانە تا دەهات زیاتردەبوو، ئەمانەش کاتی دەوێ، هەڵبەتە بۆ کوردستانیش بەبەردەوام خەونمان هەبووە تا پرۆژەکان لێرەش بەئەنجامبگەیەنین.

## تەقینەوە بوو

نیگار، باس لەهاتنی ئەمجارەی بۆ کوردستان دەکات و دەڵێ: “پرۆژەکەم وابوو، سەرەتا تەنیا لە هەولێر ئەم کارە بەرێوەببەم، چونکە بۆ سلێمانی پرۆژەی دیکەمان هەبوو، شێوازەکەی پێویستە لەشارێک بۆ شارێکی دیکە بگۆڕێ، بەڵام دوایی وایلێهات لەهەردوو شارەکە کارەکەم بکەم، بۆیە کاتەکەم کورتکردەوە، لە هەردوو شارەکە خۆشحاڵبووم، بەتایبەتی لە ٢ ڕۆژی کۆتایی ورکشۆپەکەدا، چونکە ئەوکارەی ٢ ڕۆژی پێشوو کردمان تۆزێک دەرکەوت، یانی هەستمکرد بەشداربووەکە شتێکی وەرگرتووە یاخود هەوڵدەدا شتێک لەوەی من ئەو دوو ڕۆژە شتێکی وەرگرتووە،



ئەم نەوە تازەیە بەهۆی به جیها نیبو و نی ژیانەوە تەنیا سەرقاڵی بەکارهێنانی مۆبایل و ئەنتەرنێتەکەیەتی

www.netewe.com

جارێکی دیکە دەریبڕیتەوە، لە هەولێر و سلێمانیش لەڕۆژی چوارەمدا تەقینەوەیەک دروستبوو، زۆر خۆشحاڵیکردم چونکە من چەند شتێک دەبەخشمە تۆ و پێویستە تۆش جارێکی دیکە ئەو شتە بگەڕێنییەوە بۆم، نەک تەنیا لێموەرگری، نەخێر دەبێت بیبەخشیتەوە، چونکە ئەوکارە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، هەستمکرد دوو ڕۆژی یەکەم لە وزەو دەنگ و توانا هەستی و دەروونییەکان هەر بەتاڵ دەبمەوە، بەڵام دوو ڕۆژی کۆتایی و بەتایبەتی ڕۆژی کۆتایی لەهەردوو شارەکە پڕکرامەوەبەوە خۆشحاڵ بووم کە کارەکەم ئەنجامێکی هەبوو".

## خەونی زۆرە

ئەگەرچی نیگار، بەکردنەوەی ئەو دوو ورکشۆپەی هەولێر و سلێمانی زۆر دڵخۆش بووە، وەلێ دوای گەڕانەوەی ئەو پرۆژەیە چی بەسەردێ ئایا وەک زۆربەی پرۆژەکانی دیکە تەواو، یان پلانی کار هەیە، نیگار بەحەزەوەو دوا:"خەونەکان زۆرن، بەڵام دەبێ لەلایەن دەزگا ڕەسمییەکانەوە هاوکاریی هەبێت، ئەمجارە تووشی کۆمەڵێک ڕێگر بووم، هۆڵەکە ئامادە نییە، پاکنەکراوەتەوە، کاری من و بەشداربووەکان نییە دانیشین هۆڵ پاکبکەینەوە، کاری هونەری بەو شێوەیە ناکرێت، ناڵێم دەبێت هەموو شتێکم بۆ دابینبکرێت ئینجا کاردەکەم، نەخێر، هەنگاوێک لەوان دوو هەنگاو لەمن".

## "ساوەر لێدەنێین"

لەبەرئەوەی لابۆری شانۆی لالش، تازە هاتۆتە کوردستان، بۆیە لەوانەیە خاسیەتەکانی زۆر ئاشنانەبێت بەبینەری کورد، نیگارباس لەکەلوپەلی پێویست لەلابۆرەکە دەکات:"لەبەرئەوەی دەنگ سەرچاوەیە بۆ هەموو شتەکان، دەنگ بڕیاردەدا من چیم پێویستە بۆ ئەکجیۆنێک، ئەو دەنگە یان ئەو میلۆدییە پێمدەڵێ من پێویستم بەقاپێکی گەورەی پڕ لەئاوە کاری لەگەڵ بکەم، یان پێویستم بە شەکر یا ئاردە، ئەو ماتریالانەشی بەکاری دێنین زیاتر ماتریالێکن ڕۆژانە بەبەردەوامی بەکاریان دێنین، بەڵام تۆ چۆن ئەو ماتریالە دەهێنیتەوەو دەیکەیتە کۆنفێکسێکی هونەرییەوە، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبێ، ئێمە لەدوای هەموو نمایشێکمان خواردن پێشکەشی بینەران دەکەین، لەهەندێ شانۆگەریمان هەبووە ڕێک لەکاتی نمایشەکەدا خواردن و خواردنەوە بەشێکی سەرەکی بووە لەنمایشەکە، زۆربەیجار برنجێکی سوور یا ساوەرێک لێدەنێین، ئەوە بۆ من حاڵەتێکی زۆر گرنگە، ڕاستە لەهەموو شانۆکانی ئەوروپا، لەدوای نمایشەکان یاخود لەکاتی پشووی نێوان دوو بەشی شانۆگەرییەکدا خواردن و خواردنەوە هەیە، بەڵام تۆ وەک بینەرێک دەچی ئەو خواردن و خواردنەوەیە دەکڕی، کە هیچ ڕەبتێکی بەو ڕووداوانەی ژوورەوە نییە، بەڵام شێوازی خواردن لای ئێمە بەتایبەتیش کە خۆمان ئامادەی دەکەین و پێشکەشی دەکەین، حاڵەتێکی تایبەت لای بینەر دەخولقێنێ، تەنانەت ئێمە (کەوالیسمان) نییە بلێم خۆمی تێدا دەشارمەوە، ئێمە بەردەوام دێین و دەچین، خۆم لای بلیت فرۆشتنەکەم، ئەگەر بینەرێک تازەبێ خۆم بەخێرهاتنی دەکەم و لێی دەپرسم چۆن زانی ئەم ئێوارەیە لەلابۆری شانۆی لالش نمایشێک هەیە".

## "بینەر دەبینم"

وەک لەقسەکانی پێشووی دەردەکەوێ نیگار زوو تێکەڵی بینەرەکانی دەبێت"بۆم گرنگە بینەرەکەم خۆشبوێ و بیناسم، لەبەرئەوەی ئێمە بەبازنە کار دەکەین، لەناوەڕاستدا نمایشەکە بەڕێوەدەبەین، کۆنتاکت و تێکەڵبوونێکی زۆر هەیە لەنێوان من و بینەردا، چۆن بینەر من دەبینێ ئاوا بەبەردەوام بینەر دەبینم، چونکە لەلابۆری شانۆی لالش ڕووناکی بەمەبەستی ڕووناککردنەوەی پانتاییەکە بەکاردێت، هەروەها بەمەبەستی خولقاندنی ئەتمۆسفێرێکی تایبەتی، ئەو ڕووناکییەی ئێمە بەکاری دێنین لە سەرەتاوە تاکۆتایی گۆڕانکاری تیدانییە".

## تێکەڵی دەوێ

قەرەداغی، خەون و ئاواتەکانی بۆ پاشەڕۆژی لابۆرەکەیان دەخاتەڕوو:"پاشەڕۆژی شانۆی لالشم بەلاوە گرنگە، گرنگیشە لەسەر ئەو ئاستە نێونەتەوەییە بەردەوام بێ، بەڵام بەهاتنەناوەوەی کۆمەڵێک توانستی دیکە لە کوردستان نەک لەدەرەوەی وڵات، چونکە ئەگەر مەبەستم بێ کەسانێکی کورد لەدەرەوەی وڵات کارم لەگەڵ بکەن ڕەنگە ئاسانتربێ، بەڵام لام گرنگە ئەو پەیوەندییە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات دروستببێت".

## ئەمجارە باشتر دەبێت

نیگار، باس لەجیاوازی ئێستاو جاران و ئێرەو ئەوێ دەکات و دەڵێ:"ئێمە لەهەشتاکاندا بینەرمان فێرکرد، بینینی شانۆ جیاوازە لەبینینی فیلم یان دراما، هاتنەژوورەوەت بۆ هۆڵێکی شانۆیی ناڵێم پیرۆزە، بەڵام بەشێکە لە ژیان و ئەتمۆسفێرێکی تایبەتی خۆی دەوێت، ئەوکات بینەر فێرکرابوو، بەڵام بینەری ئێستا هیچ شتێک فێرناکرێ و لەسەر هیچ شتێک پەروەردە ناکرێ، نازانم خەتای هونەرمەندە، یان خەتای بینەرە، ئەم نەوە تازەیە بەهۆی بەجیهانیبوونی ژیانەوە تەنیا سەرقاڵی بەکارهێنانی مۆبایل و ئەنتەرنێتەکەیەتی، هەروەها هونەرمەندەکە خۆی هۆکارە، ساڵی ٢٠٠٢ لەسلێمانی نمایشێکم بینی و ئەمساڵیش نمایشێکم بینی. ئەمساڵ باشتر بوو، چونکە چەند گرنگیمدا بەنمایشەکە ئەوەندەش گرنگیمدا بەو کەشەی لەناو بینەراندا هەبوو، هۆڵەکە هێورتر بوو، بەڵام ئەوەی ٢٠٠٢ ئەوەندەی جگەرە کێشراو گوڵەبەڕۆژە فڕێدرابە ناو هۆڵەکە، من تووشی سەدمەیەکی وابیبووم، گوتم ناکرێت شانۆگەری وا پێشکەش بکرێ. دەبێ بوەستێندرێ، چونکە ئەوە زەرەر لەهونەرمەندو کارەکەش دەدا، ئەگەر من بینەر بەوشێوەیە پەروەردە بکەم، دوای چەند ساڵێک شانۆ بەتەواوەتی دەمرێ.

## ئاساییە با وابێ

دیاردەی بوونی بینەری لەرادەبەدەری شانۆیی کۆمیدی بە بەراورد لەگەڵ ستایلەکانی دیکە، پرسیارێکی دیکەی وارڤین بوو لە نیگار"کاری شانۆیی کارێکی نوخبەییە، دەشبێ وابێ، ناکرێ شانۆ بۆ هەموو جەماوەر بێ، دەشێ خەڵکانێک، گرنگیدانێکی تایبەتیان هەیەو بەئاگاییەوە دەچنە کارێکی شانۆیی، ئەو وەختە دەگەڕێتەوە سەرخۆی تا چ ڕادەیەک چێژ لەو شانۆگەرییە وەردەگرێ، چونکە شانۆ جیاوازە لەدراماو سینەما، لەبەرئەوە دەبێ بینەری تایبەتیش هەبێ کاری تێدا بکات، بەڵام لەبەرئەوەی (موخاتەبە)ی ڕاستەوخۆی شانۆی کۆمیدی لەگەڵ جەماوەری گشتیدایە جەماوەری زۆرە، نەک نوخبە، لەبەرئەوەی بینەری شانۆی کۆمیدی دەیەوێت ماوەی کاتژمێرێک یان دوو کاتژمێر خۆی دووربخاتەوە لەگرفت و سەرقاڵی و هیلاکیەتی ژیان". نیگار، لەباسی بوونی پەیام لە شانۆی کۆمیدی قسە دەکات:"ڕاستە، جەماوەری کۆمیدی لێرەو تەنانەت لە ئەوروپاش بینەرێکی زۆر زیاترە وەک لەکارێکی ئەزموونگەری، ئاساییشە، ناکرێت بڵێی بۆ؟ کەسانێک هەن دەیانەوێ ماوەیەک دوورکەونەوە لەهەموو شتێک و تەنیا پێبکەنن، بەڵام ئەو هونەرمەندە تاچەند لەو خۆشی و کاتبەسەربردنە کۆمەڵێک شت دەگەیەنێت.

www.netewe.com

# قوبادی جەلیزادە بۆ وارڤین:



شاعیر و هۆنەری بەناوبانگ قوبادی جەلیزادە لەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ وارڤین دا چەند نهێنییەکی جوانی ژن دەدرکێنێت و دەڵێت ژن بەلای منەوە گەل و نیشتمانە، هەروەها ئـەو مەمکی ژنـی خۆشـدەوێت و خەتاکەیشی بۆ دایکی دەگەڕێنێتەوە کە لەکاتێکدا ئەو منداڵبووە بیری چووە مەمکی لەدەمی دەربهێنێت.

وارڤین: قوبادی جەلیزادە کێیە؟

قوباد: پڕۆژەیەکی هەمیشەییە بۆ عیشق.

وارڤین: کام عیشق؟

قوباد: عیشقی ژن

وارڤین: ئەی گەل و نیشتیمان؟

قوباد: ژن، گەل و نیشتیمانمە.

وارڤین: بۆچی ئیرۆسیەت و مێیینەیی تەنیا لای ژن دەدۆزیتەوە، لەکاتێکدا لای شاعیرانی جوانخوازی تر، خۆی لەمرۆڤدۆستی و تەنیایی و مەرگ و منداڵیدایە؟

قوباد: ئایا ژندۆستی و جواندۆستی و جوانیدۆستی، بەدەرە لەمرۆڤدۆستی؟ من لە ژندا تەواوی ئەوانە بەدیدەکەم.. ژیان، تەنیایی، مەرگ، منداڵێتی.. ژن تەواوی کەونە، لەو کەونە ترازای، ئیدی ئینتمایەکت بۆ هیچ شتێک نامێنێت.

وارڤین: هەندێک رەخنەی ئەوەت لێدەگرن و دەڵێن، قوباد لەشیعرەکانیدا، ژن تەنیا وەک ئامێری بەرهەمهێنانی چێژ دەبینێ؟

قوباد: چێژ لەژیانی هەمووماندا و لەژیانی هەرچی بوونەوەرە، بوونێکی زۆر خەست و حەتمی هەیە. شیعرنووسین چێژە، هەڵفڕینی فڕۆکە چێژە، گریان و پێکەنین چێژن، گۆرەوی و پێلاو لەپێکردن چێژە.. مرۆڤ داماڵە لەچێژ هیچی بۆ نامێنێتەوەو مانایەک بۆ وجودی نامێنێ. لوتکەی چێژ بۆ منی عاشق لە سەیرکردنی ژن و جوانی جەستەی ژندایە. لەئەڤینیکردندایە، لەجووتبون و مومارەسەی خۆشەویستیدایە. یەکێک لەسەروەرییەکانی ژن بەرهەمهێنانی چێژە، بەڵام بیرمان نەچێت پیاویش بەرهەمهێنی سەرەکی لـەزەت و چێژە بۆ ژن.. هەڵەین ئەگەر تاکلایانە بڕوانینە پرسی چێژ لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا.

وارڤین: کە قوباد حاکم بوو، چۆن دەیتوانی حوکمی بەندکردن بەسەر ژندا بدات، لەکاتێکدا ژنی زۆر خۆشدەوێت، ئایا جیاوازی لەنێوان قوبادی شاعیر و قوبادی حاکم هەیە؟ دونیای تاوان و شیعر چۆن دەگونجێنیت؟

قوباد: دوو مرۆڤ لەنێو مرۆڤیکدا، تەباو ناتەبا .. تەبا، کاتێک لەوە حاڵی دەبێت ئەرکی هەر دوو مرۆڤەکە لەخاڵێکدا کۆدەبێتەوە. شاعیر باخچەکانی جوانی لەدرک و داڵ بژار دەکات، دەکۆشێ ژیان جوانتر کات لەوەی هەیە، یا جوانی کەشف بکات و بیری خەڵکی بێنێتەوە.

دادوەریش، ئەگەر پڕ بەمانای دادوەر، دادوەر بێت و عەدالەتخواز، ئەوا بەهەمانشێوە، کۆمەڵ بژار دەکات لە تاوانکار و گوناهبار. ئەوکاتەش ئەو دوو مرۆڤە تێک ناکەنەوە. وەختێ شاعیر هەستدەکات هەڵۆیەکی بـەرزەفـڕەوە هـەمـوو فـەزا فـراوانـە بێتخووبەکانی لەبەر دەم ئاوەڵایە.. کەچی دادوەر

www.netewe.com

# ژن گەل و نیشتیمانە

له فەزایەکی بەرتەسکدا باڵەفرکێیەتی و لەکاتی دادگاییکردندا مامەڵە لەگەڵ چەند مادەیەکی قانونی دەکات کە ناکرێت بە موو لێی لابدات.
لای من پاشایەک و گەدایەک جوانترین ژن و ناشیرینترین مەیموون یەکسانن. لەگەڵ رێزیکی زۆر بۆ مەیموونی براو هاورێمان.

وارڤین: هەندێک کەس دەڵێن یەکێک لەگرفتەکەنی قوباد ئەوەیە باوەڕی بەخوێندنەوە نییە. ئەو قسەیە تا چەند راستە؟

قوباد: پێمناخۆشە ناوت ناوە گرفت، پرسەکە نەگرفتەو نەبێ باوەڕی. خۆم وا خولقاوم یا ئەوە سروشتی منە کە مەیلی خوێندنەوەی بابەتی درێژم نییە. زۆر بە زەحمەت رۆمانێکم پێ تەواو دەکرێ. حەزم لەدرێژدادڕی نییە. ناتوانم کاتیکی دوورو درێژ لەگەڵ تاکە دەقێکی ئەدەبی بژیم. زیاتر شیعرم خۆشدەوێ، بەتایبەت هایکۆ. سەرنجمداوە ئەو نووسەرانەی زۆر خۆیان بەخوێندنەوە خەریکدەکەن، بەتاوانی دزی ئەدەبی گوناهبار دەکرێن. هیچ نەبێ لەو تۆمەتە رزگارم بووە.

وارڤین: لەنێو شاعیرە گەنجەکاندا، کێت بەدڵەو دەیخوێنیتەوە؟

قوباد: ئەوانەی من بە دڵمن کەم نین. ناکرێ ریزبەندیان بکەم، بەڵام ناوی (کوری فارق) بەنموونە دێنم.

وارڤین: لەمێژووی شیعری خۆتدا لەچی پەشیمانی و کام دەقت بەدڵە؟

قوباد: لەزۆر شت و لەزۆر دەق. ئەو دەقانەی بەدڵمن ژمارەیان زۆرە. فیشەکی رەحمەت و جەنازەو شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات و مزگەوت ماڵی خودایەو..

وارڤین: لەشیعرەکانتدا زۆرباسی مەمک، دەکەی لەلای قوباد چ شتێک ئەوەندەی مەمک چێژبەخشە؟

قوباد: مەمک، کانی منداڵی و سێوی هەرزەیی و گۆچانی پیرییە،
...ئەوەیان خەتای دایکم بوو، ئەو بیری چوو مەمک لەناو دەمم دەربهێنێت

وارڤین: ئەی ئەو دەمانەی بەبەرچاوی تۆوە مەمکێک دەبرنەوە؟

قوباد: هەموو نەخۆشییەکان ئێسک قورسن، بەڵام شێرپەنجە، رەزا قورسترین نەخۆشییە، بێویژدانترین دڕندەیە. ئەو پەلاماری جوانترین و ناسکترین ئەندامی لەشی ژن دەدات. ئەو مەمک دەکوژێ. من ترسنۆک بووم نەمتوانی رێ بەو دکتۆرە بگرم کە دەستەو چەقۆ خۆی کوتایە ژووری نەشتەرگەری و دوای چەند ساتێ، لەناو سەتڵێکی سووردا مەمکێکی لەتوپەت کراوو خویناوی، هاوسەرەکەمی خستە مشتم!

وارڤین: نازداری هاوسەرت لەپێشەکییە کورتەکەی دیوانی (شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات) نووسیویەتی، بەقوبادەوە پێنج جگەرگۆشەم هەیەو قوباد تۆبەرەیە. بۆ؟ ئەی هاوسەرەکەت لای تۆ چییە؟

قوباد: نازدار نزیکترین و دڵسۆزترین هاورێمە. ئەو تاکەکەسە باش دەمناسێت، لێم تێدەگاو بەرگەم دەگرێت.

وارڤین: هەولێر، سلێمانی، کامیان ئیلهام بەخشبوون بۆ قوباد؟ وارڤین:

قوباد: دەبوایە ئەم پرسیارە بە (کۆیە) دەستی پێ کردبا!! کۆیە یەکەم لانکەی شیعر نووسینم بووە. کۆیە باخچەی ساوایانی شیعرم بوو، هەولێر لاویەتی شیعر و سلێمانیش کامڵ بوون.

وارڤین: کێ پاڵەوانی شیعرەکانی قوبادە، جوانی بەگشتی یا کەسێکی تایبەت؟

قوباد: هەمیشە کەسە تایبەتییەکان مایەی قەسیدە هەرەجوانەکانی من بوون، بەدەگمەن نەبێت بۆ باخی گشتی شیعرم نەنووسیوە. شیعری من بۆ گوڵی ناو مەرکانە بووە.

وارڤین: دەڵێن قوباد هەموو ژنێکی لاجوانەو هەموو ژنێکی خۆشدەوێ؟

قوباد: بوختانێکی گەورەیە. هەموو ژنێک لای من بەرێزە، بەڵام هەموو ژنێک جوان نییە. وەک جەستەو وەک رووح، وەک چۆن هەموو پیاوەکان قۆز نین. من تەنیا ئەو ژنانەم خۆشویستووە کە خۆشیانویستوم و خۆشمویستون. بەگەرمی یەکتریمان کردووەتە باوەش.

وارڤین: شیعری دڵ، یەکێک لەشیعرە جوانەکانی قوبادی جەلیزادەیە، بۆکێی نوسیووە؟

قوباد: بۆ ژنێک، لە سێبەری پیرۆزی قەڵای هەولێردا پەروەردە بووە.

وارڤین: لەژیانتدا چەندجار عاشق بووی؟

قوباد: کەمتر لەپەنجەی یەک دەست.

وارڤین: ئێستا لەبۆشاییەکی عاتفیدا دەژی، یان لەنێو جەرگەی عیشقدا؟

قوباد: لەنێوان هەدووکیاندا. لەنێوان کەوتن و هەستانەوەدام. دوای ٥ ساڵ گلان، دەستی پیرۆزی ژنێکی نازدار هەردوو دەستی لەرزۆکی گرتووم و خەریکە هەڵمدەستێنێتەوەو تەمەنی عیشقێکی تازەم پێدەبەخشێ!.

وارڤین: عاشقبوون، هەوڵ و کارکردنی دەوێ یا لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ خۆی دەسەپێنێ؟

قوباد: ئەگەر خۆشەویستی ژن لەپرسە تەقلیدییەکە دەرچوو دەبێ بە قەزیە، ئیدی لێرەدا وەرزی داباریی عیشق دەستپێدەکات. لێرەدا ئیرادەی مرۆڤ دەکەوێتە کار، بۆ خۆ بەپەپوولەکردن، خۆ بەکۆتر کردن، خۆ بەگوڵ کردن عاشقبوون بەمانای کامڵ بوونی مرۆڤە. عاشقبوون ئارامی و ئاسوودەبوونە کاتێک هەستدەکەی خودت تێکەڵی خودی کەسێکیتر بووەو تواوەتەوە، ئیدی شتێک نامێنێ ناوی تارمایی تەنیایی و نائارامی بێت. عاشقبوون دەربازبوونە لەعوموومیاتە بێزارکەرەکەی ژیان کە خەڵکی هەمووی بەشدارن تێیدا. عاشقبوون چێکردنی لانەیەکی سەربەخۆ و تایبەتمەندی ژیانەو دەربازبوونە لەیاساو دەسەڵاتی مێگەل.

**بەهرە حەمەڕەش**

www.netewe.com

# تەرزە جاف: سەیرم بەو موحـــــ
# ناخیان ئێزدیواجیەتـــــ

گفتوگۆو بۆچوونەکان لەسەر دیاردەی حیجاب لەکوردستان، فرە لایەنن. زۆرێک بەکەلتورێکی هاوردەی ناوچە عەرەبییەکان و زۆرێک بە یەک لەمەرجەکانی ئیسلامیبوونی دەزانن. هەندێ را دەڵێن، لەئایینی ئیسلامدا حیجاب تەنیا بۆ خێزانەکانی پێغەمبەری ئیسلام دیاریکراوە، شوێنکەوتەکانی کردوویانە بە "سوننەت"و بەردەوامییان پێداوە. ئایا حیجاب کاریگەری لەسەر کەلتوری رەسەنی کوردی هەیە؟ تاچەند بووەتە هۆکاری سنووردارکردنی ژن، لەکایەکانی ژیـان؟ پەرەسەندنی حیجاب لەکوردستاندا مۆرکێکی ئایینی هەیە، یان پەیوەستە بەهاتنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسییەوە؟ لەتەوەرێکدا وارڤین هەموو پرسیارانە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە ژمارەی ئەمجارەدا نووسەری داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان (تەرزە جاف)، وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

وارڤین: لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت، حیجاب و عەبا کەلتوری کوردستان نین، بەڵام دیاردەی حیجاب لە هەرێمی کوردستان بەرەو زیادبوون دەچێت. بەرای ئێوە هۆکارەکان چین؟

تـــەرزە جـــاف: هـــۆکـــارەکـــان لـــەســـەرەتـــاوە سیاسیبوون. لەسەرەتای نەوەدەکاندا، شەڕی براکوژی و بێهوودەبوونی تاکی کورد لەهەردوو حزبی دەسەڵاتدار، هۆکار بوون. بۆ نموونە مەلا بەشیر"دیاردەیەک بوو لە هەولێر"، دەرکەوتنی ئەو و بڵاوبوونەوەی گوتارەکانی بەناو کچە قوتابیەکانی زانکۆدا بۆ خۆی شتێکی سەیر بوو. وەک ئەوەی خەڵک لە راپەڕین پەشیمان ببێتەوەو داوای تۆبەی لە خودا دەکرد، هاورێ کچەکانم ئەوکاتە گرەویان دەکرد لەسەر ئەوەی کە ئەوەی گوێ لە کاسێتەکانی مەلا بەشیر بگرێت ئیدی لە ترسان خەو ناچێتە چاوی و "دەگەڕێتەوە". گەرانەوە بۆ لای خودا ئەو بەدیلە بوو بۆ شکستی بـاری سیاسی کەلە شەڕی براکوژیدا بەرجەستە ببوو.

وارڤـــیـــن: ئـــایـــا حیجاب مۆرکێکی ئایینی لەکوردستان هەیە، یان پەیوەندی بەهاتنی ئایدۆلۆژیاو ئیسلامی سیاسییەوە هەیە؟

تەرزە جاف: بەداخەوە دەڵێم، کورد کەوتەبەر ئەو شالاوەی کە ئیسلامی سیاسی لەوڵاتانی دراوسێوە هێنایان، پرسەکەش تەنیا سیاسەت نییە، بەڵکو بەپلەی یەک ئابوورییە، لەسوریا کچان بەنیوەرووتی دەگەڕێن و بەنرخێکی زۆر گران عەبا بۆ ئێمە دەنێرن. کەواتە بەهاوکێشەیەک بڵاوبوونەوەی حیجاب لەبەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتانەدایە، کە خەمی سەرەکییان ئەوەیە، کورد هەنگاوێک نەچێتە پێشەوە.

لەکاتێکدا ژنی کورد بە پەرۆ لولدرا لەژێر ناوی دابونەریت و ئایین، ئیدی جگە لەو پارە زۆرەی کە ژنەکە لە عەبای خەلیجی و چەفیەی هیندی و ئەم شتانەدا خەرجیدەکات، لەهەمانکاتیشدا پیاوەکان رووەدەکەنە سوریا، تورکیا و لوبنان تا چاو و لەشی خۆیان بە ژنەکانی ئەوێ تێرکەن، لەلایەکی دیکەشەوە عەباو چەفییە بەدیاری بۆ ژنەکانیان بهێننەوەو لە هـەردوو لاوە پارەی ئێمە دەچێتە گیرفانی ئەوان.

موحەجەبەکان ژمارەیەکی زۆر کەمیان لەناوناخی خۆیەوە بریارێکی لەرێگەی عەقڵەوە داوە کە ببێتە موحەجەبە، بەدەگمەن ئاگاداری ئەوە هەیە، لەناو ئایینی ئیسلامدا چ شتێک بۆ ژن حەرامەو چی حەڵاڵە، کەسیان نازانن چ دەقێک لە قورئاندا هاتووە، یاخود نەهاتووە، لەبارەی حەرامبوونی قژی ژن، لەهەموو بارێکەوە ئەم پرسیارانە لە موحەجەبەیەک بکەیت من دڵنیام کە زۆربەی هەرە زۆریان وەڵامەکانیان بە"دەڵێن" دەستپێدەکەن، واتا ئەو بریارە هەڵقولاوی هیچ فیکرێکی خود نییە، بەڵکو ملکەچبوونە بۆ دەوروبەر.

وارڤین: تاچەند زیادکردنی کۆتوبەندەکان و وابەستەکردنی ژن بەحیجاب و ئایین، هۆکاری گەراندنەوەی ژنە بۆ چوارچێوەی ماڵ؟

تـەرزە جاف: وای نابینم حیجاب کاریگەری لەسەر ئـەوە هەبێت، ژن بگەڕێنێتەوە ناو چوارچێوەی ماڵ، بەپێچەوانەوە موحەجەبەکان

www.netewe.com



# ...ەجەبانە دێت کە پڕی
# ... و نەزانییە



زۆرجار ئازادییان زیاترە لە بەر ئەوەی ترس لەسەریان کەمترە، لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگا بەچاوی متمانەوە لێیاندەڕوانێت، بۆیە ئەوان ئەگەر بیانەوێت دەتوانن ئامانجەکانی ژیانیان بپێکن و کۆمەڵ و کەسووکاریش زۆرجار پاڵپشتییان لێدەکەن.

وارڤین: کاریگەری حیجاب و وابەستەبوونی ژن پێوەی، تاچەند وایلێدەکات لەلایەنی بیرکردنەوە بۆ هەندێ پرسی خۆشگوزەرانی، کۆیلە بێت؟

تەرزە جاف: حیجاب، بەهەموو شتێک دەگوترێت کە دەکەوێتە نێوان دووشتەوەو جیایان دەکاتەوە. ئەگەر حیجاب جوانی و ئیغرایی ژن دەشارێتەوە، ئەوە لەهەمانکاتدا شتی دیکەش دەشارێتەوە، بەڕای من حیجاب ئازادی بەخاوەنەکەی دەبەخشێت، لەلایەکەوە کاتی قژ ڕێکخستن و بایەخدان بە قاچ و قۆڵ و لەشی بۆ دەگەڕێنێتەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو متمانەیەی لەسەرەوە باسمان کرد کە کۆمەڵگا دەبێتە پاڵپشتێک بۆ ئەوان.

وارڤین: ئایا پەچە بەنموونە کە لە ئاکرێ و زاخۆ و هەندێ ناوچەی دیکەی کوردستان هەیە دەکرێ بڵێین حیجابە؟ یان ئەوە نەریتێکی پێشینەی کوردەواری بووە؟

تەرزە جاف: زۆر زانیاریم لەو بارەوەنییە، بەتایبەتی ئەو دیاردەیەی لە ئاکرێ تائێستاش ماوە، بەڵام ئەوە شتێکە قابیلی نیقاش نییە، ئایینی ئیسلام و هەموو ئەو دیاردانەی لەگەڵیدا دێتە ناو کۆمەڵگاو تێیدا ماوەتەوە لەسەرەتاوە لەئیسلامەوە هاتووەو ئایینی ئیسلامیش بۆ خۆی لەدوورگەی عەرەبییەوە هاتووەتەناو میللەتی کورد، بۆیە هیچ دیاردەیەکی لەوجۆرە پێشینەی کوردەواری نییە.

وارڤین: پۆشینی حیجاب مەترسی چی لێدەکەوێتەوە؟

تەرزە جاف: ناشیرینبوونی جادەو پارکەکان. چاولەدەربوونی پیاوەکان کە ژنەکانی خۆیان دادەپۆشن و بەچاو ژنەسفوورەکان هەڵدەلوشن. ئیزدیواجیبوونی ژن و کۆمەڵگا.

وارڤین: ئایا حیجاب کاریگەری لەسەر سڕینەوەی کەلتووری کورد هەیە؟

تەرزە جاف: نە، گرفتەکە ناو ناخی ژنە موحەجەبەکەیە، نەک شتی دیکە، ئەگەر ئەو ئافرەتە لەباوەڕەوە لەچکەکە بەسەری خۆیدا بدات و خۆی داپۆشێت، من پێش هەموو کەس حورمەت و ڕێزم بۆی هەیە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ڕشانەوەم بەو موحەجەبانە دێت کە پڕی ناخیان ئیزدیواجیەت و نەزانییە بەو بڕیارە گەورەیەی کە بەرامبەر لەشی خۆیان داویانە.

**بەهرە حەمەڕەش**

www.netewe.com

# ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی داهێنەرانی موزیك

جۆواکینۆ ئانتۆنیۆ ڕۆسسینی
GIOACCHINO ANTONIO ROSSINI
(پێزەرۆ ١٧٩٢ — پاریس ١٨٦٨)

سامان عەلی سابونچی

ڕۆسسینی لەلایەن نووسەران و زۆر لەوانەی لەسەریان نووسیوە، بە شێوازی جیاواز پێناسە کراوە، کەسێکی خەم هەڵگرو ڕاڕاو هەندێکجار تەمبەڵی لە کاردا کردووە، لە هەمانکاتدا هاوڕێیەتی خۆشبووە و ئارەزووی خواردنی خۆش و حەزی لە ئافرەتی جوان بووە. بەڵام هەموو ئەمانەی لەکۆمەڵێک بەرهەمدا کۆکردۆتەوە کە جێی سەرنجی هەموان بووە و بەیەکێک لەداهێنەرە موزیکییەکانی مێژوو هەژمار دەکرێت. بەشی یەکەمی ژیانی، بە پێشکەوتنێکی خێرا دەست پێدەکات و لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا یەکەم ئۆپێرای نووسیوە. بەشی دووەمی ژیانی، کتوپڕ واز لە کاری ئۆپێرای شانۆ دێنێت و سەرقاڵی کاری خۆی و نووسینی موزیک دەبێت. بەتایبەتی دوای سێ مانگ لە مردنی " ڤۆلفگان ئامادێیوس موتزارد WOLFGANG AMADEUS ( ١٧٩١ — ١٧٥٦ ) MOZART، گەورە داهێنەری موزیک" .

جۆواکینۆ ئانتۆنیۆ ڕۆسسینی، لەشاری پێزەرۆ (کەوتۆتە ڕۆژئاوای ناوەڕاستی ئیتالیاوە) لە ١٣ـی نۆڤەمبەری ساڵی ١٧٩٢ دا، لە خێزانێکی ئاسایی لە دایکبووە، باوکی ناوی "جوزێپی" بووە و بە ناوی "ڤیڤاتسە"ش بانگکراوە و لە ٢٠ی ئاپریلی ١٨٣٩ کۆچی دوایی کردووە، لایەنگرێکی تەواوی شۆڕشی فەرەنسی بووەو بە ڕەگەز خەڵکی "ڕەڤێننا" بووە، موزیکژەن بووە و کاری لەگەڵ ئۆرکێسترای پێزەرۆ و گرووپە شۆڕشگێڕییەکانی فەرەنسیدا کردووە. دایکی "ئاننە گویداریی" گۆرانیبێژ بووە، بەڵام لەئاستێکی بەرزو بەناوبانگ نەبووەو بەردەوام لایەنگری لە بیروباوەڕی سیاسی مێردەکەی کردووە.

بەهۆکاری بۆچوونی سیاسیانەوەو پستگیریان لەشۆڕشی فەرەنسی، بۆ چەندین ساڵ دووچاری خۆشاردنەوەو کۆچبەری ئەم شارو ئەو شار بوونەتەوە، ئەمە بۆ ڕۆسسینی بۆتە کێشەیەک کە سەقامگیر نەبێت و چەندین ساڵ لە گەنجێتی بەردەوام، لەشوێن گۆڕینو ماڵی نەنکی بەسەر ببات لەنێوان شارەکانی " ڕاڤێنا، فێرارە و بۆلۆنیا" و پاشان لە بۆلۆنیا جێگیر دەبن.

ڕۆسسینی دەچێتە ئامادەیی موزیک لەشاری بۆلۆنیا، بە چڕی دەست بە خوێندن دەکات و ئارەزوویەکی زۆری موزیکی لا دروستدەبێت و سەرسام دەبێت بە کارەکانی " هایدن (١٧٣٢-١٨٠٩) HAYDN و مۆتزارد MOZART، و یەکەمین ئۆپێرا دەنووسێت، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بە ناوی " دێمێتریۆ ئێ پۆلیبیۆ DEMETRIO E POLIBIO" کە لە ساڵی ١٨١٢ دا بۆ یەکەمجار پێشکەشکرا.

ڕۆسسینی "ئیزابێللا کۆلبران (مەدرید ١٧٨٥- بۆلۆنیا ١٨٤٥) هونەرمەندی گۆرانیبێژی لیریکۆی کلاسیک بووە) بە تەمەن لە خۆی گەورەتر دەبێت، دەناسێت و لە ١٦ی ئاداری ١٨٢٢ هاوسەرگیری پێکدەهێنن و لەساڵی ١٩٣٠ دا لەیەک جودا دەبنەوە.

وەک لە هەموو سەرچاوە و پەرتوکەکانی لەسەری نوسراوون، ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕۆسسینی، دوو کەسایەتی جودا بووە، کەسایەتی یەکەمی، لە ماوەیەکی کورتدا گەورەترین کاری ئەنجامداوەو ناوبانگی پەیدا کردووە، بە شێوەیەک لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا دەبێت، کە "ستێندهاڵ (١٧٨٣- ١٨٤٢) نووسەر و ڕۆماننوسی بەناوبانگی فەرەنسی، STENDHAL"پەرتوکێک لەسەر ژیانی ڕۆسسینی دەنوسێتەوەو ئاماژەی بەوە داوە، زەحمەتییەکی زۆر بووە، لەسەر کەسێک بنوسێت کە لە ژیاندا بلیمەت بێت و لەو تەمەنەدا شایستەی لەسەر نووسین بێت. کەسایەتی دووەمی ڕۆسسینی

www.netewe.com







به پێچەوانەی کەسایەتی یەکەمییەوە بووە، دوای چەندین کێشەی ژیان و تایبەت بە خۆی، مرۆڤێکی دابڕاو لە دەورووبەر و هەمیشە خەمناک بووە.

ڕۆسسینی لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا واز لە نووسینی کاری ئۆپێرا و لیریک بۆ شانۆ دەهێنێت، دوای پێشکەشکردنی دوا شاکاری کاری شانۆیی " کولێلمۆ تێل GUGLIELMO TELL " و خەریکی ژیانی تایبەتی خۆی دەبێتو هەندێک کاری دیکەی موزیکی دەنووسێت بۆ خۆی و هاوڕێکانی و بۆ ئۆلیمپ پێلیزێ ( ژنی دووەمی کە لە ساڵی ١٨٤٦ هاوسەرگیریان پێکهێناوە، ساڵێک دوای مردنی "ئیزابێللا کۆلبران" ژنی یەکەمی).

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کارەکانی دوای کشانەوەشی، هەموویان ناوبانگێکی تایبەتیان هەبووە، هەر لەپارچە موزیکەوە تا گۆرانی سۆلیست و پارچە موزیکی تایبەت بەئامێرو هەموو کارەکانی دیکەی.

ڕۆسسینی مۆمی تەمەنی بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە، لە کاتێکدا کە هاوڕێیانی ئامادەیی ئاهەنگی ٧٧ ساڵەی لەدایکبوونیان دەکرد، لە ڤیللەکەی لە پاریس لە ٣١ی نۆڤەمبەری ١٨٦٨ دا کوژایەوە وکۆچی دوایی کرد. سەرەتا لە گۆڕستانی پێر لا شێ لە پاریس بەخاکسپێردراو دوای نۆ ساڵ بەسەر مردنیدا لە ساڵی ١٨٨٧ دا تەرمەکەیان هێنایەوە ئیتاڵیا و لە کەنیسەی سانتا کرۆچێی فلۆرانسا بە خاک سپێردرایەوە.

ڕۆسسینی هەرچی داهات و موڵکێک کە لە دوای بەجێما پێشکەشی شاری لەدایکبوونی (پێزەرۆ) کردوو و بەرهەمەکانیشی پێشکەشی هەواداران و قوتابیان و مرۆڤایەتی کرد.

ڕۆسسینی لەدوای خۆی دەوڵەمەندیەکی بێوێنەو هونەرێکی لەبیرنەکراوی جێهێشت. خاوەن و داهێنەری ٤٠ کاری ئۆپێرا بوو، ١٦ کاری لیریکۆ، ٢٨ موزیکی گۆرانی سۆلیست لەگەڵ ئۆرکێسترا، ٨ سروود و کۆراڵ لەگەڵ ئۆرکێسترا و ٢٠ پارچە موزیکی ئامێرەکان لەگەڵ ئۆرکێسترا بووە.

بەناوبانگترین و کاریگەرترین کارە ئۆپێراییەکانی ڕۆسسینی لەسەر ئاستی جیهان تا ئەمڕۆش نمایش دەکرێنەوە کە بریتین لە، " ئیل باربییێرێ دی سڤیلیە IL BARBIERE DI SIVIGLIA ساڵی ١٧٨٢"، " سەمیرامید SEMIRAMIDE ساڵی ١٨٢٣"، " تانکرێدی TANCREDI ساڵی ١٨١٣".

لە کۆتایی ساڵانی شەستاکانەوە تا ئێستاش، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی ڕۆسسینی بەردەوامە، بەتایبەتی لەسەر ئۆپێرا مێلۆ درامەکانی و تا ئەنجام بەو شێوە کارە دەوترێت ڕۆسسینی-ریناسانس، و کارەکانی لە بەناوبانگترین شانۆکانی جیهاندا دووبارە نمایش دەکرێنەوە. لە پێزەرۆش (شوێنی لە دایکبوونی) تا ئێستاش ساڵانە فێستیڤاڵی ئۆپێراکانی ڕۆسسینی سازدەکرێت و هەوادارانی موزیکی کلاسیک و ئۆپێرا لە هەموو دنیاوە ڕووی تێدەکەن و گوێبیستی کارەکانی دەبن.









www.netewe.com


٧



# لاگان

LAGAN X1



www.netewe.com

ئەو دەمەی فیلم چێژی گەورە دەبەخشێت و سەرنجمان بەرەو ئاسۆکانی خۆی دەبات

سیروان رەحیم

ناوی فیلم: لاگان

ناوی ئۆرژینال: Lagaan

سیناریۆ: کومار داڤێ، سانژای دایما، ئاشوتۆش گۆواریکەر

دەرهێنان: ئاشوتۆش گۆواریکەر

کامێرا: ئانیل مێهتا

موزیک: ئالاە رەخا رەحمان

مۆنتاژ: بالو سالوژا

وڵاتی بەرهەمهێنەر: هیندستان

جۆری فیلم: دراما

شوێنی وێنەگرتن: هیندستان

ساڵی بلاوکردنەوە: ٢٠٠١

٢٢٤ خولەک، ٣٥ ملم، رەنگاورەنگ

زمان: هیندی، ئینگلیزی







## دەستپێک:

لاگان یان"تەنیا جارێک بوو لەهیندستان"، فیلمێکە لەو بەرهەمانەی مێژووی سینەما کە پێویستە هەموو هۆگرانی ئەو هونەرە بیبینن. بەرهەمەکە باس لەڕووداوێک دەکات لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەنێوان گروپێک لەسەربازە داگیرکارەکانی ئینگلیز و خەڵکی گوندێکی هنیدستاندا روویداوە. وشکەساڵی خەڵکی ئەو ناوچەیەی پەرێشان کردووە. سەرباری نەبوونی خۆراک و دانە کزی زەخیرە، سەردەستی و چەوساندنەوەی داگیرکەریش خەڵکەکەی ئەوەندەی دیکە بێهیوا کردووە. سەربازە داگیرکەرەکان بەردەوام "لاگان"ی خۆیان دەوێت. وشەی لاگان بە واتەی باج دێت. خەڵکی هیندستان لەژێر سایەی داگیرکاری ئینگلیزەکاندا ناچاربوون لەبەروبوومی خۆیان بەتایبەتیش لە بەرهەمی گەنم باج بدەن بەسەربازەکانی ئینگلیز. ئینگلیزەکان هەم وڵاتەکەیان داگیرکردبوو، هەم لەسەر ئەوان دەژیان و لەبەرووبوومی خۆڕایی خەڵکەکەیان دەیانخوارد.

## ناوەڕۆکی بەرهەمەکە:

کاپیتان رووزێل"پاول بلاکتهۆرنە" سەرقاڵی راوکردنەو بوڤان"ئەمیر خان" لێیدەشێوێنێت، لەو شێواندنەوە، واتە لەو دەمەوە ئەو کاپیتانە داگیرکەرە نەفرەتێکی قووڵ لەدژی بوڤان هەڵدەگرێت. شوێن هیندستانەو کات کۆتایی سەدەی نۆزدەیە، دروست ساڵ ١٨٩٣، قات و قڕی و بێبارانییە. سیاساڵ خەڵکەکەی پەرێشان کردووەو ترسێکی گەورەی برسێتی و نەبوونیان لێنیشتووە.

کاپیتان رووزێل گەورە فەرماندەی هێزەکانی ئینگلیزە لەو هەرێمەی تووشی وشکەساڵی بۆتەوە. بۆڤان-یش لاوێکی عاشق و بەرچاو، خۆشەویستی دەوروبەرەکەی خۆیەتی. سەرباری وشکەساڵی بەردەوام هەڵکشانی بڕی باجی گەنمیش هەڕەشەیەکی دیکەیە بۆ سەر خەڵکی ئەو ئاوایيە. ئەو دەمەی خەڵکەکە بەمەبەستی نارەزاییدەربڕین و دۆزینەوەی رێگەچارەیەک دەچنە لای کاپیتان رووزێل، گرژی و تووڕەیی لەسیمای کاپیتاندا بەئاشکرا دەردەکەوێت. قسەکەری ئەو خەڵکەی لای کاپیتانن، بوڤانە، بۆیە ئەو کاپیتانە سەرشێتانە قسەیان لەگەڵ دەکات. کاپیتان رووزێل کە خۆی سەوداسەری گەمەی"کریکێت"ە، هەروەها ئەو یارییە بەباشی دەکات و بەردەوام لەگەڵ هاوکارەکانیدا سەرقاڵی ئەو گەمەیەن، ئەو گەمەیەی لەهەندێ وڵات گەمەی گرنگی نەتەوەییە، پێشنیازێک دەخاتە بەردەستیان.

## مەرجی کاپیتان رووزێل بەمجۆرەیە:

(هەردوو لا، ئێمەو ئێوە، گەمەی کریکێت دەلەیزین، ئەگەر ئێوە بردتانەوە بۆ سێ ساڵ لە باج دەتانبەخشم، ئەگەر ئێمەیش بردمانەوە ئەوان دەبێ سێ ئەوەندەی ئێستا باج بدەن.)

بوڤان، بێئەوەی نەخۆی ئەو گەمەیە بزانێت و نەکەسێک شک ببات سەر لەو گەمەیە دەربکات، مەرجی کاپیتان پەسەند دەکات. بوڤان دەیەوێت رووبەڕووی ئەو پیاوە ببێتەوە کە بەهێزی خۆیەوە دەنازێت، بەڵام خەڵکەکە لەگەڵ ئەو پەسەندکردنەی بوڤاندا نین و هەموو لەدژین. هەموو بیر لەوەدەکەنەوە چۆن ئەو گرەوە بەتاڵ بکەنەوەو کاپیتان دەستبەرداری ئەو پێشبڕکێیە ببێت. چونکە گرەوەکە هەر ئەو گوندە ناگرێتەوەو هەموو هەرێمەکە دەگرێتەوە، بۆیە تەنانەت لەئاواییەکانی دەوروبەرەوە دێنە سەر بوڤان و هەڕەشەی لێدەکەن، پێیدەڵێن، بە چ مافێک یاری بەچارەنووسیان دەکات. بەڵام بوڤان سوورە لەسەر ئەو گرەو کردنەو ئەو پێیوایە، ویست و بوێری ئەوان لەهێزی داگیرکەر زۆر بەهێزترەو دەتوانن لەم گرەوەدا سەرکەوتوو بن.

ئێستا پیاوانی ئەم ئاواییە رووبەڕووی شتێک بوونەتەوە هیچ زانیارییەکیان دەربارەی نییە. ناچارن بەپەلە تیپی کریکێت سازبکەن و دەست بکەن بەراهێنان، بەڵام چۆن کاتێک ئەوان هیچ شتێک لەو گەمەیە نازانن؟.

بۆ خۆشبەختی خەڵکی ئەو ئاواییە، لەوکاتەدا لە لەندەنەوە بەمەبەستی گەڕان خانمێکی نەشمیل کە خوشکی کاپیتان رووزێلە هاتۆتە ئەو گوندە. ئەو خانمە دەبێت بە فریادڕەسی خەڵکی ئەو گوندە. ئەلیزابێت"راشێل شێلای" گەیشتووە بەو گوندەو ئاگاداری کێشەکە دەبێت. ئەو خاتوونە میهرەبانە بڕیاردەدات هاوکاری راهێنان و فێرکردنی خەڵکی

www.netewe.com

گوندەکە بکات بۆ ئەو یارییە، چونکە دەزانێ گەمەکە، گەمە نییەو کارێکە چارەنووسساز.

کاتێک ئەلیزابێت تەماشای جۆری یاری خەڵکی گوندەکە دەکات، حاڵی دەبێت کە هیچی لەبارەوە نازانن، بۆیە دەبێ لە هیچەوە دەستپێبکەن. پێکەوە بریاردەدەن رۆژانە، تارۆژی پێشبرکێکە، پێکەوە راهێنان بکەن. بەڵام ئەوەی بۆ هەمووان چاوەروانەنکراوە، بەتایبەتیش بۆ بوڤان، ئەوەیە ئەلیزابێت عاشقی بوڤان دەبێت، عاشقبوون لە واتە هەرەباڵاکەیدا. ئەو بەهەڵسووکەوت و بەهەموو کارێکی خۆی، بەرووبەرووبوونەوەی کاپیتانی برای، ئەوە پێشاندەدات بوڤان پیاوی خەونەکانیەتی.

کاتێک سەرلەشکری هەموو هێزەکانی ئینگلیز لەهیندستان بەو گەمەو گرەوە دەحەسێت، دەنێرێت لەدووی کاپیتان رووزێل و پرسیاری لێدەکات: ئایا ئەو قسەوباسانە سەبارەت بەو بابەتە راستن؟ ئەویش دەڵێت، بەڵێ. سەرلەشکری گشتی زۆر تووڕە دەبێ و پێیوایە ئەوە گەمەکردنە بەشکۆی لەشکر و بریتانیای مەزن. پاشان لەکاپیتان رووزێل دەپرسێت: باشە تۆ چۆن دەزانیت لەو پێشبرکێیەدا دەیبەنەوە؟ خۆ ئەگەر نەیبەنەوە زیانێکی زۆرمان لێدەکەوێت. بەڵام کاپیتان رووزێل سوورە لەسەر بردنەوەی ئاسان و سێ ئەوەندەی پێشتر باج وەرگرتن. سەرلەشکر دواجار بەکاپیتان دەڵێت، باشە، بەڵام لەرەوشی دۆڕانتدا، وەکو سزایەک، بەرەو ناوەڕاستی ئافریقا دەتگوێزمەوە. بەو شێوەیە قسەکان تەواو دەبن. هەرچەندە کاپیتان رووزێل بڕوای تەواوی بە یاریزانانی خۆی هەیەو لەبردنەوە دڵنیایە، بەڵام فەرمانی سەرلەشکری گشتی دایدەچڵەکێنێت.

لە بەری ئەو بەر، خەڵکی ئاوایی یارمەتی گرووپی بوڤان و هاورێکانی دەدەن، چونکە ئیتر ئەوە چارەنووسی هەمووانە. بەڵام یارمەتی گەورە لەلایەن خاتوو ئەلیزابێتەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو کە رۆژبەرۆژ زۆرتر عاشقی بوڤان دەبێت، سوورتریش دەبێت لەسەر یارمەتیدانی ئەوخەڵکەی بەو شێوە شێلگیرانەیە خۆیان رادەهێنن. ئەلیزابێت زۆرتر شەیدای بوڤان دەبێت، بەڵام ئەو پیاوە گەنج و بەرچاوە ناتوانێ هیچ بەرسڤێکی ئەوە ئەڤینە بداتەوە، چونکە ئەو سالانێکە دڵخوازی خۆی هەیەو لەدڵەوە خۆشیدەوێت. بوڤان و "گەوری"ی ئەڤینداری یەکترن و ئەلیزابێتیش بەمە دەزانێت، بەڵام دڵ بەجۆرێکی دیکە بریاردەدات. بریارێک لەدەرەوەی لۆژیکی ئاسایی، دڵ لۆژیکی تایبەت بەخۆی هەس.

کاپیتان رووزێل سیخوڕی خستۆتەناو گروپەکەی بوڤانەوە، بەردەوام چاودێرییان دەکات و دەیەوێ بزانێ بەکوێ گەیشتوون. کاتێک سیخوڕەکەی لە هاوکاریکردنی گرنگی خوشکەکەی بۆ گروپەکەی بوڤان ئاگاداری دەکاتەوە، کاپیتان تکاو هەڕەشە تێکەڵدەکات و زۆر لە خوشکەکەی دەکات دەستبەرداری هاوکاری ئەو خەڵکە ببێت، بەڵام رووبەڕووبوونەوەی ئەلیزابێت و قسەکانی ئەوە دەسەلمێنن ئەو عاشقێکی چەند لێدراوەو مەحاڵە دەست لە هاوکاریی خەڵکی ئەو ئاواییە هەڵبگرێت.

رۆژی یاریکردن دێتە پێشەوە. هەردوو تیپ ئامادەی گەمەن. پێشبرکێکە بە دوو رۆژ تەواو دەبێت. لەئەنجامیشدا خاڵی کام لا زۆرتر بێت ئەو لایە سەرکەوتووە. لە رۆژی یەکەمدا سیخوڕەکەی کاپیتان زیانی گەورە بەتیپەکەی بوڤان دەگەیەنێت. ئەو سیخوڕە هەموو ئەم کارە لەدژی بوڤان دەکات. بەڵام کاتێک ئاشکرا دەبێت، خەڵکەکە دەیانەوێت بە کوشتن سزای بدەن، کەچی بوڤان دەیپارێزێت. بوڤان بەخەڵکەکە دەڵێ: بوارێکی دیکەی بدەنێ و دڵنیام دەیسەلمێنێت کە دڵسۆزی خاک و خەڵکی خۆیەتی و ئەو هەڵە کوشندەیە دووبارە ناکاتەوە.

رۆژی یەکەم تیپەکەی کاپیتان سەرکەوتوو دەبن. ئەلیزابێت بەم سەرکەوتنە غەمگینەو بەردەوام دەبێت لەهاوکاری و دڵنەوایی و راگرتنی ورەی بەرزی خەڵکی ئاواییدا. هەر ئەویش سیخوڕی براکەی بۆ خەڵکەکە ئاشکرا دەکات و ئەو پەردەیش لەبەردەم براکەیدا خاپوور دەکات.

رۆژی دووهەم تیپەکەی بوڤان بەجۆرێکی دیکە یاری دەکەن، ورەیەکی دیکەو بەجۆرێک کارامەن کە هاوکات خۆشی دەخەنە دڵی خەڵکی ئاوایی. خەڵکی گوندەکە بەجۆرێکی نایاب هانی تیپەکەیان دەدەن و ترس دەخەنە دڵی کاپیتان و هاوکارانییەوە.

ئەنجام: چ ئەنجامێکی گرنگ و چاوەروانەنکراوە.. تیمەکەی بوڤان دەیبەنەوە. چ بردنەوەو چ سەرکەوتنێکی مێژوویی. سێ ساڵ بەخشین لە باج و سێ ساڵ تەواوی بەرهەمی خۆیان بۆ خۆیان. چ شادی و چ بەختەوەرییەکی گەورەیە؟

چ خێر و بێرێک روو لەو ئاوایی و لەو هەرێمە دەکات:

**سێ ساڵی بێ باج.**

بوڤان و "گەوری"ی دەستگیرانی زەماوەند دەکەن. کاپیتان رووزێل فەرمانی گواستنەوەی دەردەچێت و بەرەو ناوەندی ئافریقیا بەرێدەکەوێت. دوابەدوای ئەم رووداوانە لەپڕداو بێچاوەڕوانی، باران دەستپێدەکات. بارانێک لەمێژە نەباریوەو ئەو خاکە تامەزرۆیەتی.

ئەلیزابێت ی شۆخ و میهرەبانیش بەرەو لەندەن دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەفسوونی ئەڤینێک لەگەڵ خۆیدا دەبات، تا مردن وزەی بداتێ و هەرگیز شوونەکات.

**هونەر:**

زۆرکەس لە رەخنەگران و ئەوانەی ئەم فیلمەیان هەڵسەنگاندووە پێیانوایە، لاگان فیلمێکە سەرکەوتوو، فیلمێکە باشترین بەرهەم لە مێژووی سینەمای هیندستاندا. نەک هەر بۆ بینەری هیندستان، بەڵکو بۆ بینەری ئەورووپاییش فیلمێکە جێگەی سەرنجی تایبەت، هەر بۆیە لەفێستیڤاڵی فیلمی لۆکارنۆ-سویسرا ساڵی ٢٠٠٢ خەلاتی بینەری بۆ باشترین فیلم وەدەستخست و پاشتریش بۆ خەلاتی باشترین فیلمی بیانی بۆ فێستڤاڵی ئۆسکار پاڵێورا.

دەرهێنەری هیندستانی ئاشوتۆش گۆواریکەر (١٩٦٨) کارێکی بەرهەمهێناوە شایستەی لەیادنەکردنە. ئەو باس لە وشکەساڵی و بێهیوایی گوندی شامپنێۆی هیندستان و گوندەکانی هەرێمێکی ئەو وڵاتە دەکات. باس لەسیاساڵێکی بێرەنگ و روو دەکات، کەچی فیلمەکەی پڕە لە رەنگ و تژیە لەجوانی. ئەو ژیان و گوزەرانی خەڵکێکی بێ نان پێشانی ئێمە دەدات، خەڵکێک بێ نان و بێ باران، بەڵام بەخۆشەویستی بەهێزن و دەروونیان پڕە لە میهرەبانی.

لە فیلمی لاگاندا بەراستی سینەما دەبینین، ئەو هونەرە لەباڵاترین ئاستی چێژوەرگرتندا.

چەند تێکەڵکردنێکی جوانە کاتێک گۆرانی هیندی و ئینگلیزی، موزیکی هیندی و ئینگلیزی هاوکات و بەشێوەیەکی زۆر نایاب دەبیستین.

ئەو هەموو دەنگ، رەنگ، جلوبەرگ، سەماو ئاوازە ئاوازانە چین دەرهێنەر بەهەڤرا کۆیکردونەتەوە. ئاوازگەلی هیندی و بریتانی پێکەوە ئاوێتەیەکی ناسکی خۆشەویستی دەخەملێنن و جوانترین سازانیان لێوە هەڵدەقوڵێت.

تەماشاکردنی ئەم فیلمە، واتە ئەو دەمەی فیلم چێژی گەورە دەبەخشێت و تەواوی سەرنجمان بەرەو ئاسۆکانی خۆی دەبات.

www.netewe.com

# سەرۆکوەزیران ژنانی بێئومێد کردووە



وارڤین: نزیکەی ساڵێک بەسەر کابینەی شەشدا تێپەڕدەبێت، کەچی بەڵێنەکانی سەرۆکوەزیران و ئەو کابینەیە لەبارەی بایەخدان بەژنانەوە لەبیرکراون و جێبەجێنەکراون. پرسی ژن لەماوەی قۆناغی کابینەی شەشدا بەرەوشێکی دژوار گوزەر دەکات، چونکە زیادبوونی ڕێژەی کوشتن، سووتان و پاڵنەر بۆ خۆسووتاندن درێژەی هەیە. ئەمەش لەبواری کۆمەڵایەتییەوە بووەتە مەترسییەک بۆسەر خێزانی کورد و واتای لاوازی پلانی حکوومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە دەگەیەنێت. وەک دەزانرێت بڕیاربوو ئەنجوومەنێکی باڵای خانمان دابمەزرێت، بۆ ئەو مەبەستە لەسەرەتای کابینەوە سەرۆکوەزیران بڕیاری پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنەی دا، بەڵام خەریکە وادەی کابینە تەواو دەبێت کەچی بەڵێنەکە جێبەجێنەکراوە. لەگەڵ ئەوەی لەمێژووی هەرێمدا ژنێک پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکوەزیرانی وەرنەگرتووە، هاوکات ئەو بەڵێنەی سەرۆکوەزیرانی کابینەی شەشیش لەبارەی قەرەبووکردنەوەی ڕێژەی ژن لەکابینەکەیدا ڕایگەیاندووە وەک بەڵێنی سەر بەفری لێهات. چاوەڕوان دەکرا پلانی حکوومەت بۆ ژێرخانی ئابووری ژن ستراتیژییەتێکی درێژخایەنی هەبێت و ئەو وزەیە بخرێتە ناوەندی هێزی کارەوە، بەڵام ئەوەش جێبەجێنەکرا. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین، تەنانەت لەهیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا پلانێک بۆ بەرگرتن لەو ڕەوشە دژوارەی ئێستای پرسی ژن لەهەرێمی کوردستاندا باسی لێوەنەکراوە. گوتەبێژی حکوومەتیش هەفتەلەدوای هەفتەو مانگ لەدوای مانگ دەڵێت بەو نزیکانە ئەنجوومەنی خانمان ڕادەگەیەنرێت، بەڵام خەریکە وادەی کابینەکەی د. بەرهەم ساڵح کۆتایی دێت و مانگەکان تێدەپەڕن، کەچی ئەنجوومەنەکە ڕانەگەیەندراوەو تەنانەت ناشزانرێت ئەو ئەنجوومەنە چۆن و بەچ میکانیزمێک کار دەکات، ئەڵبەت ئەگەر ئەنجومەنێک هەبێت؟!

لەلایەکیترەوە وەک ژنانی چالاکوان ڕایدەگەیەنن ئەوان لەکابینەی شەش بێئومێدبوونە. چونکە کابینە پرسی ژنی لەئەولەویەتی کارەکانیدا دانانەوە، ئەمەش واتای ئەوەدەگەیەنێت کابینە پرسی ژنی بەتەواوی فەرامۆش کردووە. ئەگەر داتایەکی بچووک وەربگیردرێت لەماوەی یەک هەفتە لەهەرێمی کوردستان بەدەیان ژن ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوەو چەندین حاڵەتی سووتان و کوشتن دەبینرێت. ئەمە بەبەراورد لەگەڵ دووساڵی ڕابردوو دەریدەخات کە پرسی ژن لەپاشەکشەدایەو مەترسییە بۆسەر سیستەمی حوکمرانی و دیموکراسی هەرێم دروستکردووە.

جیا لەمە، دروستبوونی گرتە سێکسییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان سەریهەڵداوەو ئەمەش تائێستا نەوەک هەر حکوومەت، بەڵکو پەرلەمانی کوردستانیش خەمی بۆ نەخواردووە. ئەو پرۆژەیاسایانەی خزمەتی پرسی ژن دەکات وەک پرۆژەیاسای توندوتیژی خێزان، تائێستا لە پەرلەمان پەسەند نەکراوە.

ژن لەهەرێمی کوردستاندا شوێنێکی نییە پەنای بۆببات و بەپێی داتاکانی (وارڤین)یش چەندین نموونە لەبەردەستدایە کە ژنان لەژێر چەند هەڕەشەیکی جیدیدان.

سیستەمی شەڵتەرەکان لەقۆناغی ئێستای حکوومەت کەموکورتی زۆری تێدایەو تائێستا نەتوانراوە بەشێوەیەکی ستاندارد شەڵتەرەکان ڕێکبخرێن، ئەوەش بووەتە هۆکارێک کە بەهۆی هەڵەی دادگاو ئەو سیستەمە، چەندین ژن بکوژرێن یان کاتێ لەو شەڵتەرە هاتوونەتەدەرەوە لەبری چاکبوونیان تووشی هەڵەی جۆراوجۆرتر بوونە. بۆیە ئەگەر ڕەوشەکە وادرێژە بکێشێت ئەو نەخشەڕێیەی کە بۆ پرسی ژن لەهەرێمی کوردستان کێشراوە لەباردەچێت.



www.netewe.com

# HPUST

# زانكۆی هەولێری تایبەت بۆ زانست و تەكنۆلۆژیا

## بەشەكانی زانكۆ

★ ئەندازیاری نەوت
★ شیكردنەوەی نەخۆشیەكان
★ بەشی زانستی دارایی و بانكەكان
★ بەشی بەرێوەبردن و كارگێری
★ ئەندازیاری ژینگە
★ كۆلیژی یاسا
★ بەشی بازارگەری
★ بەشی ژمێریاری

زانكۆ دەرچووانی بەشەكانی زانستی و وێژەیی و بازرگانی وەردەگرێت

مەلبەندی سەرەكی : هەولێر / حەی عەسكەری / شەقامی نەورۆز
لقی عەنكاوە :عەنكاوە / پشت شاری یاریەكان
07700448178-07503110381-0662645661
لقي سلێماني : 07701524548 - 0533122156
لقی دهۆك : شەقامی نوهدرە : 07504591147



E-mail : info@hpust.com

www.netewe.com

# ماڵی دوبەی

بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی ناو ماڵ بە تاکو کۆ









**شوشەوات - ستیل - کریستال - جوانکاری - بەنرخێکی گونجاو**

نرخەکانمان

رکابەرە

تورکی

تایوان

تایلەندی

یابانی







ناونیشان هەولێر: شەقامی ئیمێرجنسی تەنیشت فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

تەلەفۆن 07702425265 - 07507517774 - 07504565824

www.netewe.com